# تیشک

گۆڤارێکی سیاسی ـ رۆشنبیریی گشتی یە

ژمارە: ٤٧



# تیشک

**گۆڤارێکی سیاسی ـ رۆشنبیریی گشتی یە**


**کۆمیسیۆنی پەروەردەی**

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**دەریدەکا**

**ژمارەی ٤٧**

**رپووشپەڕی ١٣٩٧ی هەتاوی**

**ژۆئەنی ٢٠١٨ی زایینی**

# تیشک

ژمارەی ٤٧

گۆڤارێکی سیاسی ـ رۆشنبیریی گشتی یە

کۆمیسیۆنی پەروەردەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەریدەکا

تایپ: راسان

مونتاژو بەرگ: سەربەست ئورمیە

گۆڤاری تیشک تەنیا لە بەرانبەر ناوەرۆکی ئەو بابەتانەدا بەرپرسیارە کە بە ناوی گۆڤاری تیشک بڵاو دەبن.

# لەم ژمارەیەدا


وتەی ژمارە ..........................................................................٥

سیاسەتی کوردستانی دەوڵەتەزلهێزەکان و پێویستی سەرمایەی کۆمەڵایەتی ناونەتەوەیی ....................................١١

ڕاسان لە بەرانبەر داگیرکەر و ڕۆڵی گرینگی حیزب وەک داینەموی ڕاسان ...................................................................... ٦٩

هێز و وزەی خەباتی نەتەوەیی ڕزگاریخواز بە پشتبەستن بە بزووتنەوەی خوێندکاری ....................................................... ٨٧

مرۆڤناسی کوردی و هزری خەباتی نەتەوەیی ڕزگاریخواز ............................................................................................ ٩٧

گۆڤاری تیشک

لەسەر ئینتیرنیت

http://www.kurdistanmedia.com/sorani/tishk

E- mail:

tishk_mag@yahoo.com

tishkmagg@gmail.com

وتەی ژمارە

# هێز و وزەی خەباتی نەتەوەیی ڕزگاریخواز

ناسرساڵحی ئەسڵ

کاتێـک بـاس لـە وزە و هێـزی خـەباتی نەتـەوەیی رزگـاریخواز دەکەین, واتا باس لە هـەموو مێتودەکانی خـەباتی رەوا و بـە تایبـەت مێتـودی خـەباتی جـەماوەری بـۆ گەیشـتن بـە ئامانجـە نەتـەوەیی و دێموکراتیکـەکان دەکـەین. کـەوابوو سـووربوون و بـەردەوامبوون لـە خەباتی رەوای بە هەموو مێتودەکانی خەباتەوە لە لایەن خـەباتگێرانی نەتەوەی کورد بۆ مافەکانی و هـەر وەها هـەڵکردنی شنەبای ویستی دێموکراسی و ئازادیخوازیی نەتەوەکان لە سەدەی ٢١دا لە ناوچەیی رۆژهـەڵاتی نیوەراسـتدا پارسـەنگی هێـزی لـە قـازانج و بەرەژەوەنـدی نەتەوەکان لەو ناوچە گۆڕیوە. چونکە لە لایەک پاش رووداوی ١١ی سێپتامبری ٢٠٠١ لـە ئامریکـا، خـەباتی رزگـاریخوازی نەتـەوەکان و بەتایبـەت نەتـەوەی کـورد بـە گشـتی پێـی نایـە قۆنـاغێکی نوێیـەوە. چونکـە ئیـدی ولاتـانی دێموکراتیـک، ئاسـتی پێوەندییـەکانی خۆیـان لەگـەڵ ولاتـانی نادێموکراتیـک و سـەرەڕۆ، زیـاتر لـە جـاران لـە سـەر رادەی پێبەنـدبوون و پاراسـتنی مافـەکانی مرۆڤـ و ئازادییـە سیاسـییە نەتەوەییـەکان و کەمایەتییـە ئایینییـەکان دادەمـەزرێنن. هـەروەها لـە لایـەکی دیکـەوە پەرەسـەندنی خـەبات بـۆ مافـە رەواکـان لـە ناوچـەی رۆژهـەڵاتی نیوەراسـتدا، بۆتـە هـۆی ئـەوە تـا نەتـەوەی کـورد لـە رۆژهـەڵاتی کوردسـتانیش لـە دەرفـەت و هەلومەرجـەکان کـەڵکی پێویسـت وەرگـرێ و خـۆی لەگـەڵ ئاڵوگۆڕەکـانی جیهـان و ناوچـەدا رێـک بخـات و بگـونجێنێ. لەمـەش گرینگتـر لـە سـەردەمی بـەجیهانیبوون و شۆڕشـی زانیـاری و ئینفۆرماتیکـدا رێژیمـە

دیکتاتۆرەکان جێگەو پێگەیان پێ لێژ بووە و ناتوانن وەک جاران بە سەرکوت و توندوتیژی، بیر و ئەندێشەی ئازادیخوازیی و مافویستی بۆ سەقامگیرکردنی دێموکراسی و ئازادی و پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی دێموکراتیک کپ بکەن .

سەرکەوتنی شۆڕش و راپەڕینی جەماوەری گەلان  لە بەشێک لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی نیوەڕاست دا  و پشتیوانیی وڵاتانی دێموکراتیک لە شۆڕشی جەماوەری گەلان، پارسەنگی هێزی لە قازانج و بەرژەوەندی نەتەوەکاندا گۆڕیوە. ئەوەش هاندەرێک بووە بۆ گەل و نەتەوە ژێردەستەکان بۆ رزگاری لە سەرەڕۆیی و گەیشتن بە سیستمێکی دێموکراتیک کە لەودا پرنسیپەکانی دێموکراسیو ئازادی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی پێڕو بکرێ.  هەر بۆیە لە ئێستای ئێراندا شێوازی خەباتی شار بە شێوەی نارەزایەتی، مانگرتنی گشتی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و خۆپیشاندان و هاتنە سەر شەقام، هێز و وزە خەباتی رزگاریخوازیی هەموو نەتەوەکانی ئێرانی بەرز کردووتەوە.  هەر بۆیە لە ئیستا دا شار چەق و ناوەندی خەباتە لە زۆربەی شارەکانی ئێراندا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پاش خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنی رووداوەکانی جیهان و ناوچەی رۆژهەڵاتی نیوەڕاست، بەو ئاکامە گەیشت کە بە لێکگرێدانی خەباتی شار و شاخ لە ئیستا دا دەتوانی هێز و وزە خەباتی رزگاریخوازی لە بەرژەوەندی ویست و خواستە رەواکانی نەتەوەی کورد  هەم بەرین تر بکاتەوە و هەم تا خەباتی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان شوێندانەرتر بێت  .

ئـەوەی لێـرەدا جێـی بـاس و تێڕامانـە مێتـۆدی خـەباتی شـار و گرینگیـدان بـە ڕۆڵ و پێگـەی بزووتنـەوە کۆمەڵایەتییـەکان و کاریگـەری و شـوێندانەری ئـەوان بـۆ خـەبات لـە ڕۆژهـەڵاتی کوردستانە. چونکە لە لایەکەوە لە ئێستا دا بە هۆی گۆڕانکاری لە سیستمی نوێی جیهانیدا و گرینگیدان بە فاکتەرەکانی مافەکانی مرۆڤ و دێموکراسی و ئازادیی سیاسی، ئازادیی تاکەکان و زۆر فاکتـەری دیکـە، ئێسـتا ئەگـەر بـە ڕواڵـەتیش بێ، وڵاتـانی دێموکراتیـک ڕۆڵـی پشـتیوانی لـە خـەباتی مـەدەنیی گـەلانی ئێـران بـە دژی دەسـەڵاتی دیکتاتوری و سەرەڕۆی کۆماری ئیسلامی ئێراندا دەگێڕن. هەر وەها لە لایەکی دیکەوە میتۆدی خەباتی شار ئەمڕۆ بە هۆی ڕاگەیەنـە گشـتییەکانەوە، وەک تۆڕەکـانی ئینتێرنێـت و سـەتەلایت توانیویـەتی ڕای گشتیی جهان بجووڵێنی. بۆیە لە خـەباتی شار دا، ئەگـەر جاران مەسـەلەی خـەباتی شـار و پێشـێلکردنی مافـەکانی مرۆڤـ لـە وڵاتـە دیکتاتۆرلێدراوەکاندا هەر وەک گوترا بـە پرسێکی نێوخـۆیی لەقەڵـەم دەدرا، ئێسـتا پرسـی خـەباتی مـەدەنی و مافـەکانی مرۆڤـ پرسـێکی هەستیاری نێونەتەوەییـە و وڵاتـانی دێمـوکرات خۆیـان لـە بەرامبـەر سـەرکوت و زەبروزەنـگ و پێشـێلکردنی مافـەکانی مرۆڤـ لـە وڵاتـانی دیکتاتۆریدا بە بەرپرس دەزانن .

بەگشتی لەگەڵ ئەوەی نەتەوەی کـورد لـە ڕۆژهـەڵاتی کوردسـتاندا بۆی هەیە لە هەر هەلومەرجێکدا شێوەی خـەباتی خـۆی دیـاری بکـا، پێویسـتە سـەرنج بدەینـە ئـەو مەسـەلە گرینگـەش کـە لـە چ هەلومەرجێکدا چ شێوە خـەباتێک شـوێندانەرتر و بەرهـەمی زیـاتری

بۆ نەتەوەی کورد لێدەکەوێتەوە، بۆیە لە لایەک  ناسینی درووستی هەلومەرج و دەرفەتەکان و هەڵسەنگاندنیان و لە پەنا ئەوەش دەستنیشانکردنی شێوەی خەباتی گونجاو لەگەڵ ئەو هەلومەرجانە و کەڵک وەرگرتن لە هێز و وزە شار و ڕێکخراوە مەدەنییەکان و کەسایەتی و نوخبەکانی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دەتوانێ یارمەتیدەر بێ بۆ چوونەپێشی ڕەوتی خەبات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا تا بە باشترین شێوە کەڵکی پێویست لە وزە و هێزی خەباتی نەتەوەیی ڕزگاریخواز وەرگرین.

# سیاسەتی کوردستانی دەوڵەتەزلهێزەکان
# و
# پێویستی سەرمایەی کۆمەڵایەتی

مەجید حەقی

**سەرەتا:**

کورد لە چەند بڕگەدا لەلایەن کۆمەڵگای نێونەتەوەییەوە بەتەنیا بەجێ هێڵراوە و بە قەوڵی کوردی خۆمان خیانەتی لێکراوە. لە دابەشبوونی دەوڵەتی عوسمانی و دامەزراندنی دەوڵەتانی تازە لەدایکبووی وەک سووریا وعێراقەوە بگرە، تا کۆماری کوردستان، دەیەی ١٩٩٠، کارەساتی دوای ڕیفراندۆمی باشووری کوردستان و سەرئەنجام داگیرکرانی عەفرین لەلایەن دەوڵەتی تورکیاوە.

لە کاتێکدا کە کورد لانی کەم لە ماوەی ٢٥ ساڵی ڕابردوودا لە کێشەوە بووتە پارتنێرێکی ڕۆژئاوایی و بەرژەوەندییەکانی زلهێزەکان، لە کاتێکدا کە زۆرترین شەڕ و فیداکاری لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ڕۆژئاوا و ڕووسیادا دژی داعش لە خۆی نیشان داوە و بە نوێنەرایەتی هەموو مرۆڤایەتی جەنگیوە، بۆچی لە دوایین قۆناغەکاندا بووە قوربانی بەرژەوەندی دەوڵەتانی زلهێز و بەتەنیا بەجێ ماوە؟ بەرژەوەندی و ئەمنیەتی نەتەوەیی خەڵکی کوردستان چۆن شی دەکرێتەوە؟ داخوا کورد خاوەنی بەرژەوەندی نەتەوایەتیە؟ داخوا ئێمە لە پێوەندییە نێونەتەوایەتییەکاندا خاوەنی "سەرمایەی کۆمەڵایەتی نێونەتەوەیین"؟ مەبەست لە سەرمایەی کۆمەڵایەتی نێونەتەوەیی بۆ نەتەوەیەکی بێدەوڵەت چیە؟

ئەمریکا و ڕووسیا و هێزەکانی دیکەی دەرەوە بە پێی بەرژەوەندییەکانی خۆیان پێوەندییەکانی خۆیان لەگەڵ بزاڤی کورد

ڕێــک دەخەن، بــۆیە ڕۆژهەڵاتــی کوردســـتانیش دەبــێ بەدوای پێوەنــدیەکی هاوچەشــندا بێــت. جــۆڵانەوەی کــورد لە ڕۆژهەڵاتــی کوردســتان نـابێ چیـدیکە بە هـۆی پاراسـتنی بەرژەوەنـدی بەشـێکی دیکەی کوردستان "خۆی سنووردار"بکات و چالاکییەکانی خـۆی لە چوارچێوەی بەرژەوەنـدی درێژخـایەنی ڕۆژهەڵاتـی کوردستاندا ڕێـک نەخات. لە کۆنگرەی نۆهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانـدا خەبــــات لە دەرەوەی وڵات و نێوخـــــۆی وڵات وەک دوو بـــــاڵی باڵنـدەیەک کە یەکیـان بە بێ ئەوی دیکە نـاتەواوە وێنـا کـراوە. ئەم دەربڕینە ستراتێژیکە لە هەلومەرجی ئەمڕۆدا گرینگیەکی مێژوویی و ستراتێژیکی هەیە، کە پێویستە بۆ بەهێزکردنی خەباتی نەتەوایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەرەنجی تـایبەتی پـێ بـدرێت. بە مەبەستی بەئاکـام گەیشـتنێکی چـاک لەو نووسـراوەیەدا لە درێـژەی باسـەکەدا ســـەرەنج دەخـــرێتە ســـەر پێویســـتی بەهێـــز کردنـــی "ســـەرمایەی کۆمەڵایەتی نێونەتەوەیی" و ڕۆڵی دیاسپۆرای کـورد لە بەهێزکـردن و بەرەوپـــێش بردنـــی خەبـــاتی ڕزگـــاریخوازانەی ڕۆژهەڵات شـــی دەکرێتەوە.

## کۆمەڵگا تێکشکاوەکان:

کۆمەڵگـا تێکشـکاوەکان زاراوەیەکە کە بـۆ ئەو کۆمەڵگایـانە بەکـار دەبردرێت کە بەهۆی شەڕ یان کێشەکانی قوولی نێوخـۆییەوە توانـای بەڕێـوەبەری خۆیـان نیـیە و نـاتوانن دەسـەڵات لە وڵاتـی خۆیـان مسـۆگەر بـکەن و لە رکەبەریەکـانی سیاسـیدا زۆرتـر لە بەرامـبەر

یەکتـــر ڕادەوەســـتن و دوژمنـــایەتی یەکتـــر دەکەن و تەنـــانەت بۆسەرکەوتن لەسەر یەکتر پەنا دەبەنە بێگانە.

لە کۆمەڵگـــا تێکشـــکاوەکاندا کە خـــاوەن دەوڵەت نـــین، لەو کۆمەڵگایانەدا حیزبەکان خاوەنی دەسەڵاتی ڕاستەخۆ لە سەر خەڵک نین و زۆرجار بۆ چارەسەری کێشەکانیان پەنا دەبەنە بەر توندوتیژی سیاسی، کولتووری و تەنانەت چەکداریش، جیا لەوە خودی حیزب و ڕێکخراوەکان لەسەر چەندین گرووپ و دەستە دابەش دەبن و کە هەرکامیان خۆیان بە خاوەنی سەرەکی حیزبەکان دەزانن و مێژووی هاوبەش، بایەخ و دروشمی هاوبەش دەبێتە یەکێک لە خاڵەکانی جێـی نـاکۆکی و قووڵبـوونەوەی کێشـەکانی خۆیـان. بەوە بەرەبەرە کەشـێک پێـک دێـت کە ئاسـۆی سـەرکەوتن و پێکەوەبـوون لێڵتـر دەبێـــت و حیزبەکـــان هـــیچ کـــۆنترۆڵ و دەســـەڵاتێکیان بەســـەر بەڕێوەبردنی ئەرکەکانی خۆیان نامێنێت و هەستی هاوبەش و خەونی هاوبەشی ئەندامانی کۆمەڵگا لەو ڕێگایەدا تووشی شکست دەبێت .

لە کۆمەڵگا تێکشکاوەکاندا بە هۆی ئەوەی کە بنەمای ڕێکخراوەیـی لاوازە، ناوچەگەرایی و ناسنامە گەڕەکی و ناوچەییەکان دەبنە هـۆی دژایەتـی لەگەڵ بزاڤـی سەرانسـەری و بـۆ لاوازکـردن و لەنـاوبردنی بـزاڤ پەنـا دەبـرێتە بەر دەوڵەتـانی داگیرکـار. داوای هاوکـاری لە دەوڵەتـــانی دەوروبەر کە هەمـوویـــان داگیرکـــاری کوردســـتان و لە کەمینی زیانگەیاندن بە بزاڤی نەتەوایەتیدان بە شێوازی جۆراوجۆر و خێرا جێبەجێ دەکرێت و بەو شێوەیە بزاڤی نەتەوایەتی لە تەواویەتی خۆیـدا لاواز دەبێـت و هێـزی ڕێـبەری کردنـی کۆمەڵگـا لە دەسـت

دەدات. هەرچی ئاستی کێشەکانی نێوخۆیی کۆمەلگا تێکشکاوەکان زیاتر و قووڵتر بێت بە هەمان ڕادە زەمینە بۆ دەستتێوەردان لە کاروباری نێوخۆیی هێزە سیاسییەکان لە لایەن داگیرکەران و نەیارانی بزاڤی نەتەوایەتیدا لەبارتر دەبێت.

تێکشکاوی کۆمەڵگایەک دەبێتە هۆی ئەوەی کە بەرادەیەکی دەست لەکاروباری نێوخۆیی کۆمەڵگا لە ڕێگای حیزب، ڕێکخراوە سیاسی و "مەدەنییەکان" و کەسایەتییەکانەوە بدەن و بە قووڵکردنەوەی کێشەکان، کۆمەڵگا بەرەو ئاقاری تێکشکان و لێکدابڕان دەڕوات. هەرچی ماوەی دەست لەکاروباری نێوخۆیی حیزبەکان و ڕێکخراوەکان لەلایەن بێگانەکان و لایەنەکانی دیکەی پێوەندیدار زیاتر بێت، کۆمەڵگا تووشی پشێوی زۆرتر و ناهومێدی زیاتر دەبێت. لە ڕاستیدا کاتێک بزاڤێکی نەتەوایەتی بە هۆی کێشەکانی نێوخۆییەوە تووشی دابڕان دەبێت و هەلی دەستتێوەردانی دەرەکی بۆ نێوخۆ دەخولقێنێت، زەمینەی لەناوچوونی خۆی و سەرهەڵدانی بیروایی؟؟؟؟ کۆمەڵایەتی پێک دینێت. لێرەدا ڕەکەبەری دژبەرانی بزاڤی نەتەوایەتی بێترس هەوڵی قووڵکردنەوەی کێشەکان دەدەن و لایەنەکان بەرەو شەڕی نێوخۆیی و لێکترازانی یەکجاری ڕێبەری دەکەن و تەنانەت دەبنە هۆی ئەوەی کە شەڕی "نیابەتی" بکەن. نموونەی ئەو جۆرە کێشانە دەتوانین لە پێوەندی لەگەڵ لێکترازانی حیزبی دیموکرات لە کۆنگرەی هەشتەم، کۆنگرەی سێزدە و ئاسەوارەکانی دوای ئەو، کێشەکانی نێوخۆیی یەکیەتی و هەوڵی کۆماری ئیسلامی بۆ 'چارەسەرکردنی ئەو کێشانە"، دژایەتی

نێوان پارتی دێموکراتی کوردستان و پارتی کرێکارانی کوردستان کە یەکیان لە ژێر نفووزی تورکیا و ئەوی دیکەیان لە ژێر نفووزی ڕاستەوخۆی ئێران و ڕێژێمی ئەسەدە. پشتیوانی دەوڵەتانی بێگانە لە "نوێنەران" و "دۆستانی" خۆیان دەبێتە هۆی تێکچوونی پارەسەنگی هێز و بەوەش شیرازەی کۆمەڵگا بەرەو تێکچوون دەڕوات.

بزاڤێکی یەکگرتوو ناتوانێت بکەوێتە ژێر نفووز و کارکردی دەسەڵاتدارانی بێگانە و داگیرکەر. بۆ ئەوەی دەوڵەتان بتوانن کێشەکان قووڵ کەن بە نیشاندانی لایەنگری لە لایەنێک هەوڵ دەدەن وێرای پێوەندی گرتن، ئەو هێزانە لەبەرامبەر هێزەکانی ڕکەبەر بەهێزتر بکەن و بەوە کۆمەڵگای سیاسی بەشێوەیەکی هەمیشەیی تێک بشکێنن. بەواتایەکی دیکە هەرچی حیزب و ڕێکخراوەکانی کوردستانی زیاتر لێکترازراو بن، هەرچی کێشەکانیان زیاتر بێت و سەرەنجی حیزبەکان لەسەر قووڵترکردنی کێشەکان و جیاوازییەکانیان بێت، بەو ڕادەیە ئەو حیزبانە سیستەمی دروستی کاری حیزبی و بەڕێوەبەری سیستماتیک لەدەست دەدەن و دەبنە مەیدانی دەستتێوەردانی دەرەکی.

لە درێژەی ئەو باسەدا نیشان دەدرێت چۆن ئەو لێکترازان و تێکشکاوی کۆمەڵگای سیاسی کوردستانی بووتە هۆی ئەوەی کورد نەبێتە هاوبەرژەوەندیەکی جێی بڕوای وڵاتانی دەسەڵاتداری جیهان.

**پرسی کورد لە کێشەوە بۆ کایەکەری ناوچەیی:**

پرسی کورد بە درێژایی مێژووی مۆدێرنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لێگەریکی گەورە بووە بەرامبەر بە دەسەڵات و داگیرکراوی وڵاتانی ئێران، تورکیە، عێراق و سووریە. ئەم لێگەر و هێزە گۆڕانیخوازە کە خوازیاری تێکشاندنی دەسەڵاتی ناوەندی و لانی کەم دابەشکردنی دەسەڵات لە ناوەندەوە بۆ ناوچە نەتەوەییەکان بووە، پێشووتر پێوەندی ڕاستەوخۆی بە بەرژەوەندی وڵاتانی زلهێزەوە نەبووە و زۆرتر سەرئێشەی بەرژەوەندییەکانیان بووە تا وەدیهێنەری بەرژەوەندییەکان. بۆیە پرسی کورد لە هەرکام لە وڵاتان بە پێی ئاستی پێوەندی دەوڵەتانی دەسەڵاتدار لە سەر کوردستان لەگەڵ جیهانی دەرەوە چاو لێکراوە، جگە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە نەیتوانیوە بەشێوەی فاکتەرەکی سەربەخۆی نەتەوایەتی سەرمایەی کۆمەڵایەتی نێونەتەوەیی بۆ ئەو بەشەی کوردستان وەدی بێنێت.

دوای ڕووداوەکانی دەیەی ١٩٩٠ لە باشووری کوردستان، ئازادی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ و ڕووداوەکانی ساڵەکانی ئەو ساڵانەی دوایی لە سووریە و تورکیە کورد ئیتر تەنیا "کێشە" نییە، بەڵکوو یەکێک لە کایەکارانی سیاسی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوینە، کە دەتوانێت ببێتە هۆی لێگەر و دەرفەت بۆ دەوڵەتانی زلهێزی جیهان و دەوڵەتە ناوچەییەکان.

باشووری کوردستان لە دەیەی ١٩٩٠ تا ٢٠٠٣ خاوەنی خۆبەڕێوەبەریەکی نیمچە سەربەخۆ بەڵام لاواز بوون و دواتر لە ساڵی ٢٠٠٥ بە پێی دستووری نوێی عێراق بوون بە ناوچەیەک لە

دەوڵەتــی فیــدراڵی عێــراق، کە لەلایەن جیهــانەوە لەوانە ئێــران و تورکیـەوە بە فەرمـی دانـی پێـدانرا. لە دەیەی نەوەد ئێران و تورکیـە نەیاندەتوانی ناوچەی خودموختاری باشووری کوردستان قبووڵ بکەن و پەیتـا پەیتـا هەرەشـەیان لەسـەر ئەوبەشـەی کوردسـتان دەکـرد. هەرێمــی کوردســتان ئەمــڕۆ بــووەتە ناوەنــدێکی چــالاکی کۆمپانیـا نێونەتەوەییەکــان بە تــایبەت لە بــواری نەوت و گــاز و جــگە لە نــوێنەرایەتی دەیــان کۆمپانیــای بازرگــانی نــوێنەرایەتی و کۆنســوڵی چەنـدین وڵاتـی جیهـان لەوێ کـراونەتەوە. سـەرەڕای ئەزمـوونی تـاڵی شـانزدەی ئۆکتـۆبری ٢٠١٧، هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتان وەک یەکێــک لە هاوپەیمانەکــانی ســەرەکی ئەمریکــا دژی هێزەکــانی تیرۆریستی داعش و لێگەرێکی جیددی لەبەرامبەر ئەرتەشی عێراقدا و زامنــی ســەرەکی پاراســتنی دەســەڵاتی خــۆجێی لە هەرێمــی کوردستاندایە.

باکووری کوردستان کە سەردەمێک ناوی کورد و زمانی کوردی تێدا قەدەغە بوو و خەڵکی کورد نەیدەتوانی جگە لە ناو ماڵی خـۆی بە زمانی زگماکی خۆی قسە بکات، لە ئەنجامی خەباتی چەکداری پــارتی کرێکــارانی کوردســتان و خەبــاتی ڕۆشــنبیری و مەدەنــی ڕێکخراوەکــانی پێوەندیــدار بە پــارتی کریکــارانی کوردســـتان و ڕێکخراوەکانی دیکە، دیمەنی سیاسی وڵاتی تورکیە بە تەواوی تووشی گۆڕان بوو. خەباتی چەکداری PKK کە لەساڵی ١٩٨٤ەوە دەست پێ بووە، توانیویەتی زیانی کوشەندە بە تورکیەی ئەندامی ناتۆ بگەیەنێت و لە ئەنجامـدا تورکیـە ناچـار بێـت بکەوێـتە گفتگـۆی ئاشـتی لەگەڵ

پـارتی کرێکـارانی کوردسـتان، ئەمە سـەرەڕای ئەوەیە، کە بەڕێـز عەبدوڵڵا ئۆجەلان وەک بارمتە لە دەستی تورکیەدا بۆ گوشار خستنە سـەر خەڵکـی کوردسـتان بەکـار دەهێنـدرێت سـەرەڕای ئەوەی کە ئاکامی گفتگۆکانی ئاشتی نێوان PKK بە شکست گەیشت و ئاوری شـەر لە جـاران بەرفراوانتـر دەسـت پێبـووە و تورکیـە بێبەزەیـانە خەریکی وێران کردنی کوردستانە، بەو حاڵەش تورکیا ئەوە چاک دەزانێت کە قورسایی و ئاستی کارگێری PKK بەهێزتر لە ساڵانی ڕابردووە و چالاکییەکانی ئەو حیزبە هەموو ڕەهەندەکانی کۆمەڵایەتی بەخـۆیەوە دەگرێت. بـۆ یەکەمجـار لە سـاڵی ٢٠١٤دا سـەلاحەدین دەمیرتـاش، کە بە ئۆبامـای کوردسـتان دەناسـرێت، بـوو ڕکەبەری ئەردۆغان بۆ هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماری. وتەی دەمیرتاش بـۆ ئەردۆغان کە: "تۆ ناکەین بە سەرۆک"، دەسـەڵاتی تورکیـەی تووشی لەرزەیەکی وای کرد کە دوای دەسەڵاتی نوێی خۆی، هەمـوو هەوڵـی دا بۆ لەناوبردن و پەراویز خستنی مەترسی دەمیرتـاش. حیزبی ژێـر ڕێبەری دەمیرتاش HDP لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی تورکیـە ٧ی ژوئەنـی ٢٠١٥دا تـوانی ٨٠ کورسـی لە ٥٥٠ کورسـی پەرلەمـان بەدەست بێنێت. هەرچەنـد بە دوای دەسپێکی شـەڕی دژی خەڵکـی کوردسـتان وهێرشـە تیرۆریسـتییەکان دژی HDP کە مەزەنـدە دەکرێـت لە لایەن حیزبـی ئەردۆغـانەوە داڕێژرابێـت و هەڵە سـتراتێژیکییەکانی PKK دوای هەڵبژاردنەکـانی ٧ی ژوئەن بـوو بە هـۆی لەدەستدانی ژمـارەی کورسیەکانی HDP لە هەڵبژاردنـی ١ی نۆڤـامبری ٢٠١٥، بەو حـاڵەش قورسـایی کـورد و پرسـی کـورد لە

هەموو بڕیارە سیاسییەکانی دەوڵەتی تورکیە و هەڵوێستەکانی ئەو دەوڵەتە دەبینـدرێت. دواى شـانۆى کۆدیتـاى جـوولاى ٢٠١٧ لە تورکیـە، دەوڵەتـی ئەو وڵاتە بە شـێوەیەکی جیـددیتر و بەرفراوانتـر کەوتە دژایەتی لەگەڵ نەتەوەى کورد. لە ئاکامدا چەندین شارەوانی و جێگرانـی شـارەوانییەکان، پەرلەمانتێرەکـانی HDP و لەسـەرووی هەموویـان سـەلاحەدین دەمیرتـاش ڕێـبەری HDP بەنـدیخانەی درێژخایەنیـان بەسـەردا سـەپاوە. ئەم کـردەوانە لە جێـی خۆیـدا بـۆ دەوڵەتـی تورکیـا زۆر گـران تەواو بـووە و تورکیـە ڕۆژ بە ڕۆژ ڕادەی دۆستانی خـۆی لە دەسـت دەدات و کـورد دەبێـتە خـاوەن پشـتیوانی جیهانی.

لە ڕۆژئـاواش دواى سـەرهەڵدانی خەڵکی سـووریە دژی دەسـەڵاتی ئەو وڵاتە، حیزبـی یەکیەتـی دیموکراتیـک (PYD) لە هـاوینی سـاڵی ٢٠١٢ لە پەیمـانێکی نەنووسـراو لەگەڵ ڕێژێمـی بەشـار ئەسـەد، دەسەڵاتی هەرێمی حەسەکەی ۆۆژئاوای بەدەستەوە گـرت و دوای پەیـدابوونی داعـش و بەرگـری قارەمانـانەی هێـزە کوردییـەکان لە شاری کۆبانێ و قارەمـانێتی کـوردانی ڕۆژئـاوا لە شـەڕی دژی داعـش لە بەشـەکانی دیـکەی سـووریە بـوو بە هـۆی ئەوەی کە ڕۆژئـاوای کوردسـتان لە نـاوچەیەکی لەبیرکـراوەوە ببێـتە کـایەکەرێکی جێـی سـەرنجی نـاوچە. بەرەبەرە ڕۆژئـاوای کوردسـتان لە لایەن هێزەکـانی ئاسـمانی و راوێژکـارانی سـەربازی ئەمریکـاییەوە پشـتیوانی لێکـرا. دەوڵەتی ئەمریکا کوردکان لە ڕۆژئاوای کوردستان بە کارامەترین و جێی بڕواترین هاوپەیمانانی خۆیان لە شەڕی دژی داعش لە سووریە

ناو بردووە. پرسی پشتیوانی ئەمریکا لە ڕۆژئاوای کوردستان و تا ماوەیەکیش پشتیوانی ڕووسیە لە کانتۆنەکانی ڕۆژئاوا یەکێک لە هۆیەکانی قووڵبوونی زیاتری کێشەکانی نێوان تورکیە و ڕۆژئاوا بەتایبەت ئەمریکایە.

## کورتەمێژووی پێوەندییەکانی ئەمریکا و ڕووسیە لەگەڵ خەڵکی کوردستان

بۆ تێگەیشتن لە سیاسەتی "کوردی" وڵاتانی زلهێز بەتایبەت ئەمریکا، رووسیە، بریتانیا و فەرانسە، لەم بەشەدا کورتەمێژوویەکی پێوەندی ئەو دوو وڵاتە لە پێوەندی لەگەڵ کوردستان باس دەکرێت:

## پێوەندییەکانی بریتانیا و کوردستان:

بریتانیا لە سەدەی سێزدەهەمەوە، لە سەردەمی ئەرغەوان شای نەوەی هۆلاکۆخان جێی پێیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ڕێگای پێوەندی بە پادشای ئێران کە لەبەرامبەر دەوڵەتی عوسمانی و پرتقاڵ وەک ڕکەبەری سەرەکی بریتانیای مەزن لە کەنداو دەسەڵاتداری هەبوو، جێی پێی خۆی کردەوە. لە سەرەتای سەدەی هەفدەهەمەوە بە ناردنی میسۆنێر بۆ شوێنە جۆراوجۆرەکانی کوردستان وێرای هەوڵی فێربوون لە دابونەریتی کوردەواری بۆ ئەوەی کەڵک لە هەڵسوکەوتی کوردەکان وەرگرێت بە ئامانجی بردنەپێشی سیاسەتەکانی خۆی. ڕەنگە گەورەترین شوێندانەری

بریتانیا لەسەر کورد، واژۆکردنی پەیمانی سایکسپیکۆبوو و دواتر پەیمانی "سێڤر" بوو بە هۆی دابەشکردنی کوردستان بەسەر سێ وڵاتی تازە لەدایکبووی عێراق، سووریە و تورکیە و بەدوای ئەودا هاوکاری دەسەڵاتی ناوەندی عێراق بۆ سەرکوتی نەتەوەی کورد. لە ماوەی شۆرشی کوردستاندا بریتانیا کەم تا زۆر لایەنگری دەوڵەتی ناوەندی عێراق بووە و ڕۆڵی سەرەکی هەبوو لە هاوکاری ئێران بۆ لەناو بردنی کۆماری کوردستان. ئەمە سەرەڕای ئەوە بووە کە میسیۆنێرەکانی بریتانیا لە کوردستاندا وێرای کاری پەیامگەیاندنی ئایینی خەریکی کۆکردنەوەی زانیاری و ناسینی نەتەوەی کورد و نیشتمانی کوردستان بوون بۆ پرۆژەی داهاتووی کۆلۆنیالیستی خۆیان. یەکێک لە پەیمانە شوێندانەرەکان لەسەر کوردستان پەیمانی "مفصل" لەگەڵ ئێران بوو کە لە ١٨١٢/٣/٤دا بەسترا. بەپێی ئەو پەیمانە دوانزدە مادەییە، هەرکات دەوڵەتی ئێران لە لایەن هێزە دەرەکییەکانەوە کەوتە مەترسی، دەوڵەتی بریتانیا یارمەتی ئێران دەدات. بە هۆی ئەو پەیمانەوە بریتانیا چەک و چۆلێکی زۆری پێشکەشی دەسەڵاتی ئێرانی کرد و بەدوای ئەودا بە هۆی پەیمانی "دارسی" لەگەڵ ئێران لە ساڵی ١٩٠١ هەموو ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو بە مەیدانی بریتانیا بۆ گەڕان بەدوای نەوت و ناردنی مسیۆنێر و کاربەدەستانی جۆراوجۆری خۆی. دواتر بە هۆی پەیمانی "سێینت پیترزبۆرگ" لە ٣٠ ئووتی ١٩٠٧ وشکارۆی (فلات) ئێران بەسەر سێ بەشی ڕۆژهەڵات، باکوور و ڕۆژئاوا دابەشکرا. بەشی باکوور کە هەموو ڕۆژهەڵاتی کوردستانی لەخۆ دەگرت، بوو بە

ناوچەی ژێر نفووزی رووسیە و رووسیە لەهەمانساڵدا هێزەکانی خۆی بەرەو ڕۆژهەڵاتی کوردستان نارد.

بریتانیا لە دوای شەڕی دووەمی جیهانی بەتایبەت لە ئێران و عێراق زۆرترین پشتیوانی دەوڵەتانی دەسەڵاتدار بووە و بەتایبەت لە کۆماری کوردستاندا ڕۆڵی سەرەکی هەبووە بۆ کشانەوەی یەکیەتی سۆڤیەت لە کوردستان و ئازەربایجان. لە باشووری کوردستانیش لە سەرکوتی شۆرشی شێخ مەحموودەوە بگرە تا هاوکاریەکانی ئەو وڵاتە لەگەڵ ڕێژیمی سەدام بەرلە شەڕی کەنداو هەموو دژی بزاڤی کورد بووە. دوای شەڕی کەنداو و لەمەترسی کەوتنی بەرژەوەندییەکانی بریتانیا لە لایەن سەددامەوە و بە پێکهێنانی هێڵی دژەفرین بە هاوکاری ئەمریکا بەشداری چالاکانەی هەبووە لە پرسی سیاسی کوردستان. لەو ماوەیەدا تا کاتی ڕووخانی ڕێژیمی سەدام بریتانیا لە ڕێگای کۆنسوڵگەری لە باشووری کوردستان و بەشداری چالاکانە لە دارشتنەوەی سیستەمی سیاسی عێراق وێڕای ئەمریکا ڕۆڵێکی کاریگەریان لە سیستەمی سیاسی ئەو وڵاتەدا گێڕاوە. لە شەڕی دژی هێزە تیرۆریستییەکانی داعش کاربەدەستانی بریتانیایی لە ئاستی وەزیر و ڕاوێژکاری لەشکەری زوو زوو سەردانی باشووری کوردستانیان دەکرد تا ڕۆژی گشتپرسی ٢٥,٩,٢٠١٧ بریتانیا کە بۆخۆی ساڵێک لەمەوبەر لە گشتپرسییەکدا بڕیاری جیابوونەوەی لە یەکیەتی ئورووپا دابوو و دژی سەربەخۆیی سکۆتلاند بوو، ڕاشکاوانەتر لە هەموو وڵاتانی یەکیەتی ئورووپا دژی سەربەخۆیی باشووری کوردستان بوو و یەکێک لەو هێزە نێونەتەوەیانە بوو کە

پاشەکشـەی بە پێشـمەرگە هێنـا لە کەرکـووک و نـاوچە کێشـە لەسەرەکانی باشووری کوردستان.

### فەرانسە و کوردستان:

فەرانسـە لە سـەدەی ناوەڕاسـتەوە پێوەنـدی لەگەڵ ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت و لەوانە دەوڵەتـە دەسـەڵاتدارەکان بەسـەر کوردسـتانەوە هەبووە. دوای پەیمانی سایکسپیکۆبوو فەرانسە لە ڕێگای پێوەندی بە سووریەوە پێوەندی بە پرسی کوردەوە هەبووە. یەکەم ئەنیستیتووی کوردی لە پاریسی پایتەختی ئەو وڵاتە کراوەتەوە. یەکەم کۆنفرانسی نێونەتەوەیی لە پێوەندی لەگەڵ پرسی کورد لە ساڵی ١٩٨٩ بەناوی کۆنفرانسی قاسملوو لە فەرانسە پێک هات. لە دوای کۆرەوی ساڵی ١٩٩١ی باشـووری کوردسـتان دەوڵەتـی فەرانسـە و بەتـایبەت سـەرۆککۆمارەکانی ئەو وڵاتە پێوەنـدیەکی چڕیـان بە باشـووری کوردستانەوە هەبووە و سەرۆک کۆماری ئەو وڵاتە زیاتر لە سەرانی هەموو وڵاتانی جیهان سەردانی باشووریان کردووە. فەرانسە لە دوای شەڕی کەنداودا چالاکانەتر لە وڵاتانی دیکە پشتیوانی لە پرسی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان کردووە و پاریس وەک پایتەختی دیپلۆماسی کوردستان سەیر دەکرێت. لە کاتی شەڕی نێوخۆیی کوردسـتاندا، فەرانسـە یەکەم وڵات بـوو کە هەوڵـی زۆری دا بـۆ کۆتایی هێنان بە براکوژی. بەرلەوە پزیشکە بێسنوورەکانی فەرانسە رۆڵێکی کاریگەریان لە خزمەت بۆ پێشمەرگە و خەڵکی سیقیل لە شـەڕی ڕزگـاریخوازانەی دژی نەیـارانی هەبـوو. لە دامەزرانـدنی

حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش فەرانسە لە یەکەم وڵاتان بوو کە کۆنسۆلگەری لە هەولێر کردەوە و وێڕای دامەزراندنی ئەنیستیتۆ و ناوەندی فێرکردنی کولتووری لە ژیانی ئابووری و سیاسی باشووری کوردستاندا چالاکانە بەشدار بووە. دوای گشتپرسی بۆ سەربەخۆیی کوردستان، فەرانسە یەکەم وڵات بوو کە هەوڵێکی جیددی دا بۆ ئاسایی کردنەوەی پێوەندییەکانی باشوور و حکوومەتی عێراق. بێرنارد کۆشنێر وەزیری دەرەوەی پێشووی فەرانسە لە سەروبەندی گشتپرسی باشووری کوردستان لە وتووێژێکدا دەڵێت: "هەمووکەس لە کوردەکان کەڵک وەردەگرن، بەڵام دژی سەربەخۆیی ئەوانن". لە ئاست وڵاتانی زلهێزی جیهان، کەمتر سیاسی و بڕیاربەدەستی ڕۆژئاوایی هەبووە کە بەڕادەی فەرانسەییەکان پشتیوانی لە دۆزی کورد بکەن. ئەمەش دەگەڕێتەوە سەر سەرمایەی کۆمەڵایەتی بەدەستهاتوو لەو وڵاتە بۆ کورد کە بناغەدانەری دکتۆر قاسملوو بووە.

**وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و کوردەکان:**

ئەمریکا وەک گەورەترین زلهێزی جیهان شوێندانەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر پرسی کورد. جۆری هەڵوێستی ئەمریکا لە پێوەندی لەگەڵ پرسی کورد لە قۆناغی شەڕی سارد و دوای کۆتایی هاتن بە شەڕی سارد گۆڕانی بەسەردا هاتووە و جیاوازە. ئەمریکا لە سەردەمی شەڕی سارد لایەنگری وڵاتانی دەسەڵاتدار بەسەر کوردستان بووە و لە پێوەندی لەگەڵ پرسی کورد بێ هەڵوێست و

بێ "تەفاوت" بووە، بەڵام دوای کۆتایی شەڕی سارد سەرەنجێکی تایبەتی داوەتە پرسی کورد.

**سەردەمی شەڕی سارد:**

دوای کۆتایی هاتنی شەڕی دووەمی جیهانی وڵاتە جۆراوجۆرەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە شێوەیەک لە شێوەکاندا لە زلهێزەکانی دوای شەڕی جیهانی نزیک بوونەوە. ئێران، تورکیە و عێراق (تا ساڵی ١٩٥٨) سێ وڵاتی دەسەڵاتدار بەسەر کوردستان سەربە بلۆکی ڕۆژئاوا بوون. سووریەش کە بەهۆی بوونی کۆدیتا لە دوایەکەکان لایەنگری سیاسی گۆڕانی بەسەردا دەهات، دوای بەدەسەڵات گەیشتنی حیزبی بەعس بەرەو یەکیەتی سۆڤیەت سووڕایەوە. دوای ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان لە ساڵی ١٩٤٦ وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بە پشتیوانی کردن لە دەسەڵاتی ناوەندی ئێران لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە هاوکاری بریتانیا زەختێکی زۆریان خستە سەر یەکیەتی سۆڤیەت بۆ پاشەکشە لە ئێران و وازهێنان لە پشتیوانی لە کۆماری کوردستان و حکوومەتی میللی ئازەربایجان.

لە پێوەندی لەگەڵ باکووری کوردستان، بەهۆی ئەندامەتی تورکیە لە پەیمانی ناتۆ، ئەمریکا بە شێوەی گشتی پشتیوانی لە "یەکیەتی خاکی" تورکیەی کردووە و بە هۆی ئەوەی هێزە کوردستانییەکانی باکووری کوردستان بەگشتی چەپ و مارکسیستی بوون، ئەمریکا نەتەنیا پشتیوانیانی لێ نەکردووە بەڵکوو لە سەرکوتی ئەواندا

هاوکاری تورکیە بووە. بەدامەزراندنی پارتی کرێکارانی کوردستان لە دەیەی ١٩٧٠دا کە لە سەرەتادا هێزێکی چەپی و مارکیستی بوو، پێوەندی ئەمریکا و تورکیا بۆ بەرگری لە نفووزی کمۆنیزم چڕتر بوو، دەستی تورکیە لە سەرکوتی خەڵکی کورد ئاواڵە کرا. لە پێوەندی لەگەڵ باشووری کوردستانیش تەنیا هاوکاری ئەمریکا بۆ کوردەکان هاوکارییە سنووردارکان بووە لە رێگای ئێرانەوە بەرلە دەیەی ١٩٧٠ . دوای واژۆکردنی پەیمانی ئەلجەزیرە لە نێوان ئێران و عێراقدا، هەموو هاوکارییەکانی ئەمریکا بۆ کورد کۆتاییان پێهات. لە پێوەندی لەگەڵ ڕۆژئاوای کوردستان ئەمریکای سەردەمی شەڕی سارد هیچ هەڵویستی نەبووە بە هۆی ئەوەی کە یەکەم: ڕۆژئاوای کوردستان خاوەنی ڕێکخراوی سیاسی بەهێز و یەکگرتووی خۆی نەبووە و هەروەها سووریە بە هۆی ئەوەی کە سەر بە بلۆکی ڕۆژهەڵات بوو پێوەندیەکی ئەوتۆی بە ئەمریکاوە نەبووە.

**قۆناغی دوای کۆتایی هاتنی شەڕی سارد:**

لە سەردەمی شەڕی سارد جۆلانەوەی کورد لە هەموو بەشەکانی خۆیدا بە هۆی باوەڕی چەپ و لایەنگری لە دادپەروەری جۆری سۆسیالیستیەوە و بەهۆی دروشمی سۆڤیەت بۆ پشتیوانی لە دیاریکردنی مافی چارەنووس، یەکیەتی سۆڤیەتی وەک دۆستی ستراتێژی خۆی دەبینی. بەڵام دوای کۆتایی هاتنی شەڕی سارد و ڕووخانی یەکیەتی سۆڤیەتی و بلۆکی سۆسیالیستی، ئەمریکا بۆ جۆڵانەوەی کورد دۆستێکی چاکتر دەهاتە بەرچاو. لەو سەردەمەی

کە هەمــوو هێزەکوردســتانیەکان لە ســەر پەیمــانی وەفــاداری بــۆ سۆڤیەت پێشبرکێیان دەکرد، ڕێبەری نەتەوەی کورد دکتۆر قاسملوو دەیگـــوت: "ئـــێمە نـــابێ لە ڕۆژهەڵاتـــی ناوەڕاســـتدا دژی بەرژەوەنــدییەکانی ڕۆژئــاوا و بەتــایبەت ئەمریکــا بــین". ئەم وتەیە هەرچەنــد ئەوکــات کەوتە بەر لــۆمە و ڕەخــنەی زۆر تونــدی چەپە تونــدرەوەکان، بەڵام ئەمــرۆ دەردەکەوێ کە مەبەســتی قاســملوو لەو دەربڕینە سازکردنی بڕوای کۆمەڵایەتی نێونەتەوەیی بووە و بیری ئەو بەرفراوانتر لە چوارچێوەی تەنگی ئایدیۆلۆژیەکان بوو.

کۆتایی شەڕی سارد هاوکات بــوو لەگەڵ کۆتــایی شــەڕی ئێــران و عێراق و حکوومەتی سەدام سەرمەست لە سەرکەوتنی شــەڕی دژی ئێران، وڵاتی کوەیتی لە ساڵی ١٩٩٠ داگیرکرد، ئەمەش دژکردەوەی هێــزە هاوپەیمانــەکانی لــێکەوتەوە و هێــرش کــرایە ســەر عێــراق و هێزەکــانی ســەدام لە کوەیــت دەرکــران. بەدوای ئەودا لە باشــووری کوردســتان و نــاوچە شیعەکانی عێــراق ســەرهەڵدانێکی سەرانســەری دژی ڕێژیمی سەدام دەستی پێکرد و سەدامیش بە کەڵکوەرگرتن لە هێزی توند و چەکی شیمیایی سەرهەڵدانی خەڵکی سەرکوت کــرد و کۆڕەوی دووەمی خەڵکی کوردستان دوای ئەنفالەکان دەست پێبوو. ئەو جینــایەتەی ڕێژیمــی ســەدام بــوو بەهــۆی ئەوەی کە ئەمریکــا، فەرانسە و بریتانیا پێکەوە بڕیارنامەی ٦٨٨ لە ئەنجــوومەنی ئاسایش پەســەند بــکەن و نــاوچەی بــاکووری ٣٦ پــلەی بــاکووری و نــاوچەی باشــووری عێــراق بە ناوچەکــانی قەدەغەکــراو بــۆ فڕینــی ئاســمانی ڕاگەیاندرا. زەختەکانی ئەمریکا بۆ سەر سەدام بوو بە هــۆی ئەوەیکە

سـەدام هێزەکـانی خـۆی لە بەشـێک لە  باشـووری کوردسـتان بکشێنێتەوە. بەدوای ئەودا لە ساڵی ١٩٩٢ هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان بەڕێوە چوون.

لەکاتی شەڕی نێوخۆیدا کە لەنێوان یەکیەتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان لە ماوەی ساڵانی ١٩٩٤ بۆ ١٩٩٦ ڕووی دا ئەمریکا هەوڵێکی زۆریدا بۆ کۆتایی هێنان بەوشەڕە. بە پشتیوانی ئەمریکا بوو کە هێزە کوردستانییەکانی باشووری کوردستان بەشداری ئەنجوومەنی ئۆپۆزیسیۆنی عیراق بوون. بەدوای ڕووخانی ڕێژیمـی سـەدامیش، کوردسـتان لە قـاڵبی هێزێکـی سـازماندراو بەشداری ئاوەدانکردنەوەی وێرانەکانی دوای سەدام و دامەزراندنی سیستەمی فیدراڵی بۆ عێراق بوون.

ڕەهەندی دووەمی سیاسەتەکانی کوردستانی ئەمریکا پێوەندی بە باکووری کوردستانەوە هەیە. بەهۆی ئەوەی کە لە سەردەمی شەڕی سارد ئەمریکا لە بەرامبەر بزاڤی کورد کە زۆرتر نزیک بە بەرەی چەپ بوو، پشتیوانی لە هاوپەیمانی خۆی تورکیا دەکرد کە ئەندامی ناتۆیە. لە دوای کۆتایی شەڕی ساردیش ئەمریکا هەر پشتیوانی تورکیا بووە و PKK لە لایەن ئەمریکاوە خرایەوە لیستی هێزە تیرۆریستیەکانەوە. لەگەڵ ئەوەش وێـڕای زۆربـوونی چـالاکی چەکدارانی هێزەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان دژی دەوڵەتی تورکیە، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا چەندین جار نیگەرانی خۆی لە مەڕ سـەقامگیری سیاسـی تورکیـە دەربڕیـوە و خوازیـاری ڕەچاوکردنی مافی مرۆڤی کوردەکانی بووە. ئەم هەڵوێستەی ئەمریکا،

تورکیەی نیگەران کردووە. مۆرتۆن ئابرامۆیتێز باڵیۆزی ئەمریکا لە دەیەی ١٩٩٠ لە تورکیە لەو بارەدا دەڵێت: "پرسی کورد سەختترین و بەژانترین پرسی تورکیەیە، پرسێک کە کێشەیەکی گەورەی ئەخلاقی بۆ ئەو وڵاتەوە خولقاندووە. پرسی کورد لەلایەک دەبێتە هۆی درێژەدانی ئاوسانی ئابووری لە تورکیە و لەلایەکی دیکەوە سەرچاوەی سەرەکی لەژێر پێنانی مافی مرۆڤ لەو وڵاتە و لەلایەکی دیکەوە گەورەترین مژاری ژانهێنەرە لە پێوەندییەکانی تورکیا و یەکیەتی ئورووپادا".

گراهام فۆلێر لە کتێبی "پرسی کورد لە تورکیا" (١٩٩٨) باسی شوێندانەری پرسی کورد لەسەر پێوەندییەکانی نێوان ئەمریکا و تورکیە دەکات. بە بڕوای ناوبراو شەڕی سارد، پرسی کورد، تورکیە و ئەمریکای ناچار کردووە لە سەر سێ ڕەهەند گفتگۆ بکەن: یەکەم عێراق و بەتایبەت باشووری کوردستان، دووەم لەژێر پێنانی مافی خەڵکی کورد لە باکووری کوردستان و تورکیە، سێهەم نیگەرانی نەبوونی سەقامگیری درێژماوە لە تورکیە و بەلەبەرچاوگرتنی مەترسی شەڕی نێوخۆیی لەو وڵاتەدا. لەو پێوەندییەدا لەگەڵ پرسی یەکەمدا ئەمریکا هەڕەشەی سەرەکی سەدام حوسین دەزانی و تورکیەش هەرەشەی سەرەکی باشووری کوردستان دەزانی. لە پێوەندی لەگەڵ مژاری دووهەم لە ڕاپۆرتەکانی مافی مرۆڤی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، بە بەردەوامی نیگەرانی ڕەوشی مافی مرۆڤی کورد لە تورکیا بووە. لە پێوەندی لەگەڵ پرسی سێهەم بە وتەی کاربەدەستانی ئەمریکایی، ئەو وڵاتە هەوڵ دەدات پرسی کورد

له ڕێگای ڕیفۆرمی سیاسی لەو وڵاتەدا چارەسەر بکات. چونکە بە وتەی گراهام فولێر ئەمریکا شەڕی نێوخۆیی لە تورکیا دژی بەرژەوەندییەکانی نەتەوەیی خۆی دەزانێت.

بە دەسپێکی شەڕی نێوخۆیی سووریە و ڕۆڵی بەرچاوی کوردەکانی ڕۆژئاوای کوردستان بوو بە هۆی ئەوەی کە هەم ڕووسیە و هەم ئەمریکا لە ڕۆژئاوای کوردستان نزیک بنەوە.

بەلەبەرچاوگرتنی ئەزموونی شەڕەکانی ئەفغانستان و عێراق، ئەمریکا خۆی لە پیادەکردنی هێزی سەربازی پاژەیی پاراست و ستراتێژی "پشتیوانیکردنی" لە هێزەکانی خۆجێی گرتەبەر و لە ڕێگای هێرشە ئاسمانییەکانەوە بەشداری شەڕی سووریە بوو. لە سەرەتادا ئەمریکا هەوڵیدا هاوکاری "ئەرتەشی ئازادی سووریە" بکات، کە بە ڕێکخراوێکی نێوینگەرا (میانەڕەو) دەناسرا. کێشەکە لەوەدا بوو کە ئەو ئەرتەشی ئازادی سووریە پرش و بڵاو و لاوازتر لەوەبوو کە بتوانێت هاوکات هەم شەڕێ هێزەکانی سووریە کە لەلایەن ئێران و ڕووسیەوە پشتگیریان لێ دەکرا بکات و هەمیش دژی هێزەکانی توندڕەوی ئیسلامی شەڕ بکات. چونکە بەشێک لەوان پێیان وابوو کە دەبێ سەرەنجی سەرەکی ئەوان شەڕی دژی ڕێژیمی ئەسەد بێت .

بە هۆی بێتوانایی ئەرتەشی ئازادی سووریە، دابەشبوون بەسەر چەندین دەستە و دەست تێوەردانی دەوڵەتە جۆراوجۆرەکانی ناوچە لە کاروباری ناوخۆیی ئەو ڕێکخراوە بوو بە هۆی سەرهەڵدانی هێزە توندرەوەکانی ئایینی وەک "جبهە النصر" کە لە ڕوانگەی ئەمریکاوە لقێکی ئەلقاعدەیە، بەهێزبوونی هێزە توندڕەوە ئیسلامییەکان بە هۆی

لاوازی هێزەکانی ئوپۆزیسیۆنی لیبراڵ و دەوڵەتی ناوەندی و هەروەها ئامادە نەبوونی ئەرتەشی ئازاد بۆ شەڕ لەگەڵ هێزە ئیسلامییەکانی توندڕەو و بەتایبەت دوای داگیرکردنی مووسڵ لەلایەن دەوڵەتی ئیسلامی داعشەوە، بوو بە هۆی ئەوەی کە ئەمریکا بکەوێتە بیری دۆزینەوەی هاوپەیمانێکی دیکەی خۆجێی لە ناوچەدا. ئەو هاوپەیمانە تازە و جێی بڕوایە بۆ ئەمریکا "کوردەکان" بوون.

بەدوای ئەودا بۆچوونی ئەمریکا لە سەر کوردەکانی ڕۆژئاوا گۆڕانی بەسەرداهات و ئەمریکا کە پێشتر پارتی یەکیەتی دێموکراتیک (PYD) بە شاخەیەک لە پارتی کرێکارانی کوردستان دەزانی، ئەو هێزەی وەک هاوپەیمانی خۆی هەڵبژارد. بەرلەوە لە کاتێک لە جووڵای ساڵی ۲۰۲دا بەشێک لە ڕۆژئاوا لە لایەن هێزەکانی یەکیەتی دێموکراتیک ڕزگار کرا، یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا فیلیپ گۆردن وتبووی: "ئێمە بۆ داهاتووی سووریە شوێنێک یان ناوچەیەکی کوردی نابینین. لە ئووتی ۲۰۱۲دا وەزیری دەرەوەی ئەوکات ئەمریکا هیلاری کلینتۆنیش وتبووی: "ئێمە و تورکیە بەبڕیارین کە سووریە نەبێتە شوێنێک بۆ تیرۆریستەکانی پ.ک.ک، چ ئێستا و چ دوای ڕووخانی ڕێژیمی ئەسەد. دوای ڕاگەیاندنی کانتۆنەکانی ڕۆژئاوای کوردستان، لە نۆڤەمبری ۲۰۱۳دا وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی فینلاند وتبووی "ئێمە نیگەرانی هەوڵی پێکهێنانی ناوچەی کوردی سەربەخۆیین."

کاتێک لە ئۆکتۆبری ۲۰۱۴دا فرۆکە جەنگییەکانی ئەمریکا بە پشتیوانی لە شەڕوانانی ڕۆژئاوا دەستیان کرد بە بۆردمانی بنکەکانی

دەوڵەتـی تیرۆریسـتی داعـش، وتەبێـژی وەزارەتـی دەرەوەی ئەمریکا ڕاگەیاند: " ئێمە بەتەواوی ئاگاداریمان هەیە لە پێوەندییەکانی پارتی یەکیەتـی دیموکراتیـک و پـارتی کرێکـارانی کوردسـتان، هەنـدێک پێوەنـدی لە نێـوان ئەنـدامانی (PYD) و پـارتی کرێکـارانی تورکیـە هەیە. ئەمە لەکاتێکدا بوو کە جان کێری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، لە ٢٠ی ئۆکتـۆبری ٢٠١٤ پـارتی یەکیەتـی دیموکراتیـک بە لقێکـی پارتی کرێکارانی کوردستان دەزانی. لە هەمـان ڕۆژدا ماریێ حـارف یەکێک لە وتەبێژانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ڕایگەیانـد: "بە پێـی یاسـاکانی ئەمریکـا ئەو دوو ڕێکخـراوە جیـاواز لە یەکتـرن. "گـۆڕانی سیاسەتی ئەمریکا لە پێوەنـدی لەگەڵ پارتی یەکیەتی دیمـوکراتیکی هاوکـات بـوو لەگەڵ سـەرکەوتنەکانی خەڵکـی کـورد دژی داعـش لە کۆبـانی. بە دوای ئەوەدا پێوەنـدییەکانی نێـوان ئەمریکـا و ڕۆژئـاوای کوردستان ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ بەرینتر بـوو. وەزارەتـی بەرگـری ئەمریکا ڕادەی هاوکارییەکـانی خـۆی لەگەڵ یەکینەکـانی پاراسـتنی گەل (YPG) زیـاتر کـرد. لە ١٩ی ئۆکتـۆبری ٢٠١٤دا فرۆکەکـانی ئەمریکـی هاوکـاری پزیشـکی و دەرمانیـان بـۆ هێزەکـانی ڕۆژئـاوای کوردستان ڕەوانە کرد. دوای کۆبانی شەڕڤانانی ڕۆژئاوای کوردستان هێرشـی خۆیـان بـۆ سـەر پارێزگاکانی حەسـەکێ و ڕەقە بەمەبەسـتی ئـازادکردنی ئەو ناوچـانە لە دەسـت داعـش دەسـت پێکـرد. هەرچـی ڕادەی سـەرکەوتنی شـەڕڤانانی ڕۆژئـاوای کوردسـتان زیـاتر دەبـوو بە هەمـان ڕادەشـی پشـتیوانی و یـارمەتی ئەمریکا بـۆ ئەو هێـزە زیـاتر دەبوو.

دوای ئــازادکردنی زۆربەی نــاوچە داگیرکراوەکــانی ڕۆژئــاوای کوردستان و پاککردنی سنووری نێوان ڕۆژئاوا و باکووری کوردستان لە تیرۆریستانی داعش لە ساڵی ٢٠١٥دا جاش ئێرنێست وتەبێژی کۆشــکی ســپی وتــی: " PYD هاوپەیمــانێکی جێــی متمــانەیە کە ستراتێژی دژی داعشی ئەمریکا کامڵ دەکات" . سەرکەوتنەکانی شــەڕڤانانی ڕۆژئــاوا دژی داعــش بــوو بە هــۆی ئەوەی کە وەزیــری بەرگــری ئەمریکــا ئەشــتۆن کــارتێر وێــڕای بەرزنرخانــدنی ڕۆڵــی کوردەکــان بڵێــت: "ئەوان هێــزی پەژایــی بەهێــز و خــاوەنی هــۆ و ئەنگیزەی بەهێزن بۆ بەدەستەوەگرتنی وڵاتی خۆیان" .

ژنرال لیود جی ئاستین، فەرماندەی هێزەکانی ناوەنـدی ئەمریکا لە ١٦ی ســـێپتەمبری ٢٠١٥دا لە بەرامـــبەر کـــومیتەی پێوەنـــدییە بیانیەکانی سنا وێڕای دیفاع لە YPG پشتیوانی کرد و وتی YPG تــوانی تــا کۆتــایی مــانگی ســێپتەمبری ٢٠١٥ زیــاتر لە ١٧٠٠٠ کیلــۆمێتری چوارگۆشــەیان لە چنــگ هێزەکــانی داعــش ڕزگاریــان کردووە. سەرکەوتنەکانی هێزەکانی YPG بوون بە هۆی ئەوەی کە ئەمریکا لە ٣٠ی ئۆکتۆبری ٢٠١٥ پەنجا هێزی ئۆپەراسیۆنی تایبەت بـۆ ڕۆژئـاوا بنێرێـت لە ناوچەکانی ژێـر کـۆنترۆلی YPG پەروەردەی جەنگی پێشکەش بە هێزەکانی کوردستانی بکـات. برێـک مەکگـۆر نـوێنەری تـایبەتی ئۆبامـا بـۆ شـەڕی دژی داعـش لە ڕۆژی یەکەمـی فێـوریەی ٢٠١٦دا سـەردانی شـاری کۆبـانی کـرد و لەگەڵ ڕێبەرانـی کانتۆنەکانی ڕۆژئـاوا لەوانە ئاڵـدار خەلیـل، ئەنـوەر موسلم و ئەکـرەم حیسۆ دیـداری کـرد. ناوبراو لەم دیدارەدا PYD و YPG بە هێـزی

زۆر کارامەی ناو سووریە ناو برد و داوای کرد پێوەندی نێوان ڕۆژئاوا و باشوور چاک بێتەوە. دوای یەکەم هێرشی تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان لە سێپتەمبری ٢٠١٦دا ناوبراو دووبارە چوو بۆ کۆبانی و هەوڵیدا لە نێوان ڕۆژئاوا و دەوڵەتی تورکیە نێوبژیکاری بکات.

بە دوای هێرشی دەوڵەتی تورکیا بۆ سەر ناوچەی عەفرین و هەڕەشەکانی ئەو وڵاتە بۆ هێرش بۆ سەر هەموو ڕۆژئاوای کوردستان، ئەمەر زەختی ئەمریکا بوو کە پێشی پێشڕەوی هێزەکانی تورکیەی گرت و بوو بە هۆی ئەوەی دەوڵەتی تورکیە ڕادەی هێرەشەکانی خۆی سنووردار بکات.

تا بەر لە ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی دەوڵەتی ئەمریکا بە هۆی دۆستایەتی ڕێژیمی شا و بۆ پێشگیری لە "هەڕەشەی کمۆنیزم" پرسی کورد و نەتەوەکانی دیکەی ئێرانی بەلایەوە گرینگ نەبووە و بگرە پشتیوانی لە "یەکیەتی خاکی ئێران" وەک ستراتێژی خۆی تاریف کردووە. لە سەروبەندی ڕووخانی دەوڵەتی پاشایەتیدا لە ساڵەکانی ١٩٧٧ بە دواوە لە سەردەمی جیمی کارتێر، جاروبار پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە لایەن ئێرانەوە لە ڕاپۆرتەکانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ڕەنگی دەدایەوە.

دوای بەدەسەڵات گەیشتنی کۆماری ئیسلامی و هێرش بۆ سەر بالیۆزخانەی ئەمریکا لە تاران لە ٤ی نۆڤامبری ١٩٧٩ و بەبارمتە گرتنی زیاتر لە ٥٠ دیپلۆمات و کارمەندی ئەمریکی لە تاران، بوو بەهۆی تێکچوونی پێوەندی ئەو دوو وڵاتە. ئێران بە گرتنە پێشی

دروشمی "مەرگ بۆ ئەمریکا" دژایەتی خۆی لەگەڵ ئەو وڵاتە کردە ستراتیژی سیاسەتی دەرەوە و نێوخۆی خۆی بۆ گەشەپێدانی شۆرشی ئیسلامی و سەرکوتی نەیارانی نێوخۆیی. ئەمە بوو بە بنەمای پێوەندییەکانی دوژمنانەی نێوان دوو وڵات. لە ماوەی نزیک بە چڵ ساڵی ڕابردوودا دەوڵەتی ئەمریکا بە سەپاندنی زۆر سزای قورسی ئابووری و سیاسی بەسەر ئێراندا هەوڵی کۆنترۆل و گۆڕانی هەڵسوکەوتی ڕێژیمی ئێرانی داوە. لەلایەکی دیکەوە ئێرانیش بە گەشەپێدانی ستراتیژی پێشگیرانەی بەرگری خۆی لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆیدا، زەمینی شەڕ و تێکچوون لەگەل ئەمریکای گواستۆتەوە قووڵایی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

جوڵانەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە هۆی سروشتی نەریتی چەپگەرای خۆی زۆر درەنگ دەستی کرد بە پێوەندی لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. دەوڵەتی ئەمریکا لە سیاسەتی دەرەوەی خۆیدا کاتێک باسی سیاسەتی کوردی پێوەندیدار بە ئێران دەکات، زۆرتر ڕووی لە شوێندانەری ئێران لە سنوورەکانی دەرەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەوانە، باشوور و باکووری کوردستانە.

ساڵانە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ڕاپۆرتێک لە مەڕ ڕەوشی مافی مرۆڤ لە ئێران بڵاو دەکاتەوە. لە ڕاپۆرتی ساڵی ٢٠١٦ی وەزارەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕۆژهەڵاتی کوردستان تەنیا لە پارێزگاری "کوردستان" کە ناوەندەکەی سنەیە ناوبراوە. حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دوای ساڵی ٢٠٠٦ بەدواوە هەوڵیان داوە هەندێک پێوەندی بە کۆنگرێسمان و کاربەدەستانی

ئیداری و سیاسی وەزارەتی دەرەوەی ئەو وڵاتەیان گرتووە. مستەفا هیجری سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران یەکەم ڕێبەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو کە سەردانی ئەمریکای کرد و دەستی کرد بە پێوەندی بە وڵاتی ئەمریکا. لەمەوبەر زۆربەی پێوەندییەکان لە ڕێگای بەرپرسی پێوەندییەکانی حیزبەکانەوە ئەنجام دەدرا. ئەو دیدارانە بەردەوام نەبوون و زۆرتر سروشتی هەڵکەوتیان هەبووە. یەکێک لە هۆیەکانی دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی ستراتیژی دیپلۆماتیکی بزاڤی ڕزگاری خوازانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و نەبوونی سەرمایەی کۆمەڵایەتی نێونەتەوەیی بەهێز لە دەرەوەی وڵات.

دوای هەڵبژێرانی دۆنالد ترامپ وەک سەرۆککۆماری ئەمریکا، ئاستی پێوەندییەکانی نێوان ئەمریکا و ئیران گرژتربووەتەوە. ڕۆژی ٨ی مانگی مەی ٢٠١٨ وڵاتی ئەمریکا بە شێوەی یەک لایەنانە لە پەیمانی ناسراو بە "بەرجام" کە لە ساڵی ٢٠١٥دا لە لایەن ئێران و وڵاتانی ٥+١ واژۆ کرابوو و لە لایەن ئەنجوومەنی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە بە بڕیارنامەی ٢٢٣١ پەسەند کرابوو. بە دەرکەوتنی ئەمریکا لە پەیمانی هاوبەشی جێبەجێکردن (بەرجام) بە کردەوە، ئەو پەیمانە پەککەوتوو بووە. گەمارۆکانی ئەمریکا و هاوپەیمانانی لە سەر ئێران توندتر بوون. بەدوای ئەودا وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە بڕیارێکدا ڕایگەیاند کە پشتیوانی لە بەهێزکردنی خەباتی خەڵکی ئێران دەکەن بۆ گەیشتن بە مافەکانیان.

**کورد و ڕووسیە:**

بە پێچەوانەی ئەمریکا، بەر لە کۆتایی شەڕی سارد، یەکیەتی سۆڤیەتی پێشوو چالاکانەتر لە ئەمریکا هاوکاری و پشتیوانی کوردی دەکرد. بەڵام دوای کۆتایی هاتنی شەڕی سارد ئەو وڵاتە سیاسەتی بێهەڵویستی هەڵبژارد.

**سەردەمی شەڕی سارد:**

پێوەندی نێوان کورد و ڕووسیە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دوای کۆتایی هاتنی شەڕی یەکەمی جیهانی. یەکیەتی سۆڤیەتی لە ساڵی ١٩٢١ نەتەوەی کورد وەک "نەتەوە" بە فەرمی دەناسێت. لە ساڵی ١٩٢٣ ناوچەیەکی کوردی لە ئازەربایجانی یەکیەتی سۆڤیەت هاوسنوور لەگەڵ ئەرمەنستان کە ناوەندەکەی لاچین بوو لە لایەن سۆڤیەتەوە دامەزرا. ئەو شوێنەی کە ئەمڕۆ ناگۆرنا قەرەباغی پێی دەوترێت. ئەو ناوچە کوردیە کە بە کوردستان سوور بەناوبانگبوو، بوو بە هێمای جوڵانەوەی ئازادیخوازانەی خەڵکی کوردستان لە باشووری کوردستان کە لە ژێر دەستی کۆلۆنیالیزمی بریتانیا و ڕۆژئاوا لە ژێر کۆلۆنیالیزمی فەرانسە و باکوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان .

دوای کۆتایی هاتنی شەڕی دووەمی جیهانی یەکیەتی سۆڤیەت پشتیوانی لە دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە ٢ی ڕێبەندانی ١٩٤٦دا کرد. هاوکات یەکیەتی سۆڤیەت دەستی کرد بە پشتیوانی باشووری کوردستان لە بەرامبەر سیستەمی پاشایەتی وڵاتی عێراق،

کە لەلایەن وڵاتـانی ڕۆژئـاواوە پشـتیوانی لێـدەکرا. ڕووخـانی کۆمـاری کوردستان و وازهێنانی سۆڤیەت لە پشتیوانی کۆماری کوردستان و حکوومەتی میللی ئازەربایجان بەهۆی گوشاری وڵاتانی ڕۆژئاوا لەوانە ئەمریکا و بریتانیا بوو بە هۆی ئەوەی کە بەشێکی زۆر لە ڕێبەرانی کورد بەتایبەت بارزانییەکان بەرەو سۆڤیەت بڕۆن و پەڕیوەی ئەوێ بن. مەلا مستەفا لە ساڵی ١٩٤٧ تا کۆدیتای عەبدولکەریم قاسم لە سالی ١٩٥٨ کە لایەنگری سۆڤیەت بوو لەوێ مایەوە. مەلا مستەفا بـارزانی دوای گەڕانەوەی لە سـۆڤیەت بـۆ باشـووری کوردسـتان و هاوکـاری لەگەڵ عەبـدولکەریم قاسـم، هێنـدێک سـەرکەوتنی بـۆ جـــوڵانەوەی نەتەوایەتـــی کـــورد بەدەســـت هێنـــا. دوای بەدەسەڵاتگەیشتنی برایانی عارف و دواتر حیزبی بەعس لە ساڵی ١٩٦٨ پێوەندی نێوان جوڵانەوەی کورد و دەوڵەتی ناوەندی تێکچوو. مسکۆ کە پێی خۆش نەبوو کێشە لە نێوان کورد و دەوڵەتی ناوەندیدا پێک بێت، بە نێونجیگەری توانی پەیمانی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ لە نێوان جوڵانەوەی کوردستان و دەوڵەتی ناوەندی عێراق بە واژۆکردن بـدات . ئەم پەیمـانە هەرچەنـد بـوو بەهـۆی بەفەرمـی ناسـینی نەتەوەی کـورد لە عێـراق بەڵام بەهـۆی کێشـە لەسـەر شـاری کەرکووک نەیتوانی دەوام بێنێت و دیسان شەڕ لە نێوان دەوڵەتی عێراق و جوڵانەوەی کورد لە باشووری کوردستان دەستی پێکرد. دوای بەستنی پەیمانی سەربازی نێوان دەوڵەتی عێراق و یەکیەتی سۆڤیەت لە ساڵی ١٩٧٢دا یەکیەتی سۆڤیەت بە شێوەی ناڕاستەوخۆ

ڕایگەیاند کە پشتیوانی لە دەوڵەتی ناوەندی دەکات و بەوشێوەیە پشتی لە کوردەکان کرد.

لە پێوەندی لەگەڵ باکووری کوردستان، دوای کۆتایی هاتنی شەڕی دووەمی جیهانی تورکیا بوو بە بەشێک لە جەمسەری ڕۆژئاوا، بەوە سۆڤیەت لە حیزبە چەپەکانی تورکیا چ کورد و چ تورک پشتیوانی دەکرد. دەیەی ١٩٦٠ دەیەی گەشەکردنی بیری چەپ لە تورکیە بوو. کوردەکان بە شێوەیەکی ئەندامانی ڕیکخراوە چەپەکان بوون. کوردەکان هاوکاری هێزە چەپەکانی تورکیەیان دەکرد. ئەمەش بوو بە هۆی پێکهاتنی ڕێکخراوە چەپەکان لە ناو لاوانی خوێندکاری کوردا. بەرهەمی ئەو لایەنگریە، پێکهاتنی حیزبی کرێکارانی کوردستان PKK لە ساڵی ١٩٧٨ بە ئایدیۆلۆژیای مارکیسست – لێنینیستی بوو. پارتی کرێکارانی کوردستان لە ساڵی ١٩٨٤ەوە دەستی بە خەباتی چەکدرای دژی ڕێژیمی تورکیە کرد. دەوڵەتی تورکیا لەو ماوەیەدا یەکیەتی سۆڤیەت بە پشتیوانی لە پارتی کرێکارانی کوردستان تاوانبار دەکرد.

لە پێوەندی لەگەڵ ئێران، یەکیەتی سۆڤیەت زۆرتر لە ڕێگای حیزبی توودەی ئێرانەوە هەوڵی داوە لەسەر سیاسەتەکانی نێوخۆیی ئێران کاریگەر بێت و کورد لەو سەردەمەی کە سۆڤیەت خاوەنی هێز و دەسەڵاتی گەورەتر بوو خاوەنی جۆلانەوەیەکی وا بەهێز نەبوو بۆ پێوەندی گرتن بە سۆڤیەتەوە. گرێدراوەیی سیستەمی سیاسی سووریە دوای هاتنە سەرکاری حیزبی بەعس لەو وڵاتە بوو بە هۆی لەبیر کردنی نەتەوەی کورد لەلایەن یەکیەتی سۆڤیەتەوە. سەرەڕای

ئەمانەش تا کاتی ڕووخانی یەکیەتی سۆڤیەتیش جۆلانەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتــی کوردســتان پێــی وابــوو یەکیەتــی ســۆڤیەت دۆســتی ستراتیێژیکی خەڵکی کورد و گەلانی ئازادیخوازە.

**دوای کۆتایی هاتنی شەڕی سارد:**

بەهــۆی هەڵوەشــانەوەی یەکیەتــی ســۆڤیەتی پێشــوو و پێکهــاتنی دەوڵەتانی سەربەخۆی ناوچە، بۆشاییەکی گەورەی هێز لە ناوچەی سۆڤیەتی پێشوو پێک هات. دەوڵەتی تورکیە بە کەڵکوەرگرتن لە کارتی ئایینی و نەتەوایەتی هەوڵی قوولکردنی نفووزی خۆی لە ناوچەی قەفقاز و ئاسیای ناوەندی دا و پشتیوانی لە هێندێک لەلایەنەکانی شەڕەکانی ۱۹۹۰ لەو ناوچانەدا کرد. لەلایەکی دیکەوە تورکیە هەوڵیدا بۆ ئەوەی ببێتە لێگەرێک بەردەم هاتوچۆی تانکێرەکانی نەوت و گازی ڕووسیە لە ڕێگای کاناڵەکانی داردائێل و بۆسفۆر. بۆیە بەمەبەستی گوشار بۆ سەر تورکیا ڕووسیە کەوتە هەوڵی پێوەندی کردن لەگەڵ کوردەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. لە ساڵی ۱۹۹۴ کۆنفرانسی ناونەتەوەیی کوردەکانی ڕووسیە لە مۆسکۆ لەلایەن ڕووسیەوە بەڕێوە چوو. لە بەفرانباری ساڵی ۱۹۹۵ دوو چالاکی کوردی باکووری بەناوەکانی عەلی عەگیت و نیجدەت بۆلدان سەردانی مسکۆیان کرد بە مەبەستی باس و ڕاوێژ لەمەڕ دامەزراندنی "پەرلەمانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات". بەگشتی لە ساڵی ۱۹۲۳یەوە تا ئەمڕۆ پرسی کورد بەتایبەتی لە پێوەندی لەگەڵ

وڵاتـی تورکیــه و جاروبـاریش ئێــران و عێراقــدا بەشـێک بــووە لە سیاسەتەکانی ناوچەیی وڵاتی ڕووسیە.

لە ســاڵی ١٩٩٦ دوای دیــاریکردنی پریمــاکۆف وەک وەزیــری دەرەوەی ڕووسیە، پێوەندی نێوان کوردەکان و ڕووسیە بەهێزتـر بـوو. پریمــاکۆف لە ســاڵی ١٩٩٨ لەگەڵ نــوێنەری پــارتی دێمــوکراتی کوردسـتان لە مۆسـکۆ چـاوپێکەوتنی پێـک هێنـا . بە هـۆی چـالاک نەبــوونی ڕووســیە لە دەیەی ١٩٩٠ ئەمریکــا تــوانی لە باشــووری کوردستان جڵەوی پێوەندییەکان بەدەستەوە بگرێت. دوای ڕووخـانی حکوومەتی بەعسی سەدام کە ڕووسـیە زۆر هەوڵیـدا پێشـی ڕووخـانی بگیرێـت، ڕووسـیە کەوتە هەوڵـی دۆزیـنەوەی شـوێنپێ لە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاستدا.

بە هۆی لە دەستچوونی نفـووزی ڕووسـیە دوای ڕووخـانی یەکیەتـی سۆڤیەت و بە هۆی ئەوەی کە ڕووسیە سـەرەڕای بـوونی چالاکـانەی لە سووریە جارێ نەیتوانیوە ببێتە ئەکتەریکی کاریگەر لە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاســـتدا لە پێنــــاو بەدەســـتهێنانی پارەســــەنگ و پاراســـتنی بەرژەوەنـدییەکانی خـۆی پێـڕەوی لە سیاسـەتێکی چەنـد ڕەهەنـدی دەکـات. لە چوارچێــوەی ئەو سیاســەتەدا دوای پێکهـاتنی هەرێمــی کوردستان و پەسەندکردنی دستووری فیـدرالی لە عێـراق، ئەو وڵاتە بەشێوەیەک پێوەندییەکانی خۆی لەگەڵ هەرێمی کوردستان گەشەی پیـدا بـۆ ئەوەی زیـان بە پێوەنـدییەکانی ئەو و دەوڵەتـی ناوەڕاسـتی عێراق نەگەیەنێت. دوای ڕووخانی ڕێژیمی سەدام ڕووسیە بە جـوانی ئاگــادار هەســتی ســەربەخۆیی خــوازانەی کوردەکــان لە هەمــوو

بەشەکانی کوردستاندایە. لە لایەکی دیکەشەوە دەزانێت کە رووسیە لە پێوەندی لەگەڵ وڵاتانی دەسەڵاتدار بەسەر کوردستاندا خاوەنی هێندێک بەرژەوەندی هاوبەشیشە. بۆیە هەوڵی داوە کە پێوەندی ئەو وڵاتە لەگەڵ کوردەکان زیان بە پێوەندییەکانی ئەو وڵاتانی دەسەڵاتدار لە کوردستان نەگەیەنێت. لەو چوارچێوەیەدا دوای پێکهاتنی هەرێمی کوردستان رووسیە بەشێوەیەک هەڵسوکەوتی کردووە کە پارەسەنگ لە پێوەندییەکانی لایەنەکان پارێزراو بێت.

بۆیە دوای هێرشی داعش لە ساڵی ٢٠١٤ بۆ سەر کوردستان، سەرەڕای ئەوەی کە مەسعوود بارزانی و نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکوەزیرانی هەرێم چەندین جار سەردانی مسکۆیان کرد، رووسیە پشتیوانی خۆی بۆ کورد تەنیا بە پشتیوانی سیاسی و ڕاگەیاندراو کورت کردەوە و چەک و چۆڵی نەداوە حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ شەڕی دژی داعش. چونکە دەوڵەتی ڕووسیە هاوکات لەگەڵ بەغدا لە باشووری کوردستان دوای بەجێ گەیاندنی نەوت و گاز لە هەردوو بەشی عێراق و دەگەڕا و پێی خۆش نەبوو لایەنێک هەڵبژێرێت و لایەنی دیکە بمێنێت.

وزەی نەوت و گاز یەکێک لە ڕەهەندەکانی هاوکاری نێوان ڕووسیە و حکوومەتی هەرێمی کوردستانە. لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٢ەوە رووسیە بەدوای چالاکی نەوت و وزە لە باشووری کوردستان بووە. کۆمپانیای گازپرۆم لەو ساڵەدا لە گۆڕەپانی نەوتی شاکاڵ و گەرمیانی باشووری کوردستان چالاک بووە و لە ساڵی ٢٠١٧ش دەستی کرد بە پرۆژەی دۆزینەوەی و سوودوەرگرتن لە

نەوتی ناوچەی هەڵەبجە. هۆی سەرەکی سەرەنجی ڕووسیە بۆ نەوتی باشووری کوردستان ئەوەیە کە تورکیە لە هەوڵی ئەوەدا بووە تا لە ڕێگای نەوتی هەرزانی گرێدراوەیی خۆی بە ڕووسیە کەم بکاتەوە و بتوانێت مەرجەکانی خۆی بە تێپەڕبوونی نەوت و گازی ڕووسیە لەو وڵاتەدا یان لە دەریاکانی دا لەسەر ڕووسیە بسەپێنێت.

بە هێرشی ڕووسیە لە مانگی سێپتەمبر و ئۆکتۆبری ساڵی ٢٠١٥ بۆ سەر هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیمی سووریە، ڕووسیە بە کردەوە و بەشێوەی سەربازی بەشداری شەڕی پاراستنی ڕێژیمی ئەسەد بوو. لەو ماوەیەدا دەوڵەتی ڕووسیە بە دەگمەن هێرشی کردۆتەسەر هێزەکانی ڕۆژئاوا. هەڵوێستی نەرم و بەپەرێزی پارتی دێموکراتیکی یەکیەتی دێموکراتیک (PYD) بەرامبەر ڕێژیمی ئەسەد و دژایەتی نەکردنی هەمەلایانانە لەگەڵ ڕێژیمی ئەسەد و هەڵنەگرتنی دروشمی ڕووخانی ئەو ڕێژیمە و تەنانەت پێوەست نەبوون بە ئەنجوومەنی دژبەرانی ڕێژیمی ئەسەد. جیا لەوە پشتیوانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە هێزە کوردیەکان لە ڕۆژئاوا یەکێک لە هۆیەکانی شوێندانەر بوو لەسەر سیاسەتی کوردی – سووریەی دەوڵەتی ڕووسیە. ئەوە کە کوردەکانی ڕۆژئاوا بەدوای شەڕ لەگەڵ سووریە نەبوون و هەوڵیاندا لە بۆشایی سیاسی و سەربازی پێشهاتوو بە باشترین شێوە کەڵکوەرگرن یەکێک لەو هۆیانەیە کە سەرەنجی وڵاتی ڕووسیەی بۆ خۆی کێشاوە بۆ ئەوەی لە بەرامبەر هێزی هاوبەش هاوکاری بکرێن.

ڕووسـیە تـا بەر لە لاوازبـوونی تەواوی ئۆپۆزیسـیۆن، سـازبوونەوەی پێوەنـدییەکانی ئەو وڵاتە لەگەڵ تورکیـە و بەهێزبـوونی داعـش پێـی خۆش بوو لەگەڵ کوردەکانی ڕۆژئـاوا هاوکـاری بکات، چـونکە کـورد سـەلماندی وێـڕای ئەوەی کە لە مەیـدانی شـەڕی پەژاییـدا شـەرڤانی بەهێز و جێی بـڕوان و لەگەڵ ئەوەی کە پێوەنـدییان لەگەڵ ئەمریکا هەیە، پێیـان خۆشـە هاوکـاری دەوڵەتـانی زلهێـزی گەورەیـان لەگەڵ بێـت. لە لایەکـی دیـکەوە دوای تێکچـوونی پێوەنـدییەکانی نێـوان ڕووسـیە و تورکیـە بە هـۆی تێکشـکاندنی فرۆکەیەکـی جەنگـی ئەو وڵاتە لەلایەن تورکیـەوە، ڕووسیە هەوڵیـدا کـارتی PYD بـۆ زەخـت خستنە سەر تورکیە و وەرگرتنی ئیمیتاز کەڵک بەکار بهێنێت. بۆیە لە ڕێبەندانی ٢٠١٥دا YPG نوێنەرایەتی خـۆی لە مۆسکۆ کـردەوە و سالح موسلیم هاوسەرۆکی ئەو ڕێکخراوەیە سەردانی ڕووسیەی کرد.

لە ئۆکتۆبری ٢٠١٥ مۆسکۆ ئامـادەیی خـۆی دەربـڕی بـۆ هاوکـاری لەگەڵ ئەو هێـــزانەی دژی داعـــش شـــەڕ دەکەن. دوای ئەو فەرمانــدەیەکی YPG داوای چەک و چــۆلی ڕووســیەی کــرد. ئەم پرسـە پشـتیوانی سیاسـی بـوو و پشـتیوانی سـەربازی ڕووسـیە بـۆ کوردەکـان دانپێنەنـراوە. جیـا لەوە ڕووسـیە پشـتیوانی لە بەشـداری کوردەکـان دەکـرد بـۆ کۆبوونەوەکـانی ژنێیـڤ، ئەمەش تورکیــەی نیگەران کردبوو.

لە پێوەنـدی لەگەڵ پێوەنـدی نێـوان ڕووسـیە و کـوردانی ڕۆژئـاوا جیاوازی بیـروڕا دەدۆزرێتەوە. لەو بـارەدا وەزیـری دەرەوەی ئەوکـاتی بریتانیـا فیلیـپ هامونـد وتـی: " ئەوەی لە مـاوەی هەفـتەی ڕابـردوودا

شاهیدی بووین، نموونەی هاوکاری نێوان هێزەکانی کورد و سووریە و هێزە ئاسمانییەکانی ڕووسیەیە." دیارە هێزەکانی PYD هەموو جارێ باسی هاوئاهەنگی لە نێوان هێزەکانی ئەوان و هێزەکانی رووسیەیان کردووە.

لە ڕێبەندانی ٢٠١٦ ژێنێرالی ئەمریکی مەک فارلێن ڕایگەیاند، کە هیچ نیشانەیەک لە پێوەندی نێوان ڕووسیە و کوردەکانی ڕۆژئاوا دیار نییە . لە ١٧ی فێوریە وتەبێژی کۆشکی سپی پێداگری لە سەر قسەکانی مەک فارلین کرد. فەوزی سلێمان وتەبێژی کومیتەی بەرگری عەفرین لەو بارەدا وتوویەتی کە: " لە نێوان ئێمە و ڕووسیە هیچ هاوکاریەکی جیددی نییە، بەڵاوم هاوئاهەنگیمان هەیە بۆ ئەوەی لە حەڵەب لە لایەن ڕووسیەوە بۆردمان نەکرێن" .

دەوڵەتی تورکیە ڕۆژی ٢٠ی ژانویەی ٢٠١٨ لە ژێر ناوی "ئۆپەراسیۆنی چڵە زەیتوون" دەستی کرد بە هێرشێکی بەربڵاو و خەست بۆ سەر ناوچەی عەفرین و لە ئەنجامی دوومانگ هێرشی هەمەلایەنەدا ناوچەی عەفرینی ڕۆژئاوای کوردستان لەلایەن تورکیا و هێزەکانی سەربەو وڵاتە داگیر کرا. لە سەرەتاوە دیاربوو کە ئەم هێرشە بەربڵاوە کە لە لایەن ئەمریکاوە پەسەند نەکرابوو، نەدەکرا بەبێ ڕەزامەندی ڕووسیە ئەنجام بدرێت. سەرەڕای دژایەتی ڕواڵەتی دەوڵەتی سووریە بۆ هێرشی تورکیە بۆ سەر عەفرین و هەڕەشەکانی ئەو وڵاتە، تورکیە نەتەنیا هێرشی پەژایی و زەمینی بەڵکوو هێرشێکی بەرفراوان و خەستی ئاسمانی بۆ سەر عەفرین دەست پێکرد.

هێرشـێک کە بەبێ ڕەزامەنـدی و سـازان لەگەڵ ڕووسـیە مـومکین نەبوو.

پلانـی هێـرش بـۆ سـەر عەفـرین لە هـاوینی سـاڵی ٢٠١٧دا دوای دیـداری وەزیـری بەرگـری ڕووسـیە سـێرگێی شـۆیگوو ( Sergei Shoigu) و فەرمانـدەی هیزەکـانی چەکـداری تورکیـە هـولای ئاکـار (Hulusi Akar) لە ئیسـتانبۆل. لە ئاکـامی ئەو دیـدارەدا ڕووسـیە مۆڵەتی کەڵکوەرگرتن لە بەشێک لە ئاسمانی سووریەی بۆ هێـرش بـۆ سـەر عەفـرین بە تورکیـەی بـدات و لە بەرامـبەردا تورکیـەش پێشڕەوییەکانی خۆی لە ناوچەی ئیدلیب ڕاگرێت. ئەمە بەشێک بـوو لە پەیمانێکی بەرفراوانتر کە براوی سەرەکی لەو مامەڵەیەدا ڕووسـیە بوو .

ڕووسیە جیا لەوەی کە لە هەوڵی کەمکردنەوەی زیانەکانی شـەڕ و نیشـاندانی سـەرکەوتنی خـۆی بـوو لە سـووریە بـۆ ئەوەی گـارانتی سـەرکەوتنی هەڵبژاردنەکـانی سـەرۆککۆماری ٢٠١٨ی ڕووسـیە بـۆ ڤلادیمیـر پـووتین بکـات، بەڵکـوو خەونـی جێبەجێکردنـی لـوولەی هەرزانی گازی ڕووسیە لە ڕێگای تورکیەوە جێبەجێ بکات.

لە پێوەندی لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، سەرەڕای ئەوەی کە لە سەردەمی یەکیەتی سۆڤیەتدا حیزبی دێموکرات و هێزەکانی دیکەی کوردسـتان یەکیەتـی سـۆڤیەت و جیهـانی ڕۆژهەڵاتیـان بە دۆسـتی ستراتیژی کـورد زانیـوە، بە کـردەوە یەکیەتی سۆڤیەت و ڕووسیەی دوای ئەو زلهێزە، هەرگیز هاوکاریەکی درێژخـایەن و ستراتیژیک لە پێوەنـدی لەگەڵ کوردسـتان ڕەچـاو نەکـردووە. بە درێژایـی مێـژوو

مۆسکۆ "کارتی کوردی" هەرکات کە لە بەرژەوەندی ئەودا بووبێت دژی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان بەکار بردووە و بۆ ئەوەی مەرجەکانی خۆی بەسەریاندا بسەپێنێت و بەرژەوەندییە ئابووری و سیاسی و ناوچەییەکانی خۆی مسۆگەر بکات.

**سیاسەتی زلهێزەکان و بەرژەوەندی نەتەوایەتی لە ڕوانگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە**

هەڵکەوتی جوغرافی، پێگەی سیاسی و پارەسەنگی هێز لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی دوای ئاڵوگۆڕەکانی ئەو چەند ساڵەی ڕابردووی ئەو ناوچەیە بووتە هۆی ئەوەی کە کورد ببێتە خاوەنی پێگەیەکی بەهێز و ئەکتەریکی سیاسی لە ناوچەدا، زۆر لەو ئاڵوگۆڕانە پێوەندی ڕاستەوخۆیان بە بەرژەوەندی نەتەوایەتی خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە هەیە.

مستەفا هیجری سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە کاتی ڕاگەیاندنی قۆناغی ڕاسان لە نەورۆزی ساڵی ٢٠١٥دا ئاماژەی بەوە کرد کە تەنیا کاتێک کە هێزمان هەبێت جیهانی دەرەوە حیسابمان بۆ دەکات و ئەمەش بوو بەهۆی ئەوەی کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە شێوەیەکی جیددی کار بۆ گۆڕینی سیستەمی بەڕێوەبەری و قەوارەی تەشکیلاتی و دروشمی سیاسی خۆی بکات تا بتوانێت خۆی لەگەڵ هەلومەرجی پێشهاتوو بگونجێنێت.

**بەلەبەرچاوگرتنی:**

- قەیرانە یەک لە دوایی یەکەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هەوڵدانی ئەمریکا بۆ سازکردنی هاوپەیمانی زیاتر لە نێوان دەوڵەتانی عەرەبی سوونە و ئیسرائیل
- دەرکەوتنی ئەمریکا لە پەیمانی ئەتۆمی بەرجام و لەرزۆکبوونی تەواویەتی پەیمانەکە بە هۆی مەترسی گەمارۆکانی ئەمریکا بۆسەر کۆمپانیا گەورەکانی جیهان، ئەگەری لێکترازانی نێوخۆیی کۆماری ئیسلامی بەهۆی شەڕی جیناحی و ئاسەوارەکانی کشانەوەی ئەمریکا زۆر بەهێزە
- هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر هێزەکانی ئێران لە سووریە و بێ هەڵوێستی ڕووسیە ئەگەری پاشەکەشە بە ئێران بەهیزتر دەکەن
- پێکهاتنی هاوپەیمانییە نوێیەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دژی کۆماری ئیسلامی ئێران
- ئاکامی هەڵبژاردنەکانی ١٢ی مانگی مەی ٢٠١٨ عێراق و دۆڕانی لایەنەکانی سەر بە ئێران

هەلی لەبار بۆ ئەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ببێتە ئەکتەرێکی کاریگەر لە پێوەندی لەگەڵ پرسەکانی سیاسی و چارەنووسسازی ئێران زۆرە. ئەمریکا و ڕووسیە و هێزەکانی دیکە دەرەوە بە پێی بەرژەوەندییەکانی خۆیان پێوەندییەکانی خۆیان لەگەڵ بزاڤی کورد ڕێک دەخەن، بۆیە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش دەبێ بەدوای پێوەندییەکی هاوچەشندا بێت. جوڵانەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نابێ چی دیکە بە هۆی پاراستنی بەرژەوەندی بەشێکی

دیکەی کوردستان "خۆی سنووردار"بکات و چالاکییەکانی خۆی لە چوارچێوەی بەرژەوەندی درێژخایەنی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ڕێک نەخات. لە کۆنگرەی نۆهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا خەبـــات لە دەرەوەی وڵات و نێوخـــۆی وڵات وەک دوو بـــاڵی باڵندەیەک کە یەکیان بە بێ ئەوی دیکە ناتەواوە وێنا کراوە. ئەم دەربڕینە ستراتێژیکە لە هەلومەرجی ئەمڕۆدا گرینگیەکی مێژوویی و ستراتێژیکی هەیە، کە پێویستە بۆ بەهێزکردنی خەباتی نەتەوایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەرەنجی تایبەتی پێ بدرێت.  بە مەبەستی بەئاکام گەیشتنێکی چاک لەم نووسراوەیەدا لە درێژەی باسەکەدا سەرنج دەخرێتە سەر پێویستی بەهێزکردنی "سەرمایەی کۆمەڵایەتی نێونەتەوەیی" و ڕۆڵی دیاسپۆرای کورد لە بەهێزکردن و بەرەوپێش بردنی خەباتی ڕزگاریخوازانەی ڕۆژهەڵات شی دەکرێتەوە.

### سەرمایەی کۆمەڵایەتی نێوەنەتەوەیی:

ڕێکخراوەکـــان و دەوڵەتـــان لە کۆمەڵگـــای نێونەتەوەییـــدا وەک تاکەکەســـەکان لە نـــاو کۆمەلگـــادا خـــاوەنی پـــێگەی کـــۆمەڵایەتی جیـــاوازن، کە دەبێـــتە هـــۆی پێکهـــاتنی ئاســـتی جۆراوجـــۆری هێـــز، ئەمنـــیەت و ئاســـایش بـــۆ ئەوان. لە درێـــژەی باســـەکەدا لە ســـەر ســـەرمایەی کـــۆمەڵایەتی نێـــونەتەوەیی و ڕەهەنـــدەکانی ئەو ســـەرمایە واتە "بـــڕوا"، "بەشـــداری" و "تـــۆرە کۆمەڵایەتییەکـــانی" دەوڵەت و ڕێکخراوەکان لە ئاستی نێـونەتەوەیی باس دەکرێت. لەو ڕوانگەیەوە پێویستی سـەرەنجدان بە نۆرمەکانی بڕوا (تایبەتی  و  گشتگیر ) لە

تەک بـرِوای سـتراتیژیک، گرینگـی بەشـداری شـوێندانەر لە سـەر بڕیارە نێونەتەوەییـەکان و لە کۆتاییـدا پـێگەی ڕێکخراوەکان لە سـەر بنەمـای ناوەنـدیتی لە تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکـانی نێونەتەوەییـدا وەک گرینگتـرین بـابەت لە مـژاری سـەرمایەی کۆمەڵایەتی نێونەتەوەییـدا پێناسە دەکرین.

ئەمـرۆ بەتـایبەت دوای ئاڵوگۆڕەکـانی تەکنۆلۆجیـای پێوەنـدیگرتن بینەری بەرفراوانبوونی پێوەندییەکان لە ئاست نێونەتەوەییدا پێوەندی فرەنەتەوەیی و شکڵگرتنی کۆمەڵگایەکی جیهانی لە کەنار کۆمەڵگای نێـونەتەوەیی هەیـن. هەروەک تاکەکەسـەکان لە نێوخـۆی کۆمەڵگـادا بە لەبەرچاوگرتنی هەڵسوکەوتی خاوەنی پێگە و پێوەندی جۆراوجۆری کۆمەڵایەتیە لە ئاست نێونەتەوەییشدا وڵاتان و ڕێکخراوەکان خاوەنی پێگەیەکـی هاوسـان نـین. ئاسـتی بـڕوای نێـوان ڕێکخراوێـک بـۆ ڕێکخراوێکـی دیـکە بەلەبەرچـاوگرتنی ڕادەی بەشـداری لە کـار و چالاکی نێونەتەوەیی، بڕیاردانەکان و تۆڕەکانی پێوەندی جیاوازە. ئەم تایبەتمەنـدیانە لە نێوخـۆی کۆمەڵگـادا بە "سـەرمایەی کـۆمەڵایەتی" دەناسـرێت و لەزانسـتی کۆمەڵناسـیدا بەشـێوەیەکی بەرفـراوان لێکۆلینەوەی لەسەر کراوە. لە ئاستی نێونەتەوەییەدا بەتایبەت لە ناو بزاڤی کوردا بەگشتی ئەو پرسە نەکەوتۆتە بەر باس و ئاوڕێکی وای لێنـدراوە. لە کاتێکـدا پـێگەی کـۆمەڵایەتی ڕێکخراوێـک لە ئاسـتی نێونەتەوەییـدا گرینگیەکـی زۆری هەیە و دەتوانێـت یاریـدەدەرێکی بەهێز بێت بۆ بەرەوپێشبردنی ئامانجەکانی جوڵانەوەی ڕزگاریخوازانە لە ناو سیستەمی نێونەتەوەیی و مسۆگەرکردنی ئاسایش و تەناهی بۆ

خەڵکی کوردستان. هەروەک ئەزموونی جوولەکەکان، ئەرمەنیەکان و تیبێتیەکان نیشانی داوە پێگەی ڕێژەیی ڕێکخراوەکان لە ڕایەڵکەی بەرفراوانی نێونەتەوەییدا دەتوانێت بەسەر سیاسەتی توندوتیژانەی دەوڵەتە داگیرکارەکان شوێندانەر بێت. بە قەوڵی هافنێر بوورتۆن هەروەک چۆن دۆخی ئابووری کەسێک دەبێتە هۆی هاندانی هاوسەنگی و پێکەوە بوون، پێگەی قەوارە کۆمەڵایەتیەکانیش لە سەر جۆری کرداری نێونەتەوەیی شوێندانەرە. لە ڕاستیدا "هێز" نە تەنیا لە ڕێگای دەسەڵاتی ماددی، بەڵکوو هەروەها لە ڕێگای پێگەی قەوارە کۆمەڵایەتیەکانەوە بەدەست دێت.

بڕوای نێونەتەوەیی و بەشداری ڕێکخراوەکان لە ئاستی نێونەتەوەییدا دەتوانرێ بە هێزی نەرمی ئەو ڕێکخراوە لەبەرچاو بگیرێت. هێزی نەرم لە ماوەی پرۆسەیەکی درێژخایەن و لە سەر بنەمای بڕوا پێک دێت. لەڕاستیدا دەتوانین "بڕوا" بە پێشمەرج و پێش زەمینەی هێزی نەرم دابنێین. هێزی نەرم لەسەر بنەمای قەناعەت پێکردن و رازیکردن دادەمەزرێت. هەروەک کۆهەن و نێی ئاماژە پێدەکەن " هێزی نەرم پێوەندی دیالۆگی دوو لایەنەیە کە لە نێوان هۆکار و بابەتی دەسەڵات پێکهاتووە کە هۆکاری دەسەڵات بە بێ سوودوەرگرتن لە کەرەسەی زۆرەملی، توندوتیژی و هەڕەشە لە کەرەسەی قەناعەت پێکردن و ڕاکشانی تایبەت کەڵک وەردەگیرێت.

پرسیار ئەمەیە داخوا جوڵانەوەی ڕزگاریخوازانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەتوانێت ئەو ڕەهەندانە لە ژێر چەتری تێگەیشتنی

هاوبەش کۆ بکاتەوە. بە واتایەکی دیکە داخوا دەکرێ لە ئەدەبیاتی بەرفراوانی سەرمایەی کۆمەڵایەتی لە ئاستی نێوخۆییدا کەڵک وەرگیرێت و لە پانتایی نێونەتەوەیی بەکار ببردرێت؟

بەبڕوای نووسەری ئەو دێڕانە ئەگەر کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بە "کۆمەڵگا"یەک وێنا بکەین، دەکرێ لە سەر واتای سەرمایەی کۆمەڵایەتی ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان لە مەیدانی سیاسەت و پێوەندییە نێونەتەوەییەکان گفتگۆ بکریت.

پرسی سەرمایەی کۆمەڵایەتی نێونەتەوەیی لە جوڵانەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردستان سەرەنجی پێنەدراوە و بەشێوەی پێویست سەرمایەگوزاری بۆ نەکراوە. لە ئاستی پێوەندییە نێونەتەوەییەکانیشدا بە گشتی کەمتر باسی سەرمایەی کۆمەڵایەتی وەک زاراوەیەکی جێکەوتوو کراوە و زۆرتر باسی بڕوای نێونەتەوەیەتی یان پێوەندییە نێونەتەوەییەکان کراوە. لەم نووسراوەیەدا هەوڵی ئێمە ئەوەیە کە بە هێنانە بەرباسی سەرمایەی کۆمەڵایەتی نێونەتەوەیی، باسکردن لە سەر ڕەهەندە جیاوازەکانی ئەو، کەرەسەکانی پێویست بۆ دۆزینەوەی پێگەی کۆمەڵایەتی جوڵانەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێشکەش بکرێت.

بۆیە بە پێویست دەزاندرێت بە کورتیش بێت کورتەباسێک لەسەر سەرمایەی کۆمەڵایەتی و پێناسەکانی ئەو لە ئاستی نێوخۆییدا و دواتر باسی سەرمایەی کۆمەڵایەتی لە ئاستی نێونەتەوەییدا بکرێت.

**سەرمایەی کۆمەڵایەتی لە نێوخۆی کۆمەڵگادا**

لێکـــۆڵەران و زانایـــانی زۆر لە پێوەنـــدی لەگەڵ ســـەرمایەی کۆمەڵایەتی تیـۆری جۆراوجۆریـان پێشکەش کـردووە. پییـر بووردیـۆ (Pierre Bourdieu) بە شێوەیەکی سەرەکی بەو شێوەیە سەرمایەی کـۆمەڵایەتی شـی دەکـاتەوە: سـەرمایەی کـۆمەڵایەتی بـریتییە لە ســەرچاوەکانی پۆتانسـیەل و چالاکـانە کە بەهـۆی ئەنـدامەتی لە ڕایەڵکەیەک لە پێوەندییەکانی نەهادینەکراو لەسەر بنەمای ئاشنایی و ناسیاوی هـاوبەش پێـک دێـت.  بە بـڕوای کـۆلمەن سـەرمایەی کـۆمەڵایەتی بـریتییە لە کۆمەڵێـک لە ســەرچاوە کە لە گـرووپ و ڕێکخراوەدا هەن و شکڵگرتن و کاری ئەنـدامان ئاسان دەکات.  لە ڕوانگەی پانتام سەرمایەی کۆمەڵایەتی لە سەر سێ بنەمای ژیانی کۆمەڵایەتی، ڕایەڵکەکانی پێوەندی و یاساکان و بـڕوا دامەزراوە، کە دەرفەتـی باشـتر بە ئەنـدامان دەدەن بـۆ بەشـداریکردن لە پرۆسـەی بڕیارداندا. لە ڕوانـگەی فوکویاما سەرمایەی کۆمەڵایەتی بریتییە لە کۆی دیاریکراو لە یاساکان و بایەخەکانی نافەرمی هاوبەش لە نێـوان ئەندامانی گرووپ و ڕێکخراوێک کە دەبێتە هۆی هاوکاری لە نێـوان ئەوانـــدا . لەو کورتەباســـەدا وا دەردەکەوێـــت کە ســـەرمایەی کۆمەڵایەتی بـریتییە لە زاراوەگەلـی وەک بـڕوا، هاوکاری و پێوەنـدی بەرامـبەر لە نێـوان ئەنـدامانی ڕێکخـراوێکە، بـۆ ئەوەی بە چـالاکی هاوبەشـەوە بە مەبەسـتی گەیشـتن بە ئامـانج. بە بـڕوای وولکـۆک "زانیـاری"، "بـڕوا" و "یاسـا و ڕیسـاکانی" نـاو ڕایەڵـکەی کـۆمەلایەتی بـریتین لە سـەرمایەی کـۆمەڵایەتی. بەمەبەسـتی پێـوانی سـەرمایەی

کـۆمەڵایەتی، وێـڕای ئەوەی کە سـەرمایەی کـۆمەڵایەتی بەسـەر ڕەهەنـدە جیاوازەکـانەوە دابەش بـووە بـۆ پێناسـەکردنی ئەو لە سێ زاراوە "بــڕوا"، "بەشــداری" و ڕایەڵکەکــانی کــۆمەڵایەتی وەک بەرچـاوترینی شـیکاریەکانی سـەرمایەی کـۆمەڵایەتی بەکـار هـاتوون.
بـڕوا: بـڕوا وەک یەکێـک لە گرینگتـرین ڕەهەنـدەکانی سـەرمایەی کـۆمەڵایەتی، بە تەنیـایی یـان لەگەڵ ڕەهەنـدەکانی دیـکە نیشـانەی ئاســتی بەهرەمەنــدی ڕێکخــراوە و کۆمەڵگاکــانە لە ســەرمایەی کــۆمەڵایەتی. پووتنــام لە "ســەرمایەی کــۆمەڵایەتی"دا پێــوانە و دەرهاوێشتەکانی بڕوا بە نوێنەری سەرمایەی کۆمەڵایەتی دادەنێت . بە بـڕوای فۆکوویامـا کە زیـاتر لە توێژەرەکـانی دیـکە لەسـەر پرسـی سەرمایەی کۆمەڵایەتی کاری کردووە، بڕوا لە سـەر بنەمـای زنجیـرە هەڵسـوکەوتی ئەخلاقـی و دەروەسـت (تعهـد)ە ئەخلاقییـەکانی دوو لایەن دامەزراوە، کە لە ڕێگای ئەندامانی کۆمەڵگاوە بەڕێوە دەچن.
پیتێـر شــوتێمپووکای کۆمەڵنــاس بــڕوا بە دڵنیــابوونی بە واتــای جێبەجێکردنی هەنگاوەکانی لەوانەیی کەسان لە داهاتوودا دەزانێت . بەڵام بڕوا تەنیا پێشبینی هەنگاوەکانی داهـاتوو نییە. بـڕوای ئێمە بە کەسێک بەواتای ئەوە کە کەسەکە زیانێک بە ئێمە ناگەیەنێت. بـڕوا لە ڕاسـتیدا بـریتییە لە بەرژەوەنـدی هـاوبەش و نەبـوونی نیـازخراپی. کەوابوو بڕوا بەواتای دڵنیایی کەسان لە نەبوونی نیاز خراپی یەکترە.
بەشــداری: مەبەســت لە بەشــداری کــۆمەڵایەتی، بەشــداری و دخــاڵەتکردن و پێکەوەکــار کردنــی خەڵکــانی دیــکەیە لە نــاو کۆمەڵگایەکدا. بەشـداری ڕەوتـێکە کە تاکەکەسـەکان و گرووپەکـانی

ناو کۆمەڵگا خاوەنی بەرژەوەندی ڕەوای هاوبەش بن لە پێوەندی لەگەڵ پرۆژەیەکدا و بەشداری بکەن لەو بڕیارانەی کە لە سەر ئەوان شوێندانەرە. بەشداری بە بڕوای تیکر و هاوڕێیانی ڕەوتێکە کە لەودا هاوبەشەکان لە سەر دیاریکردنی ئەولەویەتەکان، داڕشتنی سیاسی، دیاریکردنی سەرچاوە و دەست پێراگەیشتن بە کاڵاو و خزمەتەگشتییەکان شوێندانەرن و ڕۆڵ دەگێڕن. بە بڕوای کێلی بەشداری بە واتای ڕەوتێکە کە لەودا خەڵکی گەڕەکێک بەشداری دەکات لەو پرسانەی کە لە سەر ژیانیان شوێندانەرە و لەوێدا ڕۆڵ دەگێڕن. لە هەمووی پێناسەکانی سەرەوە ئاماژە پێکراو باس لە بەشداری و نفووز لە بڕیارەکانی چارەنووسساز دەکرێت. بەڵام لە نێوان بەشداری ڕواڵەتی و بەشداری چالاکانە جیاوازی زۆر هەیە. لە پێوەندی لەگەڵ کۆمەڵگای سیاسی کوردستاندا سنووردارترین حاڵەتی بەشداری ئەندامەتی لە ڕێکخراوێک و دانی مافی ئەندامەتییە. حاڵەتی شوێندانەری و بەشداری بریتییە لەوەی کە ئەندامانی کۆمەڵگا و هاوبەشەکان لە هەموو پرۆسەکانی بڕیاردانندا خاوەنی دەنگی خۆیان بن و چالاکانە بەشداری بکەن لە پرۆسەی بڕیاردان و جێبەجێ کردنیدا.

ڕایەڵکەکان: ئەندامەتی لە تۆڕ یان ڕایەڵکەکان و هاوبەشی لە بایەخە هاوبەشەکان یەکێکی دیکە لە ڕەهەندەکانی سەرمایەی کۆمەڵایەتییە. ڕایەڵکەی کۆمەڵایەتی قەوارەیەکی کۆمەڵایەتییە کە پێک هاتووە لە کۆی چالاکڤانانی کۆمەڵایەتی (تاکەکەس یان ڕێکخراوە) و لەو ڕێگایەدا پێوەندیەکی ئۆرگانیک لە نێوان چالاکاندا

ساز بووە. بەواتایەکی دیکە ڕایەڵکە یان تۆڕێکی کۆمەڵایەتی لە کۆی چالاکڤانـان یـان گرووپـی چالاکڤانـان و پێوەنـدی لە نێوانیـان پێـک هاتووە.

**سەرمایەی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگای نێونەتەوەییدا:**

هەروەک پێشـتر باسـکرا سـەرەڕای ئەوەی کە لە پێوەنـدی لەگەڵ پرسە نێوخۆییە کۆمەڵایەتییەکان زۆر باسی سـەرمایەی کۆمەڵایەتی کـراوە، لە ئاسـتی نێونەتەوەییـدا بەتـایبەت لە نـاو ئـێمەی کـورددا سـەرەنجێکی وا بە واتـای سـەرمایەی کـۆمەڵایەتی نەدراوە. ئەمە لەکاتێکـدایە کە بە لەبەرچـاوگرتنی شـوێندانەری پرسـە نێونەتەوەییەکان لەسـەر چارەنووسـی وڵاتـان و نەتەوەکـان و بە پێـی ئاسـتی بەشـداری یـان چالاکیـان لە کۆمەڵگـای نێـونەتەوەیی ئـێمە دەتـوانین باسـی سـەرمایەی کـۆمەڵایەتی لە ئاسـتی نێونەتەوەییشـدا بکەین. ئەمڕۆ کۆمەڵگا شتێکی بەرفراوانتـرە لە چوارچێوەی سنووری وڵاتـان و سـنوورێکی تـایبەتی جـوغرافی شـی دەکرێتەوە. کەوابـوو لە ئاستی نێونەتەوەییەدا دەتـوانین "یەکەی سیاسـی" وەک تـاکەکەس لە نـاو کۆمەڵگـای نێونەتەوەییـدا بەرچـاو بگیرێـت. لەو چوارچێـوەیەدا سـەرمایەی کـۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگـای نێونەتەوەییـدا بـریتییە لە زانیاری، بڕوا و نۆرمەکانی بەرامبەر کە لە ڕایەڵکە کۆمەڵایەتیەکانـدا لێرەدا یەکیەی سیاسی (حیزب و ڕێکخراو).

هەرچەنـد تـا ئێسـتا لە نـاو بزاڤـی ڕزگـاریخوازانەی کوردسـتاندا زاراوەی "سەرمایەی کۆمەڵایەتی نێونەتەوەیی" بەکـردەوە لە پێوەنـدی

لەگەڵ کاری پێوەندییە نێونەتەوەییەکان بەکار نەهاتووە؛ کاتێک ڕەهەندە جیاوازەکانی سەرمایەی کۆمەڵایەتی لە بەرچاو بگرین، دەبینین کە لەو بوارەدا سەرچاوەی زۆر بۆ تێگەیشتن و بەکاربردنی ئەو زاراوەیە هەیە. لە درێژەی باسەکەدا بە کورتی باسی سێ زاراوەی "بڕوا"، "بەشداری" و "تۆڕەکان" وەک ڕەهەندەکانی بنگەهی سەرمایەی کۆمەڵایەتی لە ئاستی نێونەتەوەییدا دەکرێت.

**بڕوا لە ئاستی نێونەتەوەییدا:**

بڕوا وەک یەکێک لەو زاراوە سەرەکیەکانە کە لە هەر ڕێکخراو و ناوەندێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریدا بە شێوەی گشتی لە ئاست کۆمەڵناسی، فەلسەفە، ئابووری و یاسادا جێگەی باسە. لە ئاستی نێونەتەوەیشدا ئەو زاراوەیە زۆر جێگای سەرەنجە. بڕوا لە پێوەندییەکانی نێونەتەوەییدا وەک کۆڵەکەیەکی گرینگ لە کەشی سیاسیدا دەبیندرێت. بڕوا لە پێوەندی نێونەتەوەییدا گرینگیەکی بەرچاوی هەیە، چونکە بڕوا زەمینەی هاوکاری و پێکهێنانی ڕایەڵکەکانی هێمنایەتی درێژخایەن دەخوڵقێنێت. ئاستی بەرزی بڕوا دەبێتە هۆی هاوکاری و کەمکردنەوەی کێشە و تەنگەژەکان. بڕوا دەبێتە هۆی ئەوەی کە بتوانرێ پەیمانی هاوکاری و هاوبەش نێوان پێکهاتەکان ساز بکرێت. لەبەرامبەردا نەبوونی بڕوا دەبێتە هۆی کەشی گومان لە فێل لەیەک کردن و بێ بڕوایی و لەدەستدانی دەرفەتەکان . ڕێبەران دەتوانن بە شێوەیەک کار بکەن کە ناسنامەکان بڕوایان بە نەتەوە و ڕێکخراوەکانی دیکە هەبێت یا خود

دەرهەق بەوان بێ بڕوا بن. ناسنامە کۆلێکتیڤەکان لەوانەیە لە ناو سنوور یان دەرەوەی سنووره دیاریکراوەکان لە نێوان ئەندامانی کۆمەڵگادا پێک بێن، لەوانەیە بەپێی ئەوەی کە چۆن ئەو ناسنامانە شی دەکرێنەوە ئاڵوگۆڕیان بەسەردا بێت. سروشتییە ئەو کەسانەی کە زۆرتر وەک یەک دەچن دەتوانن زیاتر بڕوا بە یەکتر بکەن و یاسا و نۆرمەکان دەتوانن یارمەتیدەربن بۆ دۆزینەوەی ناسنامەی هاوبەش. بۆ نموونە دەتوانین ئاماژە بە ئەندامەتی حیزبە کوردستانییەکان لە سۆسیالیست ئەنترناسیۆنال بکەین کە کۆمەڵگایەکی نێونەتەوەییە لە حیزب و ڕێکخراوەکانی سۆسیالیست و سۆسیال دێموکرات.

لە بواری جۆری بڕوا لە ئاستی نێونەتەوەییدا شی کردنەوەی جیاکەروەی جۆراوجۆر هەن. گشتیترینی ئەو جیاکەرەوانە بریتییە لە بڕوای "ڕاسیۆنال"و بڕوای نۆرماتیف یان لە چوارچێوەی ئەخلاقیدا. نزیکبوونەوەی ڕاسیۆنال یان عەقڵانی لە ڕوانگەی ستراتێژیکەوە بە پرسی بڕوا نزیک دەبێتەوە کە بریتییە لە کۆکردنەوەی زانیاری لە ئامانجی لایەنەکان بەلەبەرچاوگرتنی ستراتێژیی ڕێکخراوە هەڵسوکەوت دەکات. لە کاتێکدا بڕوای ئەخلاقی لێکدانەوەی جێی بڕوابوونی خەڵکانی دیکە بە لەبەرچاوگرتنی یەکیەتی و ئینسجامی ناوخۆیی ڕێکخراوە و کەسایەتی شەریکی لەوانەیی لێکدەدرێتەوە . بەو پێیە کاتێک باس لە بڕوای ستراتێژیک دەکرێت، خاڵی بەرامبەر بڕوا بێ بڕوایی نییە بەڵکوو نەبوونی بڕوایە. بەڵام لە پێوەندی لەگەڵ بڕوای ئەخلاقی پرسەکە پێوەندی بێ بڕیاریەوە نییە.

لەوانەیە پرسی بڕوای نۆرماتیف یان ئەخلاقی کە زۆرتر پێوەندی بە پێوەنــــدیی نێــــوان تاکەکەســــانەوە هەیە چ پێوەنــــدییەکی بە پێوەنـدییەکانی نێـونەتەوەییەوە هەیە. بەڵام هەروەک پێشـتر باسـکرا گەشـەکردنی ئاسـتی پێوەنـدییەکان و بەربـڵاوی کۆمەڵگـای کـورد لە ئاستی جیهانیدا و بەجیهانی بوونی پرسەکان و هەروەها نرخی بایەخە هاوبەشەکان دەبێتە هۆی پێکهاتنی بنەمای دۆستایەتی و پێوەنـدی لە ئاســــتی نێونەتەوەییشــــدا. مــــرۆڤ کــــۆیەکی گشــــتیە کە لەودا هەســــتەکانیش هاوبەشــــن. بــــۆیە بەشــــداریکردنی هەســــتەکان لە پێوەندییەکانی نێونەتەوەییدا دەبێتە هۆی قووڵتر بوونی پێوەنـدییەکانی سیاسی لە ئاستی نێونەتەوەییشدا.

بڕوای ئەخلاقی دەتـوانرێ بە دوو قۆنـاغی بـڕوای گشـتی و بـڕوای تـایبەت دابەش بکرێـت. بـڕوای گشـتی بەو واتـایەدایە کە بەگشـتی خەڵکانی دیکە جێگای بڕوان. لە بەرامبەردا بڕوای تایبەت لە بـڕوای ئەخلاقیــدا بــریتییە لە بــڕوایەک کە لە ســەر بنەمــای ناســنامەی هاوبەشـی کەسانێ کە وەک خۆمـانن پێـک دێـت. بـڕوای تـایبەت بە پێچەوانەی بڕوای گشتی کە تایبەت بە کەسانی دەرەوەی ڕێکخراو و کۆمەڵگایە، دەبێتە هۆی بەهێزبوونی بڕوا لە ناو ئەنـدامانی کۆمەڵگا و ڕێکخراودا.

جیاوازی نێوان بڕوای گشتی و بڕوای تایبەتی وەک جیاوازی نێوان ســــەرمایەی کــــۆمەڵایەتی نێوخــــۆیی (bonding) و دەرەوەیــــی (bridging)یە. سـەرمایەی کۆمەڵایەتی دەرەوەیـی بـریتییە لە پـردی پێوەنــدی نێــوان کۆمەڵگــا جیاوازەکــان، لە کاتێکــدا ســەرمایەی

کــۆمەڵایەتی نێوخــۆیی بــریتییە لە پێوەنــدی کەســانێک کە لە چوارچێوەی ڕێکخراوێکی هاوبەشدا وەک یەک دەچن. هەروەک لە پرسە گشتییەکانی کۆمەڵایەتیدا بڕوای تایبەت لە نێوان کەسانێک کە پێوەنــدی بەهێــزی ناســنامەیی هاوبەشــن و خــاوەنی بــایەخ، فەرهەنگ و ڕابردووی هاوبەشن (وەک بنەماڵە، هاوڕێیان، ئەندامانی نەتەوە) بەهێزترە لە بڕوا لە نێوان کەسانێک کە خاوەنی کەمترین خــاڵی هــاوبەش بــن. لەســەر ئەو بنەمــایە ڕێــبەران و دەوڵەت و ڕێکخراوەکانیش کاتێک خاوەنی بەها و نرخ و ناسنامەی هاوبەش بن، دەتوانن زیاتر بە یەکتر بڕوا بکەن و زەمینەی هاوکاری لە نێوانیاندا ئاسانتر دەبێت. ئەم پرسە لە پێوەندی لەگەڵ هاوبەشی نەتەوەیەتــی و هاوبەشــی ئامــانجی سیاســیش دەگونجێــت، کەوابــوو سروشــتییە ئەو یەکە سیاسیانەی کە خاوەنی ئامــانجی هاوبەشــن و لەڕووی بایەخە سیاسییەکانەوە وەک یەک دەچن بتوانن زیاتر بڕوا بەیەکتر بکەن و هاوکاری یەکتر بن. بڕوای گشتی بە ڕێبەران دەرفەت دەبەخشێت تا لە کاتی تەنگەژەکانیشدا هەموو پردەکان وێران نەکەن و هەوڵ بدەن بە شێوەیەکی ژیرمەندانە و بەمشوورەوە هەڵســوکەوت بــکەن. هــیچ بــڕوایەک بــێ مەرج نیــیە و تەنــانەت ئەوانەی کە بڕوا بەیەکتریش دەکەن ئەگەر هەزینەی خەیانەت زۆر بەرزبێــت یــارمەتی بەیەکتــر نــاکەن، چــونکە لە پێوەنــدییە نێونەتەوەییەکانــدا بەرژەوەنــدی قســەی یەکەم دەکــات. لەگەڵ ئەوەشدا لە پێوەندییەکاندا بڕوا لەسەر بنەمای کاری هاوبەش و

بەرامبەر ئەنجام دەدرێت و هیچ لایەنێک بێ بەرامبەر بڕوا بە لایەنی دیکە ناکات بۆ هاوکاری کردن.

**بەشداریی نێونەتەوەیی:**

بەشداریی ڕەهەندێکی دیکەی سەرمایەی کۆمەڵایەتییە. ڕێکخراوگەلی زۆر هەن کە بەبەشداری لە ئاستی نێونەتەوایەتیدا توانیویانە سەرکەوتنی بەرچاو بۆ ئامانجەکانی خۆیان بەدەست بێنن. یەکێک لە بەرچاوترین شێوەکانی بەشداریی نێونەتەوەیی ئەندامەتی ڕێکخراوە سیاسی و مەدەنییەکان لە ڕێکخراوەکانی نێونەتەوەیی و بەشداریی لە چالاکییەکانیاندایە. بەشداریی نێونەتەوایەتی لەسەر شێوازی فەرمی و نافەرمی دابەش دەکریت. بەشداریی فەرمی بەشداریی لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان یان ڕێکخراوەکانی نێونەتەوەیی دیکە بە واتای ئەندامەتی لەواندا، ڕۆل و پێگەی ڕێکخراو یان وڵات بە پێی چالاکی ئەو ڕێکخراوە لە پرۆسەی بڕیاردان و بەشداری لە چالاکییەکانی دیاری دەکرێت. بەشداری ڕواڵەتی واتە تەنیا ئەندام بوون لە ڕێکخراوێکدا بە بێ چالاکی و ڕۆلنواندن دەتوانێت زیان بە بڕوای ڕێکخراوەکە بگەیەنێت و ڕێکخراو لە تەواویەتی خۆیدا وەک یەکیەیەکی پاسیڤ و ناچالاک کە ڕۆڵێکی نییە جگە لە سەرباربوون بۆ کۆمەڵگای نێونەتەوەیی دەبیندرێت.کەوابوو پێوانەی ڕادەی بەشداریی ڕێکخراوێک لە ئاستی نێونەتەوەییدا بە ڕادەی شوێندانەری ئەو ڕێکخراوە لە بڕیارە نێونەتەوەییەکان دایە. خاڵیکی دیکە لەو پێوەندییەدا پێگەی

ڕێکخراوەکـانە لە ئاسـت پێوەنـدیە نێونەتەوایەتییەکـان کە ئەویـش پێوەنـدی بە گەورەیـی، بەهێـزی ئەو ڕێکخـراوە لە نێوخـۆی وڵات و هێـزی نێوخـۆیی و مـژاری بەشـداری ئەو لە ئاسـتی نێونەتەوەییـدا و بڕیارەکانی پێوەندیدار دایە.

لە پێوەندی لەگەڵ بەشداریی لە بڕیارە ناونەتەوەییەکانـدا هۆکاری زۆر کاریگەرن. یەکێـک لە هۆیەکانی بەشـداریی نەکـردن لە ئاسـت بڕیـارە نێونەتەوەییەکانــدا پێوەنــدیان هەیە بە هۆیەکــانی نێوخــۆیی (تایبەتمەندییەکانی ئەندامانی ڕێکخراوە، سیاسەتەکانی داخراو و ..) و پێوەنـدییەکانی پڕنەتەوەیـی و ژیئۆپـۆلیتیکەوە . لەو پێوەنـدییەدا دەبـێ سەرەنج بدرێتە نۆرمە هاوبەشەکان لە پێوەندی لەگەڵ بەشـداریی لە چالاکیە نێونەتەوەییەکانـدا. دژایەتـی کـردن و دژبەری لەگەڵ نـۆرمە هاوبەشەکان دەتوانێت ببێتە هۆی کەم بوونی ئاستی نفـووز و بـڕوای نێونەتەوەیی. تەنانەت ڕێبەرانـی بەهێـزی جیهـانیش ئەگەر پابەنـد بە نۆرم و یاسا هاوبەشەکان نەبـن و بە شـێوەی بەردەوام ئەوان لە ژێـر پـێ دابنـێن یـا خـود لـێگەر لە بەرامـبەر یاسـا هاوبەشـەکان دروسـت بکەن، دەبنە هۆی لەدەستدانی بڕوا و پرستیژی ڕێکخـراوە یەکەکـانی ژێر ڕێبەریان.

## ڕایەڵکە نێونەتەوەییەکان:

تـۆڕ یـان ڕایەڵـکە کۆمەڵایەتییەکـان ڕەهەنـدێکی دیـکەی گرینگـی سـەرمایەی کـۆمەڵایەتین. لە ئاسـتی نێونەتەوەییشـدا وەک ئاسـتی نێوخۆیی ئێمە بینەری ڕایەڵکە و تۆڕی جۆراوجۆری نێوان ئەندامان و

یەکەکـــانی کـــۆمەڵایەتی وەک ڕێکخـــراوە نێونەتەوەییەکـــان، دەوڵەتەکـانین کە خـاوەنی گرێـدراوەیی هاوبەشـن کە ڕایەڵکەکـانی پێوەنـدییە نێونەتەوەییەکـان پێـک دێـنن. ئەم ڕایەڵکـانە لە ڕێگـای دیـاریکردنی ئەرک و دەسـەڵات بە ئەنـدامانی خۆیـان و لە ڕێگـای شــکڵدان بە بــاوەڕە هاوبەشــەکان و لە پێوەنــدی لەگەڵ ڕەفتــار و کـرداری هاوبەشـدا ڕۆڵ دەگێـڕن. لەو ڕوانـگەیەوە دەسـەڵات تەنیـا دەست پێراگەیشتن بە سەرچاوەکان نییە، بەڵکوو دەسەڵات پێوەندی بە ئاستی ئەندامەتی و حزوور لە ڕایەڵکە کۆمەڵایەتیەکاندایە.

بـوونی پێوەنـدی لەگەڵ ئەو ڕێکخـراوانەی کە خـاوەنی پێوەنـدیی کـۆمەڵایەتی بەهێـزن، شـوێندانەرە لە سـەر چـۆنیەتی پێوەنــدییە ناوخۆییـەکانی ریکخـراوەکەش. فـریمەن، سێ کـۆلەکەی واتـایی بە مەبەسـتی پێـوانی ئاسـتی ناوەنـدێتی (مرکزیـت) لە نـاو ڕایەڵـکەی ڕێکخراوەکـان پێناسـە دەکـات کە بـریتین لە: ناوەنـدێتی پلەیـی ، نزیکایەتی  و لە ناوەڕاستبوون . ناوەندێتی پلە یەک کۆبەندیەک لە بـایەخ و پێوەنـدییەکانی نێـوان گـرووپ لەگەڵ گرووپەکـانی دیـکەی ڕایەڵکەیە. ناوەنـدێتی نزیکـایەتی لە ڕێگـای درێـژەی ڕێگا لە  نێـوان گــرووپ و هەمــوو گرووپەکــانی دیــکەی نــاو ڕایەڵــکە دیــاری دەژمێردرێـت. ئەم پێناســەیە لە پێوەنـدی لەگەڵ بەراوردی کـاتی پێویسـت بـۆ گەیشـتنی زانیـاری لە پێوەنـدی لەگەڵ گـرووپەکە بـۆ هەموو ئەندامانی ڕایەڵکەکە بەکار ببردرێت. لە ناوەڕاست بـوون بە ڕادەی ئەو پێوەنـدییانەی کە گرووپێـک لەگەڵ گرووپەکـانی دیـکەی نــاو ڕایەڵــکەی هاوبەشــدا هەیەتــی دەژمێردرێــت. لە بەرامــبەردا

ناوەنــدێتی بە بــازنەیی تایبەتــدان  لە ڕێگــای پێوەنــدییەکانی بە گـــرووپێکەوە و دەســـەڵاتی ئەو پێوەنـــدییەوە لەگەڵ ناوەنـــدێتی گرووپەکـانی دیـکەی دەرەوەی ڕایەڵـکەی خـۆی لە پێوەندیـدایە . ڕێکخراوێــک کە خــاوەنی ئاســتێکی بەرزی ناوەنــدێتی لە تــۆڕی ڕێکخراوەکاندا بێت و پێوەندی بەهێزی لەگەڵ زۆر لە ڕێکخراوەکاندا هەبێـت، دەتوانێـت لە ڕێگـای پـێگەی ناوەنـدێتی خـۆیەوە بە ئاسـانی دەستی بە زانیـاری و سـەرچاوەکانی ڕێکخراوەکـانی دیـکە ڕابگـات و بەو پێیە ببێتە خـاوەنی هێزێکی کۆمەڵایەتی بەهێـز. بەو پێـیە هێـزی کۆمەڵایەتی نەتەنیـا بە گـرووپ جـا چ حیـزب و ڕێکخـراوە بێـت یـا خود دەوڵەت ڕێگە دەدات کە لە سەرچاوەکانی ئەو گرووپانە کەڵک وەرگرێت، بەڵکوو دەتوانێـت شـوێندانەر بێـت لە سـەر بیروبۆچـوون و هەڵوێســـتی ئەنـــدامانی ڕایەڵـــکەکە لە پێوەنـــدی لەگەڵ پرســـە هاوبەشەکان و پرسی ئامانجی ڕێکخراوی ئەنـدام. هەرچەنـد لەوانەیە ئەنـدام بـوون و پێوەنـد بـوون لەگەڵ ڕایەڵکەکـانی دیـکە هێنـدێک سـنوور بـۆ ڕێکخـراوەکە لە پێوەنـدی لەگەڵ جـۆری سـەربەخۆیی بڕیـاردان پـێش بێنێـت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا دەرفەتـی گەورە بـۆ بەهێزبـوون و شـوێندانەربوون بۆ ڕێکخـراوەکە دەخـوڵقێنێ.  چـۆنیەتی پێوەنـدی ڕێکخراوەکـان لە ڕایەڵـکە کۆمەڵایەتییەکـانی نێونەتەوەییـدا کاتێـک گـرینگیەکەی دەردەکەوێ کە بـزانین ئەو ڕایەڵکـانە لە سـەر ڕایەڵکەکانی دیـکە شـوێندانەرن. بـۆ نمـوونە پێوەنـدی ئابووری نێـوان دوو وڵات دەبێـتە هـۆی پێکهێنـانی زۆر لایەنـی دیـکەی هاوکـاری گەشـەکردنی بوارەکـانی دیـکەی پێوەنـدی. هەمـان شـێوە پێوەنـدی و

هاوکاری نێوان ڕێکخراوە سیاسیەکانیشدا دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی ڕەهەنـــدی دیـــکەی پێوەنـــدییەکان و گەشـــەکردنی هـــاوبەش لە پێوەندییەکاندا. پێگەی کۆمەڵایەتی نێونەتەوەیی دەتوانێت شوێندانەر بێت لەسەر هەموو پێوەندییەکان و ڕێکخراو و جۆڵانەوە ئابووری، کـــۆمەڵایەتی، سیاســـی و فەرهەنگییەکـــان لەسەرانســـەری جیهـــان شوێندانەرن لەسەر یەک.

## دیاسپۆڕای ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەرچاوەی سەرەکی بۆ سەرمایەی کۆمەڵایەتی نێونەتەوەیی:

هەرچەند ئامارێکی فەرمی لە ڕادەی کوردستانیانی ڕۆژهەڵات لە دەرەوەی وڵات بەدەستەوە نییە، بەڵام ئەگەر وادابنێین کە ڕێژەی کوردستانیانی ڕۆژهەڵات لە دەرەوەی وڵات وەک ڕێژەی دانیشتوانی کورد لە نێوخۆی وڵاتیشە، ئەوکات نزیک یەک ملیۆن کوردی ڕۆژهەڵاتـــی لەدەرەوەی وڵات دەژیـــن. ڕادەی دانیشـــتوانی ئێرانـــی لەدەرەوەی وڵات خۆی لە ٦ ملیۆن کەس دەدات.

لەم وتارەدا هەوڵماندا وێڕای ئاماژە بە ڕۆڵ و ستراتێژی دەوڵەتە زلهێزەکان لە پێوەندی لەگەڵ کوردستان، باسی گرینگی پێگەی کۆمەڵایەتی جۆڵانەوەی نەتەوایەتی لە کۆمەڵگای نێونەتەوەیەتیدا بکەین. ئەم گرینگیە شوێندانەری هەڵکەوتی ڕێژەیی ڕێکخراوەکان لە تۆڕ و ڕایەڵکە نێونەتەوایەتییەکان وەک ئۆلگوویەک بۆ ئاستی هاوکاری و کێشە و تا ڕۆڵی بڕوا و نۆرمەکانی هاوبەش وەک پێشمەرج و پێشزەمینەی هێزی نەرم لەخۆ دەگرێتەوە. ڕایەڵکەکانی

کۆمەڵایەتی نێـونەتەوەیی وەک ڕەهەنـدێکی گرینـگ لە سـەرمایەی کـۆمەڵایەتی نێـونەتەوەیی هەژمـار کـرا. ئەم ڕایەڵکـانە بە گشـتی لە بەسـتەری ڕێکخـراوە نێونەتەوەییەکـان پێـک دێـن، بەو حـاڵەش ئەو ڕێکخراوانە تەنیا بەستەری پێکهێنانی ڕایەڵکە نین، پێوەنـدی بەوانەوە دەتـوانێ ببێـتە هـۆی ئاڵوگۆڕی دیپلۆماتیـک و پەروەردەیـی. هەروەها بەکاربردنی و بەشداریی دیاسپۆڕای کوردی لەو ڕێکخروانەدا دەتوانێ ببێـــتە هـــۆی پێکهـــاتنی ناســـنامەی هـــاوبەش لە نێـــوان ناســـنامە جۆراوجۆرەکاندا ئەمەش دەبێتە هۆی پێکهاتنی ڕایەڵکەیەکی بەهێـز لە نێوان یەکەکانی جۆراوجۆری نێونەتەوەیی. چـۆنیەتی ئەو ڕایەڵکانە دەکـرێ بە پێـی ناوەنـدێتی ئەنـدامانی ئەو ڕێکخـراو و دەوڵەتـانە لە ئاســت وڵات و پرســە نێونەتەوەییەکانــدا لەبەرچــاو بگیرێــت و بەو پێیەش دیاسپۆڕای سازماندراوی کـورد تێـدا ڕۆل بگێرێـت. پێبەپـێ زیادبوونی ئاستی کـۆچبەری و دیاسـپۆڕای کۆمەڵگاکـان لە هەنـدەران پێویستی و هێزی لـۆبیگەری و سازکردنی ڕایەڵکەکانی شـوێندانەری لە وڵاتانــدا گەشــەی کــردووە. ئەمریکـاییە ئیرلانــدیەکانی ســەدەی نـــۆزدەهەم یەکێـــک لە بەهێزتـــرین لابیەکـــانی نەتەوایەتـــی لەو سـەردەمەدا بە حیسـاب دەهـاتن. بەڵام لابـی نەتەوەکـانی دیـکە لە مـاوەی پەنجـا سـاڵی ڕابـردوودا دەسـتی پێبـووە. ئەمەش بەرهەمـی زیـادبوونی ژمـارەی کـۆچبەرانی نیشـتەجێی وڵاتـانە. سـەرەڕای بـوونی ژمارەیەکی بەرچاو و سەرمایەیەکی بەهیزی کـۆمەڵایەتی لەدەرەوەی وڵات، حیـــزبە کوردســـتانییەکانی ڕۆژهەڵاتـــی کوردســـتان هەوڵـــی ســـتراتیژیک و بە بەرنامەیــان بــۆ کەڵکــوەرگرتن لە هێــزی نەرمــی

کۆمەڵگـای کـوردی لەدەرەوەی وڵات نەداوە و خـاوەنی سـتراتیژی ڕێکخراو لەو بارەدا نین. جوڵانەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبێ سەرەنج بەوە بـدات کە سـەرمایەی کۆمەڵایەتی نێـونەتەوەیی وەک بەشێک لە سەرچاوەی هێز دەتوانێت خزمەتێکی بەرچاو بکات بـۆ بەرەوپێشـبردنی ئامانجەکانی خەبـاتی نەتەوایەتـی لە ڕۆژهەڵاتـی کوردستان. ئەمەش پێویستی سەرنجی ڕێبەرایەتی سیاسی کورد بەو پرسە و گـرتنەبەری سـتراتیژیەکی نیشـتمانی نەک حیزبـی ڕۆژەڤتـر دەکات. هەروەک چۆن سەرمایەی کۆمەڵایەتی نێوخـۆیی لە ژێـدەرە جۆراوجۆرەکـانەوە سـەرچاوە دەگرێـت، سـەرمایەی کـۆمەڵایەتی نێـونەتەوەییش ژێـدەری جۆراوجـۆری هەیە. ناسـینی سـنوورەکان و دۆزیـنەوەی دەرفەتەکـان بـۆ کەڵـک وەرگـرتن لە سـەرمایەی کۆمەڵایەتی نێـونەتەوەیی دەتوانێـت ئاستی شـوێندانەری جـوڵانەوەی کورد لە نێوخۆی وڵاتدا بەرزتر بکات و هەزینەکانی خەباتی نێوخۆیی لە بەراورد لەگەڵ ڕابردوو کەم بکاتەوە. لێکدانەوەی ڕێگاکاریەکانی کردەوەیی بەهێزکردنی ئەو سەرمایەیە دەتوانێت مژاری گفتگۆیەکی نیشتمانی و لایەنەکانی شوێندانەری خەباتی نەتەوایەتـی گەلـی کـورد لە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان بێـت بـۆ پێکهێنـانی زەمینەیەکی هاوبەشـی نێونەتەوەیی کردنی پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

تیشک

# ڕاسان لە بەرانبەر داگیرکەر
# و
# ڕۆلی گرینگی حیزب وەک داینەموی ڕاسان

ئەلبورز ڕۆئین تەن

### دەستپێک

لە ساڵی ٥٥٠ پێش زایین کە وڵاتی مادەکان لەلایەن کورش شای ئێـران داگیـر دەکرێـت، تـا ئەمـڕۆ کە پێشـمەرگە لە شـاخەکانی کوردستان خەبات دەکەن، نەتەوەی کورد بەردەوام بێ وەستان و بە قوربانیەکی بێ وێنە بۆ بە دەست هێنانی مافەکانی تێدەکۆشیت. هەر چۆن لە سەدەکان ٦ پێش زایین شۆڕشی گیئوماتای ماد بە دژی داگیرکەران دەستی پێکرد، تا ئێستاش دۆزی ڕەوای کورد بۆ بە ئامانج گەیاندنی بەردەوامە، بۆ بەدەست هێنانی سەروەری لە خاکی خۆی قوربانی دەدات و ئێستاش لە پەیڕەوی پەسندکراوی کۆنگرەی شانزدەی حیزبی دێموکرات دا هاتووە "بۆ نەتەوەی کورد، گرینگ ئەوەیە لە سەر خاکی خۆی سەروەر بێ. دابینکردنی سیاسەتی کولتوری، کۆمەڵایەتی و کاروباری ئابووری نێوخۆی کوردستان دەبێ لە ئەستۆی حکوومەتی هەرێمی ڕۆژهەلاتی کوردستان بێ."

خاکی ماد واتە کوردستانی ئێستا کە داگیر دەکرێت جوڵانەوەکانی کوردەکان یەک بە دوای یەک بۆ بە دەست هێنانی ڕزگاری تا ئەمڕۆش بەردەوامن هەر یەکێک لەو شۆڕشانە بە جۆرێک ڕاسانی گەل و تێکوشەرانیانە بەرانبەر بە داگیرکەران. لە بەرانبەر شۆڕشی گیئوماتای ماد کەمبوجیە لە کاتی گەڕانەوەی لە میسر وەسیەت بۆ هەڵبژێردراوانی (نخبەگان) فارس هاتووە کە "پارسەکان سوێند دەدات هیج کات نەهێلن هێز و دەسەڵات بۆ مادەکان بگەڕێتەوە

ئەگەر بە هێز دەسەڵاتیان بە دەست هێنا بە هێز لێیان بستێنەوە ئەگەر بە فێڵ ئەوکارەیان کرد ئێوەش بە فێڵ پێشی پێ بگرن".١

ئەوەی جێگای سەرەنجە ئەمڕۆش لە دەوڵەتی ڕوحانی لە بەرانبەر کورد و کوردستان بە هەمان فەلسەفە کار دەکات، تەنانەت هەبونی بەرپرسێکی خەڵکی ناوچەیی لە خاکی کوردستان بە کورد ڕەوا نابینرێت تەنانەت ئەگەر وەفاداری ئەو کەسەش بۆ ڕێژیم سەلمێندراو بێت. واتە داگیرکاری بە شێوەیەکی ڕوون ئاشکرا بەردەوامە. لە هەمان کاتدا ئێستاش کورد دوای ئەو هەموو مێژوویە لە خەبات و تیکۆشان دایە بۆ ڕزگاری کۆتایی. ئەو خەباتە لە چەند ساڵی دوایی دا جۆش وخرۆشێکی زیاتری بە خۆوە بینیەوە کە بە ڕاسان دەناسرێت.

کە واتە دو وشەی ڕاسان و داگیرکەر زیاتر لە مانای خۆیان ڕەنگدانەوەیان لە سەر ژیانی کوردان دا هەیە. پێم وایە بە شی کردنەوەی ئەو مانایانە لە ژیانی تاکی کورد و پەژراندنی لە لایەن ڕای گشتی کوردەوە وا دەکات کە خەبات بە ئامانج بگەینین. بەڵام نابێت لە بیرمان بچێت فاکتەری سەرەکی لە بە ئامانج گەیاندنی ڕاسان بەهێزکردنی داینەمۆی ڕاسان واتە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە.

ئەمە کارێکی ئاسان نییە چونکە زیاتر لە ٢٥٠٠ ساڵە دوژمن بە هەر شێوەیەک بۆی کرابێت هەوڵی جێبەجێ کردنی هەنگاوەکانی داگیرکاری یەک لە دوای یەک دەدات، واتە دەستبەسەرداگرتنی خاک نەهێشتنی زمان و کلتور و مێژوو بە گشتی شوناسی

نەتەوایەتیمان بۆ ئەوەی وەک کورد بسڕێینەوە، نەتوانین لە خاکی خۆمان دا سەروەر بین، بەڵکو وەکوو کوێلە ئەرکی پاراستنی سنوری ئەوانمان هەبێت. "مرزبانان غیور" کە بە کورد دەگوترێ ڕووی ئاشکرای ئەو سیاسەتەیە. ئەو چەندەش بۆ کورد دو ئەوەندە سەختتر دەبێت کاتێک دوژمنی کوردان دەسەڵاتی فارسی خاوەن حیلەو فێل و درۆ بێت. لەو نوسینە دا هەوڵدەدەم بە شرۆڤەیەک بۆ داگیرکەر، ڕاسان لە بەرانبەر داگیرکەر و جەخت لە سەر ڕۆڵی گرینگی حیزب وەک داینەموی ڕاسان دەکەم.

### داگیرکەر

داگیرکەر بە مانای دەست بە سەر داگرتنی خاکی وڵاتێکی تر و بەڕێوەبردنی بێ ئەوەی ڕەزامەندی خەڵکی ناوچەکە لە سەر بێت دەتوانرێت پێناسە بکرێت. ئەگەر ئاوڕێک لە مێژووی داگیرکاری لە دونیا بدەینەوە. هۆکارەکانی داگیرکردنی خاکێکی تر جیاوازن و لە مەودای زەمەنی جیاواز دا ئەولەویەتی ئەو هۆکارانە دەگۆڕێت. دەتوانین ئاماژە بە داگیرکردنی ئێران و وڵاتانی تر لە لایەن یۆنانییەکان بۆ دەست بەسەرداگرتنی خاکی زیاتر ئەنجام دراوە بکەین، داگیرکردنی وڵاتەکان بە مەبەستی پەرەپێدانی ئایینی وەک ئەرکێکی ئایینی ئاسمانی وەکوو ئەوەی لە لەشکری ئیسلام لە ژێر ناوی فەتح یا شەڕەکانی خاچ بە دی دەکرێت. دوای ساڵەکانی ١٤٥٥ زایینی بەدواوە دۆزینەوەی خاکی نوێ لە لایەن ئسپانیا و پورتغال بووە هۆی داگیر کردنی ئەو خاکە نوێیانە و توندو تیژی

بەرانبەر بە خەڵکانی ئەو ناوچانە، دواتر بەکارهێنانی سامانی ئەو وڵاتانە بووە هۆکاری کێبەرکێی نێوان وڵاتانی داگیرکەر، هەروەها داگیرکارییەکانی ئۆرووپا بە مەبەستی دابینکردنی پێداویستییەکانی پیشەسازی خۆیان لە جۆرەکانی تری داگیرکاری لە کات و ساتی جیاواز دا هەژمار دەکرێت. هەمووی ئەو داگیرکاریانە توندوتیژی بەرانبەر بە خەڵکی ناوچە لێکەوتوتەوەو دواتریش بەرەنگاری داگیرکراوان بۆ ڕزگاری بەردەوام بووە تا بە ئامانج گەیشتوون.

ئەوەی لە ئێران دا بە درێژای مێژووی بەرانبەر بە کورد و کوردستان کردویەتی داگیرکاری بە هەموو جۆرەکانە، واتە داگیرکردنی خاک زیاتر کردنی ناوچەی ژێر کاریگەری خۆیان، دزینی سەروەت و سامان هەروەها کەڵکوەرگرتن لە کوردستان وەک دیوارێک بۆ پاراستنی خۆیان بووە. تەنانەت لە کتێبی "عقل سیاسی ایرانیها و هویت خواهی کردها"ئاماژە بە دروستبوونی ئێران بە هەموو شوناسەکەی لە ئینکارکردنی شوناسی کوردی دا بووە کە لەو بارەیەوە بە ڕوونی دەڵێ" حەقیقەتی ئاوەزی سیاسی ئێرانی لە ملهوریەکەی دایە حەقیقەت و ڕاستی ملهوری ئێرانیش ڕەگی لە دەسەڵاتی گەلی فارس بە دژی ماد دا هەیە". کە واتە داگیرکردنی کوردستان ڕەگی لە چۆنیەتی تێڕوانینی ئەوان بۆ کورد و کوردستان وەک بەشێک لە خاکی بێگانە کە لە پاراستنی ئەوان دا گرینگیەکی زۆری هەیە لێدەکەوێتەوە. بەڵام هیچ کاتێک بە درێژای مێژوومان داگیرکاری ئەوان لە لایەن کوردەوە قەبول نەکراوە، ئەو هەموو شۆڕشە بەرانبەر بە دەسەڵاتی ناوەندی لە مادەوە تا ئەمڕۆ بەڵگەیە

بۆ ئەوەی کوردەکان ئەگەر لە چوارچێوەی تیئوریەکی دیاریکراویش نەبێتیش وەک هەڵسوکەوتێکی لەخۆوەش بێت هیچ کات ئەو دەسەڵاتەیان قەبول نەکردوە. لە هەمان کاتدا ئەوانیش هیچ کات ترسی خۆیان لە کورد بۆ یەک چرکەش نەشاردۆتەوە تەنانەت لە هێندێک ماوەی مێژوویدا چارەسەریان لە نەهێشتنی کورد لە کوردستان و گواستنەوەی بە زۆری بۆ قوڵای خاکی فارسیان دیتۆتەوە گواستنەوەی کوردەکان لە ئورمیە و بۆ خوراسان جێگیرکردنی هۆزی ئەفشار لە سەردەمی سەفەوییەکان دەکەوێتە ئەو چوارچێوەیە.

دەبێ چ سیحرێک بێت دوای ئەو هەموو ساڵە ئەگەر سەروەری لە خاکی خۆشمان بە دەست نەبووبێ بەڵام سەروەری ئەوانی ترمان قەبوڵ نەکردوە، ئەگەر ئەوان زیاتر سەرکوتیان کردبێت ئێمە زیاتر سەرمان هەڵداوەتەوە، ئەگەر ئەوان مێژوو، ناو، شوناسی ئێمەیان کردبێتە ئامانج بۆ نەهێشتن و سڕینەوەی ئێمە وەک ئەوەی لە خوێن و ژنتیکی خۆماندا بۆ نەوەکانی دواتر بگوازینەوە هەر بەردەوامین لە ڕاسان و بەرخودان. سەرەڕای دزین و لە نێو بردن و بەپێچەوانە کردنی مێژووی نەتەوەکەمان بۆ نەهێشتنی شوناسمان ئەمڕۆ زیاتر لە هەموو کات هەستمان بە شوناسمان زیاترە.

ئەگەر بە دیاریکراوی باسی ئەمڕۆ بکەین لێکدانەوەیەک بۆ تێڕوانینی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە نیسبەت کوردەوە بکەین دەبینین لێکچونێکی زۆری نێوان تێڕوانینی کۆماری ئیسلامی و مێژووی ٢٥٠٠ ساڵی ڕابردوودا هەیە.

له یەکەم قوناغدا له سەرەتایی شۆڕشی گەلانی ئێران کورد ویستی داخوازەکانی له ڕێگەی دانوستاندن داوا بکات سەرەڕای ئەوەی که خاکی خۆی له ژێر دەستدا بوو، بەڵام وەڵام به ئینکارکردنی کورد و تەنانەت فەتوای خومینی به دژی کوردەکان لێکەوتەوە، که دیتمان چۆن له هەموو هێزێکی بۆ سەرکوت کردنی کوردەکان کەڵک وەرگرت. ئەو سیاسەته به درێژایی چل ساڵەی ڕابردوو بەردەوام بوون تەنانەت وەک پیشەی سەدان ساڵەی ئێرانییەکان ڕێبەرانی کورد به فێل له سەر مێزی گفتگۆ له لایەن ئێرانەوە تیرۆر کران.

ئێستا کوردستان وەک یەکەیەکی جوغرافی ڕەت دەکرێتەوە بەڵکوو دابەشکردنی بۆ چەند یەکەیەکی بچوکی جیاواز بۆ سرینەوەی یەکگرتووی خاک وەک جۆریک بەردەوامی سیاسەتی ڕێژیمەکانی پێشوو بەردەوامە، نوێترین نمونەی ئەو سیاسەته هەوڵدان بۆ دروستکردنی پارێزگای موکریان بۆ دابڕاندنی به تەواوی ئورمیه و شارەکانی تر له کوردستان. یا پێشگیری کردن به تەواوی له پێدانی دەسەڵات به کورد تەنانەت ئەگەر به کرێگیراوی خۆشیان بێت. ملیتاریزه کردنی کوردستان سەیرکردنی وەک پادگانێکی لەشکری، بەڕێوەبردنی ئەمنیەتی کوردستان بابەتگەلێکی تری حاشاهەڵناگری دۆخی کوردستانه.

له هەمان کات به درێژای ئەو چل ساڵه وێرای دژایەتی خوێندن به زمانی دایک به دەیان هەزار ملیارد بۆ شێواندنی زمان و پێناسەکردنی وەک زمانێکی ژێر دەستەی زمانی فارسی خەرج کردوە، له هەر شوێنکیش که زمان پەرەی پێدرا بێت یا نەیتوانیوه

پێشی پێ بگریت یا بۆ شاردنەوەی سیاسەتی ملهۆری خۆی کەڵکی لێوەرگرتوە.

دزینــی ســامانی مێــژووی و ئــابووری وڵات بەکارهێنــانی نــاوچە کوردنشینەکان بۆ ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکانی تری ئێران بابەتێکی تری ڕوونی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامین، چونکە ئەگەر سەیر بکەیــن کوردســتان لە ڕووی بەرهەمهێنــانی جوتیــاری و پتانســیلی گەشتیاری و بازرگانی لە ڕێزبەندی یەکەم دان، بەڵام لە وەبەرهێنان دا لە ڕێزبەنــدی کۆتــایی دا دێــن. لە مەعــدەن و هێــزی مرۆڤــی و هەڵکەوتە جوگرافی وەکو دراوسێی وڵاتان بوون پتانسیلی گەورەی وەبەرهێنــان و بازرگــانی شــوێنێکی تایبەتیــان هەیە. بەڵام لە هەبــونی یەکەی پیشەسازی بچوک و گەورە لە ڕێزبەندی کۆتایی دان.

پارێزگای کرماشان و ئیلام بە ئەنباری دەخڵ و دانی هەموو ئێران هەژمــار دەکــرێن بەڵام بــۆ کەڵکــوەرگرتن و پێشنەخســتنی کەرتــی کشتوکاڵ لە ڕیزبەندی ئاخیر دا دێن.

بە سەدان نمونەی تر کە دەسەلمێنێت ئەوەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەرحەق بە کوردستان لە ڕووی ئابووری دەیکات دەوڵەتە داگیــــرکەرە ئەوروپاییەکــــان لە ســــەدەی نــــۆزدە بە دژی وڵاتە داگیرکراوەکانیــان نەکــردوە. تەنــانەت چــۆن پێشخســتنی کەرت پیشەسازی ئەوروپا پێویستی بە پێترۆلی و سەرچاوەی خاوی وڵاتە دەگیرکراوەکانیان هەبوو بە هەمان شێوە و زیاتر ئێران بۆ بەردەوامی ژیانی پێویستی بە ئاوی کوردستان هەیە و لە بەرنامەی دا بە تاڵان بردنی ئەو ئاوە بە نرخی وشک کردنی کوردستان و ئاوەدانکردنەوەی

ناوچەکـانی ئێـران هەیە. لە تەنیشـت هەمـووی ئەوانە سیاسـتی ئاسیملەکردنی باشووری زاگرۆس بە دروستکردنی دیـوارێکی بە هێز جیـاکردنەوەی بەهەمـوو شـێوەی لە بەشـەکانی تـری کوردسـتان بە کەڵکـوەرگرتن لە سـۆزی ئـایینی بەشـێکی دانەبـڕاو لە سیاسـەتەکانی ئەوانە، لە نێـوان سیاسـەتی دەوڵەتـی عوسـمانی لە سـەردەمی سەفەوییەکان بۆ کەڵک وەرگرتن لە سوونی بونی ئەو بەشە لە کورد بە دژی سـەفەوی شـیعە، کە بـووە هـۆی هێنـدێک سـەرکەوتنی دەوڵەتی عوسمانی و سیاسەتی کۆماری ئیسلامی بۆ کەڵکـوەرگرتن لە شیعەبوونی کوردەکانی باشـوری زاگـرۆس بە دژی کوردەکانی تـر و جـوداکردنەوەی ئەو بەشـە لە خـاکی کوردسـتان دا لێکچـوونیکی زۆر هەیە.

کە واتە ئێسـتا کوردسـتان لە چوارچێـوەی سـنووری ئێـران بە گـوێرەی هەمـوو پێوەرەکـان داگیـر کـراوە، هەر بـۆیەش تەنیـا ڕزگـارکردنی لە دەسـت داگیـرکەر چارەسـەری کۆتـاییە و سـەرەتای ئەو چارەسەریەش بەرجەستە کردنی ئەو شێوە تیفکرینەیە سەبارەت بە دەوڵەتی ناوەندی، تەنیا کاتێک نەبێ کە ئەو ئەسڵە کە لە پەیرە و ئەساسـنامەی حیـزبیش کە لە سـەرەوە ئاماژەمـان پێـدا واتە " بـۆ نەتەوەی کـورد، گرینـگ ئەوەیە لە سـەر خـاکی خـۆی سـەروەر بـێ." بێـتە دی. نەخشـە ڕێگـای هـاتنە دی ئەو ئەسلەش خـۆی لە ڕاسـان دەبینتەوە.

## ڕاسان

ڕاسان وەک وشەیەک ئەگەر سەیر بکرێت وەک دووبارە هەستانەوە یا خۆ ئامادە کردن بۆ لێدان مانا دەکرێت، بەڵام ئەمڕۆ زیاتر لە مانای وشەکەی ئەو بابەتەی کە لە خۆ دەگرێت بۆ ئێمە گرینگی هەیە، چوونکە بە بیستنی جوڵانەوەیەکی تری گەلەکەمان لە مێشکمان دا وێنە دەکات.

سەرەتا دەمهەوێ ئەو بابەتە شی بکەمەوە ئەوەی ئەمڕۆ لە چوارچێوەی ڕاسان دا دەکرێت لە جەوهەر دا جیاوازیەکی لە گەڵ هەموو شۆڕشەکانی کورد بە درێژای مێژووی ڕابردوومان نییە، چوونکە جەوهەری هەمووی ئەو شۆڕشانە دابینکردنی ماف و لابردنی دەسەڵاتی داگیرکەر و نارەوا لە سەر کورد و کوردستان یا بە جۆریکی تر گەڕانەوەی سەروەریە بۆ کورد لە کوردستان. واتە ئەوەی ئەمیرخانی برادۆست لە سەرهەڵدان و بەرخۆدانی قەڵای دەمدەم دا کردی، ئەوەی لە شۆرشی شێخ عوبەیدولا ڕوویدا، ئەوەی سمکۆی شکاک داوای دەکرد، یا ئەو گۆڕانکاریانەی کە لە دروستبوونی حیزبی دێموکرات دا هاتنە ئاڕاوە، یا دامەزراندنی کۆماری کوردستان و دەسەڵاتی کورد لە سەرەتای شۆڕشی گەلان، هەر کامەیان بە جۆرێک ڕاسانی سەردەمی خۆیان بوون، چونکە هەرکامیان دووبارە هەستانەوەیەک بوون بە نیسبەت شۆڕشی پێش خۆیان، تەنانەت دەتوانرێت سەرەتاکەی بۆ ماد و بەرگری استیاگ لە بەرانبەر کورش دا بگەڕێندریتەوە. تەنانەت هەر کام لە شۆڕشەکانی پێشدا وەک هۆکارێکی تری بۆ ڕاسانەوە هەژمار کراوە.

لێرەدا سەیری وتاری پێشەواقازی لە ڕۆژی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان بکەین بە ڕوونی دەردەکەوێ کە چۆن هەر یەک لەو شۆڕشانە داینەموی هاتنە ئارای شۆڕشەکانی دوای خۆشیانن پێشەوا لە وتارەکەی دا دەفەرمێ "کورد لە قەدیم ڕا هەزاران پادشا وحوکمدار و تشکیلاتیان هەبوە، هەر لەم کوردستانی ازادی ایستادا بنەمالی امرای مکری کە سەر سلسلەی ئەوان امیر سیفاالدین-سارم بگ-شیخ حیدر- امیربگ- امیر پاشا- تا دەگاتە قبادخان بە دەسەلات و قودرتەوە حکومەتیان کردوە".[2] واتە درێژەی پەیوەندیدار بوونی حکوومەت و شۆڕشە یەک لە دوا یەکەکان لە هۆکارەکانی مانەوەی کورد بووە تا ئێستا. پێشەوا لە بەشێکی تری گرینگی وتارەکەی بۆ ڕۆژێکی وا گرینگ دا دەفەرمێ" میرە گەورەیان کوشتوە بابان سەریهەلداوە، بابانیان بێ دەنگ کردون اردلان بلیند بو، ئەوانیان لە عرضی داوە بتلیسی برز بونەوە و هەزاری دیکەی وەک ئەوان."[3] هەر بۆیەش **هەر شۆڕشێکی کورد ڕاسانی سەردەمی خۆی بووە و ڕاسانی ئەمجارەشمان هەستانەوەیەکە وەک شۆڕشەکانی پێش ئێستا دا.** لە پەیامی نەورۆزی بەڕێز مستەفا هیجری سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە نەورۆزی ١٣٩٥ هەتاوی کە  بە دەستپێکی ڕاگەیاندراوی هەستانەوەی نوێی گەلەکەمان کە دواتر بە ڕاسان ناسرا دەزانرێت ئەو ڕستانە هاتوون "پەیامی ئێمە لە جێژنی نەورۆزدا ئەوەیە کە دەنگ و توانامان لە شاخ و شاردا ڕێکبخەین بۆ پێکهێنانی هێزێکی پتەوی چارەنووسساز

که ژیانێکی نوێمان بۆ بنووسێتەوە، ژیانێکی دوور لە ملکەچی و بێمافی". ٤

جێگای سەرەنجە هەروەکوو کە لەو ڕستانە دا دەردەکەوێت لە جەوهەر دا ڕاسان هەمان ویست و داخوازی ناخی نەگۆڕاوی کوردە، کە بەردەوامە تا گەیشتن بە ئامانج.

بێ گومان بە گوێرەی کات و هەلومەرجی ڕۆژگار هەر یەک لە ڕاسانەکانی گەلەکەمان جیاوازی و تایبەتمەندی خۆیان هەبووە کە ڕاسانی ئەمجارەشمان بە دەر نیە لەو ڕاستیە دا. بەڵام ئەوەی کە ڕاسانی هەر جارمان دەبێ جیاواز بێت لە ڕاسانی پێشوتر بە مەبەستی ئەوەی کەم و کوڕیەکان ڕاست بکرێنەوە خەسارەکانی شۆرسی ڕابردوو دوبارە نەکرێنەوە پێویستیەکی حاشا هەڵنەگەرە.

تێکەڵکردنی هێزی شاخ و شار بە مەبەستی بە جەماوەریکردنی شۆڕش بۆ سەرخستن دەتوانرێت بە یەکێک لەو نوێگەریانە هەژمار بکەین کە لە گوتاری ڕاسان دا هاتووە و دەبێ لە جێبەجێکردنی ڕاسان دا بەرچاو بگیرێت. بۆ ئەوەی بتوانین ئەو سەنتێزە پراکتیزە بکەین پێویستە ڕاسان لە بەرانبەر داگیرکەردا شی بکەینەوە تا بتوانین ڕوحی ڕاسان واتە دابەشکردنی ئەرکی شۆڕش بە سەر هەموان دا ببەینە نێو ناخی کۆمەڵگادا.

**داینەموی ڕاسان**

لەم بەشە لە نووسینەکەم دا دەمهەوێ باس لە داینەموی ڕاسان واتە حیزبـی دێمـوکراتی کوردسـتانی ئێـران بـکەم، چـوونکە دەستپێکەری ئەو جولانەوەیە ئەم حیزبەیە، هەروەها بۆ بەهێز بوونی ئەو جولەیە ڕۆلەکانی ئەو حیزبە نرخێکی گرانیان واتە شەهید بوونی چەندین پێشمەرگە و فەرماندە و هەروەها ئەندامی ڕێبەرایەتی ئەو حیـزبە، پێشـکەش بە نیشـتمانیان کـردوە. چـوونکە فـاکتی نەهامەتیەکانی ولات بە هـۆی داگیـرکەر ڕوونە، هەروەها ڕاسان بە واتـای شـۆڕش و بەرەنگـاری بەرانـبەر بە داگیـرکەر بە چارەسـەر دەزانـین، هێزێکـی ڕێکخـراو و بەهێـزی وەکـو حیـزب وەک دەستپێکەری ڕاسان هەروەها ئەرکداری بە ئامانج گەیاندنی ڕاسان دەبێت شی بکرێتەوە.

ئەو شی کردنەوەیە بە مەبەستی پەراوێزخستنی گرینگی یەکڕێزی لایەنەکانی کوردی نییە بەڵکوو زۆریش بە گرینگ دەزانم. بەڵام لە کاتێکدا چوارچێوەی ڕێکخراوی حیزب بە جۆرێک بە هۆکاری جیاواز بە کەم یـا زیانبـار دەزانرێـت و لە جەوهەرە سـەرەکیەکەی واتە سەرخستنی خەباتی نەتەوایەتی بە دور نیشان دەدرێت، ئەو باسە بە پێویست دەزانم.

ئەوە بەو مانـایە نیـیە کە حیزبەکـان هەڵەیـان نیـیە بەڵام ئەوە پەیوەندی بە چوارچێوەی حیـزب نییە بەڵکوو پێیوەندی بە جـۆری حیزبایەتی هێندێک کاراکتەری نێو حیزب هەیە کە دەتوانێ حیـزب وەک دامەزرێـنەری کۆمـاری کوردسـتان نیشـان بـدات یـا بە

شێوەیەکی تر. لێرەدا هێندێک دێری بابەتێکی تری نوسەری ئەو دێرانە لە ژێر ناوی لە ٧٢ ساڵەی خەبات و تیکۆشان ئەرک و بەرپرسیارەتیەکان بۆ داهاتوو ئاماژە کردن بەو باسە دەهێنم.

حیزب وەک ڕێکخراوێک کە کۆمەڵێک کەسی هاوبیر کۆ دەکاتەوە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ڕێکخراو بۆ گەیشتن بەو ئامانجانەی کە دیاریکراون کار بکەن پێناسە دەکرێت.

ئەلبەتە پێناسەکان لە ڕووی زانستی سیاسی کە لە بیرۆکە و هزری ڕۆژئاوا دا سەرچاوەی گرتوون چ لە شکڵی دێموکراتیک یا کۆمونیست سوسیالیست یا ڕاست و چەپ دا بە گوێرەی بارودۆخی ئەو کۆمەڵگایەنەدا شرۆڤەی بۆ کراوە ئەرک و ماف و بەرپرسیاریەتەکانیشی هەر بە گوێرەی ئەو کۆمەڵگایەنەدا دیاریکراوە هەر بۆیەش ئەگەر بمانهەوێ هەمان پێناسە بەکار بێنین بۆ حیزب لە کوردستانی خۆمان پێم وایە کەم و کوڕی دەبێت ناتوانێ بە تەواوی وەسفی حیزب بکات.

چوونکە لە دیارترین ئەرکی حیزبەکانی دونیای ڕۆژئاوا دەتوانین ئاماژە بە کاریگەری لە دەسەڵات و بەشداری لە هەڵبژاردن بۆ گەیشتن بە بەڕێوەبەری وڵات واتە دەسەڵات بکەین.

حیزب لە کوردستان دا شرۆڤەی جیاوازتری بۆ ئەرک و کاری هەیە، چونکە حیزب لە کۆمەڵگای ئێمەدا ئەرکی ڕێخستنی هێز و وزەی کۆمەڵگا بۆ دژایەتی و بگرە ڕووخاندنی دەسەڵاتی ملهوریە، تا لەو ڕێگەیە گەیشتن بە بچووکترین مافەکانی هەر مرۆڤێک بۆ کۆمەڵگاکەمان دابین بکەن.

لێـرەدایە حیـزب لە چوارچێـوەی تیـۆری و زانسـتیەکەی لـەگەڵ ئەوەی کە وەک واقعێــک بە نــاوی حیــزب لە کوردســتاندا هەیە هێنــدێک جیــاوازی بنەڕەتــی پەیــدا دەکــات.  کە ئەو جیــاوازییە بنەڕەتییە کاریگەری لە سەر شێوازی کارکردن و حیزبایەتی کردن دادەنێـت بـێ هەزم کردنـی ئەو مەقـولەیە کـار کـردن لەحیزبـدا لە کوردستان دا ئەستەمە.

هەر بـۆیەش ڕوانـگەی ئـێمە بـۆ حیـزب لە کوردسـتان دەبـێ زۆر جیـاواز تـر بێـت لەو چوارچێـوە زانسـتیە، گەورەتـرین بەڵـگە بـۆ ئەو قسەیە ئەوەیە حیزب لە کوردستان مانایەکی پیرۆزی پـێ بەخشـراوە ئەو پیرۆزیەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەرکی پیرۆز و گەورە کە دابینکردنـی ماف و ئازادی و تەنانەت دابینکردنی مافی نەتەوایەتی بۆ پێشگیری لە جینوساید و کۆمەڵکوژی نەتەوەییە.

ئەرکی حیزب ڕێخستنی هێزی بەرەنگاری لە چوارچێـوەی شـۆڕش بۆ گەیشتن بەو ئامانجانەیە، هەر بۆیەش کارکردن لەو حیزبانەدا بە مانـای فیـداکاری و گیـانبەختکردن دێـت، لێـرە دایە چەمکـی حیـزب شوێنێکی تایبەتی لە کۆمەڵگای کوردی پەیدا دەکات.

ئەگەر لەحیزبێکـی ڕۆژئـاوای کـارکردن بێـت لە هەڵبژاردنێکـدا بـۆ ئەوەی بگەی بەدسەڵات بۆ ئەوەی بەڕێوەبەری وڵات بگریە دەست و ئەو ئەرکە بەشـێکی گرینگـی مانـای حیـزب بێـت، کاراکتەرەکـان ئەنــدام و خەڵــک وەک ئــامراز ســەیری بــکەن، ناتوانرێــت ئەو پیرۆزییەی هەبێت بەڵام کە لە کوردستان دا ئەرکی ڕزگـاری گەلـی هەیە خۆی لە خۆیدا پیرۆزی دەبەخشێت.

پێم وایە **حیزبایەتی لە کوردستان و بەتایبەتی لە حیزبی دیموکرات دا لە جەوهەر دا هەمان کوردایەتی و کوردایەتی لە جەوهەر دا هەمان مرۆڤایەتی واتە دابینکردنی نرخی گەردونی بۆ کۆمەڵگایە.**
ڕاستە ئامرازە بەڵام نەک بۆ گەیشتن بە دەسەڵات لە قۆناغی یەکەمدا بەڵکو دابینکردنی ئازادیە بۆیە ئەو کات لە ئامراز بوون سەرتر دەبێت و دەبێتە شۆڕش.
مەبەست لەو سەنتێزە تێگەیشتنی ڕاسیونالآنەیە بۆ بابەتی حیزبە چوونکە بەو شێوەیە باشتر دەتوانین لە ئەرک و گەیشتن بە ئامانجی حیزبدا سەرکەوتوو بین. ئەوە بەو مانایە نیە ئێمە دەبێ حیزب پیرۆز بکەین و بیکەین بە ئەسلێکی جیاواز بەڵکوو ئامانجەکانی حیزب پیرۆزن وای کردوە کە مانایەکی جیاوازی هەبێت دەبێ ئەو بابەتە بەرچاو بگیرێت بۆ نموونە بەهێزی حیزب بە هێزی شۆڕشی کوردایەتی و مرۆڤایەتییە بە پێچەوانەشی ڕاستە کەواتە دەبێ ئەم ئەسڵە لە نەزەر بگرین.

## کۆبەند

بۆ نیشتمانێکی داگیرکراو ڕاسان باشترین ڕێگەچارەیە، بۆ ڕزگاری و سەرخستنی ڕاسانیش پێویستیمان بە چوارچێوەیەکی ڕێکخراو وەکو حیزب هەیە، کە بەهێز بێت و ئەرکی سەرشانی بۆ سەرخستنی ڕاسان بە باشی ئەنجام بدات. پێویستە داگیرکەر وەک هەیە بناسین و پێناسە بکەین ئەو چەندەش دەتوانین لە هەلسوکەوتی ڕۆژانەی داگیرکەر بە دژی گەل و وڵات ببینین، کاتێک بەرئاوردێک دەکەین

لەگەڵ مێـژوو هەمـان فەلسـەفەی داگیرکاری چەنـدین ساڵەیە کە حکوومەت دەکات، ئەو تێـڕوانینە لە کورد کوێلە دەخوازێـت نەک زیاتر ئەویش بۆ ئەنجامی ئەرکی پێ سپێردراو وەکو پاراستنی سنوور کە لە ڕاستیدا وڵاتـی کوردانە. ڕاسان هەستانەوەیەکە بەرانبەر بەو داگیرکـــاریە بە فەلســـەفەی بەرخـــودان هەر وەکـــوو زۆربەی شۆڕشـەکانی تـر کە لە ڕابـردوو دا بە دژی داگیرکاری بـۆ ژیـانێکی سەربەسـت ئەنجـام دراوە. کەواتە ڕاسـانێکی بەهێـز بـۆ سەرخسـتن ئەرکێکی نەتەوەیە ئەو ئەرکە نەتەوەییە لە لایەن حیزبی دێمـوکراتی کوردسـتانی ئێـرانەوە دەسـت پێکـراوەو بەردەوامە. کەواتە ڕۆڵـی ئەو حیـزبە دەبـێ بە گـرینگیەوە سـەیر بکرێـت وەک ڕۆڵێکـی نەتەوەیـی سـەیر بکرێـت و هەوڵـی هەمـوو لایەنە دەبـێ بـۆ بەهێزکردنـی ئەو چوارچیـــوەیە بـــدرێت. کەواتە ســـەرکەوتن لە ڕاســـانی گەل بەدژی داگیرکەر کە حیزبی دێموکرات دەستی پێکردوە دایە.

**پەراوێزەکان**

١-عقل سیاسی ایرانیها و هویت خواهی کردها ١١٠

٢- کۆماری کوردستان حامید گەوهەری١٩٦

٣- هەمان سەرچاوە سەرەوە

٤- پەیامی بەرێز مستەفا هیجری بۆ نەورۆزی ١٣٩٥ کوردستان میدیا

تیشک

# هێز و وزەی خەباتی نەتەوەیی ڕزگاریخواز
# بە
# پشتبەستن بە بزووتنەوەی خوێندکاری

ئیسماعیل زوورمەند

هەر نەتەوەیەک ژێر دەست، بۆ ڕزگاری و گەیشتن بە مافەکانی، کۆمەڵێک هێز و وزەی تێدایە کە دەکرێ بە باشترین شێوە کەڵکیان بۆ ڕزگاری نەتەوەیی لێوەرگیری. نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەلاتی ناڤیندا، یەکێک لەو نەتەوانەیە کە بە درێژایی مێژوو مافی پێشێلکراوە (بێجگە لە هەرێمی کوردستانی عێراق کە بە هێندێک لە مافەکانی گەیشتووە). بە درێژایی مێژووی بزووتنەوەی نەتەوەی کورد بۆ گەیشتن بە مافەکانی، بوونی ئەحزاب و ڕێکخراوە نەتەوەییەکان گەورەترین و بەهێزترین وزەی خەباتی نەتەوەیی بوون بە تایبەت ئەو حیزب و ڕیکخراوانەی کە بەردەوام بەرژەوەندی نەتەوەییان پێش بەرژەوەندی حیزبی خستووە. لە سایەی بوون و تێکۆشانی ئەو حیزبە نەتەوەیی و دیمۆکراتانە بووە کە خەبات بۆ گەیشتن بە مافەکانمان درێژەی بووە و هەیە و نەوە بە نەوە دەستاودەست کراوە. هاوکات لەگەڵ بوونی حیزبە نەتەوەییەکان لە بەشە جیاجیاکانی کوردستان، لە ناو کۆمەڵگای کوردی، کەسایەتی بەرچاومان هەبوو کە سەر بە هیچ حیزب و ریێکخراوەیەک نەبووە بەڵام خۆی وەک کەسایەتێکی سەربەخۆ لە راستای بەرژەوەندی نەتەوەکەی خۆی دا هەنگاوی هەڵێناوە و بووەتە سامانێکی نەتەوەیی و شانازی پێوەدەکەین. جا ئەو کەسایەتی، کەسێکی سیاسی بێت یا کۆمەڵایەتی، هونەری، ئەدەبی، شاعیر و نووسەر، لێکۆڵەر و هتد.

کاتێک باس لە وزە و هێزی خەباتی نەتەوەیی دەکەین ناکرێ چاوپۆشی یا باس لە بەدیهاتنی هێندێک ماف لە بەشەکانی دیکە کوردستان دا نەکەین. باشووری کوردستان یەکێک لەو بەشانەی کوردستان بووە کە چ لە سەردەمی خودموختاری و چ لە سەردەمی فیدرالیزم لە عێراق دا، ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاریگەری لە سەر بووژانەی هەستی نەتەوەیی لە بەشەکانی‌تری کوردستان دا بووە. ئەگەر سەردەمانێک بۆ هینانە گۆڕێی پرسی کورد لەگەڵ وڵاتانی دیکە ڕێگایەکی زۆرت گرتبا بەر و خۆت گەیاندا وڵاتانی ئۆروپا و ئامریکا، ئەمرۆکە کەم کەم وڵات دەبینین لە هەرێمی کوردستانی عێراق، کونسوول و نوێنەری نەبێت ئاگاداری دوزی کورد نەبێت. ئەمڕۆکە دەبینین بە هەر سەرکەوتنێکی کورد لە هەر بەشێکی کوردستان، کوردەکانی بەشەکانی‌تر خۆشحاڵ (بەرێوەچوونی سەرکەوتووانەی ریفراندۆم) و بە شکستەکەیان پەرۆش و غەمبارن (کارەساتی ۱۶ ئۆکتبر).

مێژووی خەباتی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە دژی ڕێژیمە داگیرکەرەکاندا، مێژوویەکی پرشنگدار بووە و لەو پێناوەشدا تێچووی زۆرمان داوە و ئەو نرخەش تاکوو ئێستا دریژەی هەیە و لە داهاتووش دا هەر دەیبێ. جیا لە حیزب و ڕێکخراوە نەتەوەییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی ئێران، لە نێوخۆی کوردستانی ئێران، بزووتنەوەکانی خوێندکاری، ژنان، لاوان، کرێکاری، یەکیەتییەکانی مامۆستایان قوتابخانە و ئایینی، NGOکانی ئەدەبی، کلتووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی، فێرگەکانی وانەی زمانی کوردی و

کەسـایەتییەکانی نەتـەوەیی و هتـد... کۆمـەڵێک وزە و هێـزن کـە دەتوانن بۆ ڕزگاری نەتەوەکەمان لە ژێر دەستی داگیرکەری ئێستای کۆماری ئیسلامیی ئێران کەڵکی لێوەرگیرێ.

ئـەوەی لـەم بابەتـەدا دەمانهـەوێ باسـی بکـەین بزووتنـەوەی خوێنـدکاری وەک وزەیـەکی خـەباتی نەتـەوەیی ڕزگاریخوازییـە. خوێندکار وەک کاراکتێرێکی ناو بزووتنەوەی خوێندکاری، کۆمـەڵێک تایبەتمەنـدی هەیـە کـە لـە بزووتنـەوەکانی دیکـە جیـای دەکاتـەوە. هێنـدێک لـەو تایبەتمەندییانـە بـریتین لـە: لاوێتـی، سـەڵتی، بـوون و بەشداری هەر دوو ڕەگەزی (کچ و کوڕ)، نەترس، ئارمـانخواز، ئاگاه، پرسـیارخولقێن، گوتـار و دروشـمی نـوێ (ئـازادی، دێموکراسـی، مـافی مـرۆڤ، مـافی ژنـان، کۆمـەڵگای مـەدەنی)، لێکۆڵـەر و ڕەخنـەگر. ئـەم تایبەتمەندییانە دەبێتە هۆی ئەوە کە ئەم بزووتنەوەیە لە شێواز، کار، هەڵوێست و ڕوانین بەرامبەر بە پرسەکان و ڕووداکـان خوێندنـەوە و هەڵوێستی جیاوازی بێت و کەش و هەوایـەکی تایبـەت دەدا بـە ئـەم بزووتنەوە کۆمەڵایەتی. گرینگی بزووتنەوی خوێندکاری لەوە دایە کە زۆر جـار ئـەم بزووتنەوەیـە، ڕۆڵـی سـەرەکی و بناغـەداڕێژراوی بـۆ بزووتنەوەکانی دیکەی کۆمەڵایەتی بووە و چالاکیی خوێندکاری دوای تەواوبوونی ئەم قوناغە لە چالاکی، تێکەڵ بە بزووتنەوەکانی دیکـە بـە پێی پێویست بووە و لە چالاکی دانابڕێ.

ئاوڕدانەوەیەکی کورت بـە سـەر مێـژووی بزوتنـەوەی خوێنـدکارانی کورد لە کوردستانی ئێران دا، بۆمان دەردەخا کە خوێندکارانی کورد تا ئەو جێگایەی بۆیان گونجاوە لە بزوتنەوەکە دا بەشدارییان کردووە

و دوای تـــەواوبوون لـــە زانکـــۆش پێوەنـــدییان لەگـــەڵ زانکـــۆ و بزووتنەوەکانی دیکە هەبووە. یەکێک لە گرینگترین و سەرەکیترین پرس و پرسیارێک کە هەر خوێندکارێکی کورد دوای چوونە زانکۆ بۆی دێتە پێش، پرسی ناسنامە و نەتەوەیە. بە چوونە ناو زانکۆ دەبینی کە پێکهاتەیەک لە خوێندکارەکانی نەتەوەکانی دیکەی ئێران وەک تورکی ئازەری، فارس، عەرەب، بلوچ لە دەوری یەک و لە ناو یەک زانکۆ دا کۆ بوونەتەوە و هاوکلاسیەکانت هەوڵین پرسیاری کە ئاڕاستەت دەکەن ئەوەیە کە خەڵکی کام بەشی ئیرانی؟ لێرەدایە پرســی ناســنامە و نەوتــەوە دێتــە پێشــێ و خوێنــدکاریش بــەو تایبەتمەندییانەی کە هەیەتی، بە داواچوونی و لێکۆڵینەوە بۆ دەکا و و بە دوای ئەوە، سەدان پرسیاریتری بۆ دێتە پێشێ و  لێرەدایە کە خوێنــدکاری کــورد هاوکــات لەگــەڵ ویســتە ڕەوا و ســینفیەکانی خوێنــدکاری. پرســی ناســنامە یــەکێک لــە گرینگتــرین پرســەکانی دەوەرەی خوێندکاری دەبێت. خوێندکاری کورد لە سەرەتادا  بۆی دەردەکەوێ کە لە یەکێک لە گرینگرترین مافەکانی وەک خوێندن بە زمانی دایکی لە پێشووتر (سەردەمی قوتابخانە) و ئێستاکە لە زانکۆ بێبەش کراوە. هەروەها لەم قۆناغەدا  دەزانێ ئەویش وەک ســەرجەم نەتــەوەکانی دیکــە، خــاوەن هــەموو تایبەتمەندییــەکی نەتەوەییە وەک خاک، کولتوور، وێژە، مێژوو، ئاڵا و سروود و هتد. خوێندکاری کورد لەو قۆناغە لە ژیان و لە تەمەنی خوێندکاری دا هەســت بــەوە دەکــا کــە لــە لایــەن حکوومــەتی ناوەنــدەوە مــافی نەتەوەکەی پێشێل دەکرێ و لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە حاکمییەت لە

فکری ژینۆسایدکردنی دایە. بە سەرەنجدانە بە ئەوانە و کار و چالاکییەکانی خوێندکارانی کورد لە زانکۆکانی ئێران، دەتوانین بڵێین بزووتنەوەی خوێندکاری، بزووتنەوەیەکی نەتەوەییە کە خوێندکار لە دەورانی خوێندندا داکۆکی لە نەتەوەبوون و مافەکانی نەتەوەکەی دەکا و بۆ بەدیهاتنی ئەو مافانە تێدەکۆشێ.

بزووتنەوەی خوێندکاری لە خەبات و بووژانەوەی هەستی نەتەوەیی ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە. ڕابردوو پێمان دەڵێ زۆربەرەی هەر زۆری ئەو سکرتێر و تێکۆشەرانەی ئێستا و ڕابردووی خەباتی نەتەوەیی لە ئەحزابی کوردستانی ئیراندا، چالاکی و تێکۆشانیان بۆ ڕزگاری نەتەوەیی لە زانکۆ ڕا دەست پێکردووە و زانکۆ ڕۆڵی سەرەکی لە پێگەیاندنی ئەوان هەبووە. یەکێک لەو خوێندکارانە، ئیسماعیل شریفزادە خوێندکاریکی کوردی زانکۆی تاران بووە کە بۆ داکۆکی لە مافی نەتەوەکەی دوای تێکۆشانێکی زۆر لە زانکۆ، پێوەست بە ڕیزەکانی حیزبی دێمۆکرات دەبێ و بە دژی ڕێژیمی پاشایاتی، چەکی بەرگری لە کەرامەت و شەرافەتی نەتەوەیی هەڵدەگرێ و لە ئاکام دا تێکەڵ بە کاروانی شەهیدان دەبێت. لە خۆبردوویی و خۆنەویستی شەهید ئیسماعیل شریفزادە بۆتە هۆی ئەوە کە ئێستاکە ئەو کەسایەتییە وەک هێمای بزووتنەوەی خوێندکاری بناسرێ و هەر بەم بۆنەوە یەکیەتیی خوێندکارنی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ڕۆژی ١٢ی بانەمەڕی، ڕۆژی شەهیدبوونی ئیسماعیل شریفزادە بکاتە ڕۆژی خوێندکاری کورد.

لـە دوای هاتنەسـەرکاری ڕێژیمـی کۆمـاری ئیسـلامی، هـەر لـە سەرەتاوە، ڕێـژیم بـە تـەواوی لـە هـەوڵی ئـەو دابـوو دەست بـە سـەر زانکۆ دا بگرێ و لە هەموو بوارێکەوە بیخاتە ژێر ڕکێفی خۆی و هەر بـە بۆنـەوە یەکـەم، دەسـتی بـە نـاو شۆڕشـی فەرهـەنگی کـردوو و لـە لایەکی دیکەوە ناوەندە ئەمنییەتیەکانی (حراست) لە زانکۆ دا جێگیـر کرد. لە دەیەی یەکەمی حاکمییەتی ئـەم ڕێژیمـە خوێنـدکاری کـورد دەبا لە فیلتێری ئەمنییـەتی (گزینش) ڕێـژیم دەرچووبا جا توانیبـات بچێ ناو زانکۆ و ئامانجی لەو کارەش ئـەوە بـوو کـە کەسانێک بچنـە ناو زانکۆ کە ڕێژیم متمانەیان پێبکا و دوای تەواوکردنی زانکـۆش لـە ئایدۆلۆژیای وڵایـەتی فـەقێ بتوێنـەوە کـە ئێسـتاکە دەبینـین هـەمووی ئەو هەوڵانە لەگەڵ شکست ڕووبەرو بوون و بوونە بڵقی سەر ئاو. لـە دەیــەی دووهــەمی حاکمییــەتی ئــەم ڕێژیمــە بــە هــۆی هێنــدێک ئاڵوگۆڕی نێوخۆیی و دەرەکی ڕێژیمیش ناچـار بـوو هێنـدێک ئـاڵوگۆر بە سەر خۆی دا بێنێ. لە سەرەتای دەیەی حەفتای هەتاوی بەو لاوە ئێمـە بینیمـان کـە ڕێژەیـەکی بـەرچاو لـە گـەنجانی کـورد چوونـە زانکۆکـان و لــە لایــەکی دیکــەوە هێنــدێک زانکــۆ لــە شــارەکانی کوردستان دامەزاران و ئەوە بـووە هـۆی ئـەوە کـە ڕۆژ بـە دوای ڕۆژ ڕێژەی خوێندکاری کورد لـە زانکـۆ دا بچێتـە سـەرێ. چوونـە سـەری ڕێژەی خوێندکاری کورد لە زانکۆکان بووە هۆی ئـەوە کـە یەکـەم: بەرەبـەرە لـە بەشـێکی زۆر لـە زانکۆکـان، کـانوون و ئیتحادیـەکانی خوێندکاری کورد دابمەزرێ، دەرچوونی گۆڤار و ڕۆژنامـەی کـوردی، ئامووزشی زمـانی کـوردی، ڕێوڕەسم و بۆنـەی نەتـەوەیی، ڕێوڕەسمی

بـەخێرهاتنی خوێنـدکارانی تازەهـاتوو بـۆ زانکـۆ (مراسـم معارفـە)، ڕێوەڕسمی ڕێزگرتن لە شەهیدانی هەڵەبجە، بانگهێشتی نووسـەران و شاعیرانی نەتەوەیی بۆ زانکۆ لە بۆنە جۆراوجۆرەکان و دەیان چالاکی دیکە لە زانکۆکاندا بەڕیوەبچێ کە هەمووی ئەوانە دەرخـەری ئـەوەن خوێنـدکارنی کـورد لـە زانکـۆ لـە پـەنا خوێنـدنی زانسـتی و پسـپۆڕی تایبەت بە خۆیان، لـە بووژانـەوەی هەستی نەتـەوەیی و تێکۆشـان بـۆ وەدیهـاتنی مافـەکانی نەتـەوەیی غافـڵ نـەبن و هاوکـات لـە دەرووەی ئێـرانیش لــە سـاڵی ١٣٨٣ ی هــەتاوی یەکیــەتیی خوێنــدکارانی دێموکراتی کوردستانی ئیران دامەزرا.

لێـرەدا پێویسـتە ئاماژەیـەکی کـورت بـە یـەکێک لـە گرینگرتـرین ڕێوڕەسمەکانی کـە لـە دوو دەیـەی ڕابـردوودا بـەردەوام لـە زۆربـەی زانکۆکــان بــەڕێوەچوو بکــەم، ئــەویش ڕێوڕەســمی بــەرزڕاگرتنی شـەهیدانی هەڵەبجـە بـووە. خوێنـدکاری کـوردی ئیـران وشـیارانە و زیرەکانە بە ڕێزگرتن لەو ڕۆژە ویستوویەتی چەندین پەیام بگـەیـەنێ کە گرینگ‌ترینیان ئەوە بوو کە ئێمەی کورد ئەگەرچی لە نـاو چەنـد وڵاتـدا دابـەش کـراوین بـەڵام یـەک نەتـەوەین و دەرد و ئـازار و مەینـەتی ئـەوان ئـی ئێمەیشـە، دووهـەم لـەو ڕێوڕەسمەدا ئاراستەی گوتار دژ بە کۆماری ئیسلامیئ ئێران بوو و بـەردەوام لـە نووسـراو و ڕاگەیەنــدراوەکانی خوێنــدکاری دا هــاتووە کــە ڕاســتە ڕێژیمــی جینایەتکاری سەدام حسێن پتر لە ٥ هەزار کەسی لە چەند چرکەدا ژینۆسـایەد کـرد بـەڵام ئـەوەی کـە سـەدام بـە سـەر کوردەکـانی باشـووری کوردسـتانی هێنـا لـە بەشـەکانی‌تری کوردسـتان و یـەک

لەوان لە ئیرانی ژیر دەسەڵاتی ڕێژیمی سەرەڕۆی کۆماری ئیسلامیی ئیران بە شێوازێکی‌تر دەکردرێ وەک ژینۆسایدی کولتووری، سپی (تووشبوونی لاوان بە مادده هۆشبەرەکان، مێژوویی( دزین و لە ناوبردنی ئاسەواری مێژوویی کوردستان)، و...

شەهیدبوونی چەندین خوێندکاری کورد وەک ئیبراهیم لوتفوڵایی و کیانووش ئاسا و محەممەد جەوادی پەرەنداخ....هتد، دەست بەسەرگرتن، زیندانیکردن و دەربەدەری سەدان خوێندکاری کورد دەرخەری ئەوەن کە بزوتنەوەی خویندکاری کورد بزووتنەوەیەکی زیندوویە ئەگەرچی لە هێندێک بازەی زەمانی دا هەوراز و نشێوی بە خۆوە بینیوە بەڵام ئەم بزوتنەوەیە بزووتنەوەیەکی زیندوویە و خوێندکارانی کورد تا ئەو جیگایە لە دەستیان هاتووە لە چالاکی بەردەوام بوون.

بە سەرەنجدان بە پێکهاتەی فرەنەتەوەی ئێران و ئەوەی کە کورد لە نێوان ئەم نەتەوانەدا لە بواری حەشیمەتە سێهەمە، هیج بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی و ڕێکخراوەیی ناتوانرێ بە تەنیا ڕزگاریدەری نیشتمان بێت. هەر بەو پێیە بزووتنەوەی خوێندکاری وەک یەکێک لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان تا ڕادەیەکی بەرچاو ڕۆڵی بە باشی گیڕاوە. ئەمڕۆکە دەبینین بەشێکی بەرچاو لە نووسەران و ڕۆژنامەوانانی ئەمڕۆی کوردستان، سەرۆکی بەشێکی زۆر لە ڕێکخراو و NGO کانی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بوونی سەدان کەسایەتی و چالاکی مەدەنی و سیاسی چ وەک سەربەخۆ، چ لە ناو ئەحزابی سیاسی و هتد، چالاکییەکانیان لە زانکۆ

ڕا دەست پێکردووە و لە لایەکی دیکەوە بەردەوام بوون کار و چالاکییەکان لە زانکۆ دا بوو (ئەگەرچی بینیومانە هێندیک جار تووشی سستی و ڕاوەستان دەبێت) بۆ وێنە کاتێک بنکەیەکی ئەدەبی، کلتووری، کۆمەڵایەتی خوێندکاری لە زانکۆ دادەمەزرێ بۆ ساڵیانێکی زۆر، خوێندکارانی تازە و دەرچوو بۆ زانکۆ درێژە بە کار و چالاکی لەو بنکە خوێندکاریانەدا دەدەن کە دەرخەری زیندووبوونی بزووتنەوەی خوێندکارییە. لە کۆتاییدا و بە بۆچوونی من، بە سەرەنجدان بە گوتارەکانی ناو بزووتنەوەی خوێندکاری و ئەو شرۆڤەی کە لە سەرێ ئاماژەمان پێدا، دەتوانین بە بزووتنەوەی خوێندکاری وەک هێز و وزەی خەباتی نەتەوەیی ڕزگاریخواز پشت ببەستین.

# مرۆڤناسی کوردی

# و

# هزری خەباتی نەتەوەیی ڕزگاریخواز

هادی عەزیزی

ئەم وتارە، زیاتر شیکاری ڕۆڵی تاکەکەسە، کە وەک پرەنسیب و زانستی کۆمەڵناسی و مرۆڤناسی شرۆڤە دەکرێت و وەک گونجاندنی هەمان زانست، بە پێی نەریتی کۆمەڵگای کوردی و ژیۆپۆلتیکی کوردستان، تا ڕادەیەک جۆرێک لە بەرپرسیارەتی و لە ئەستۆ گرتنی ئەرک، بەرەوڕووی تاک لە کۆمەڵگای بندەستی کوردستاندا، دەکاتەوە.

وەک مێژووی خەباتە یەک لە دوای یەکەکانی سەد ساڵی ڕابردووی کوردستان، بە هۆی نەبوونی خوێندنگەی زانستی لە جاران و نەبوونی تەکنۆلۆژیای پەیوەندی، سەرهەڵدانی بیری نەتەوایەتی لە حوجرە و مزگەوتەوە سەریهەڵداوە و سەرەڕای ئاستەنگ و دابڕانی ناوچەکانی کوردستان، بناغەیەکی بەهێزی کوردایەتی دارشتووە کە هەتا کورد مابێ، بوونی ئەو سەرکردانە وەک کاریزما کە خۆیان فیدای نەتەوەکەیان کردووە، پلەیەکی زێڕینی بە بەرپرسیاریەتی لە خەبات بە تاکی کورد دەبەخشێت، کە لە ناویاندا پێشەوا قازی محەممەد، شێخ سەعید، ئێحسان نووری پاشا، سمکۆی شکاک، شێخ مەحموود، عەلی شێری قۆچگری، جەجۆخان لە کوردانی خۆراسان، میر عەبدولعەزیز کوردی لە کوردەکانی پاکستان، سەید ڕەزا دەرسیم و هتد....جێگەیان دیارە. بەڵام، ئەو ڕاپەڕین و خەباتانەی ناومان برد، سەرەڕای پرشنگداریان وەک بناغە و ئەساس بێ کەم و

کورڕیش نەبوون، ئەگینا ئێستا دۆخی کورد لە جێگە و پێگەیەکی دیکە دەبوو.

بەشێکی ئەو ڕەخنە و کەم و کورییانە، لە ڕێگەی زانستی مرۆڤناسی کوردییەوە چارەسەر دەکرێ و دەکرێ چارەسەریش لە هەمان ڕێگەوە بدۆزینەوە.

هەبوونی تاکی بەهێز و ڕانەکردوو لە کۆمەڵگای کوردیدا، کە بتوانێ بەرپرسیارەتی لە ئەستۆ بگرێت، تووشی لێکدانەوەی قووڵمان دەکات و تا ڕادەیەکیش متمانەی مانەوەی "کوردایەتی" لە هەمان کۆمەڵگادا پێمان دەبەخشێ. ئەوەیکە لێرە جێگەی سەرەنجە ئەوەیە کە نابێ و ناکرێ مرۆڤی کورد، وەک خودی زانستە گشتییە ئانالیز و شرۆڤە بکرێت، بەڵکوو بە هێنانە ئارای "فەلسەفەی نەتەوەی بندەست و دەروونناسی نەتەوەی بندەست" دەتوانین لقێک لە زۆربەی زانستە مرۆڤناسی و کۆمەڵناسی و سیاسییەکان بۆ کورد تەرخان بکەین، هەتا دۆخی مرۆڤی نەتەوەی بندەست لە نەتەوەی سەردەست جیا بکەینەوە، کە ئەوەش دەبێ بە "مرۆڤناسی کوردی" یان " ئانترۆپۆلۆژیای کوردی" ناودێر بکەین.

مرۆڤناسی کوردی بە پێی پێوەر و زانستییەکەی، دۆخی مرۆڤی کورد لە هەر پارچەیەک و پەیوەست بە هاڕینی فەرهەنگی و زوڵم و زۆری داگیرکەر شی دەکاتەوە و بە پێی نەریتی هەمان پارچەی بندەست، خاڵە بەهێز و لاوازەکانی مرۆڤی کورد، دیاری دەکات و هاوکات وەک جیاکرنەوەی کوردی بەهێز و کوردی بێ هێز، ئەرک

و پلان و بەرنامەی تاکی کورد، لە ژیانی ڕۆژانەدا و قازانجی بۆ داهاتوو و کۆمەڵگای کوردی دیاری دەکات.

لە ساڵەکانی شەستی زایینی ڕابردوودا، کاتێک کە بیرۆکەی چەپ پێ دەنێتە کوردستانەوە، لێدوان و قسە و گفتگۆی شرۆڤەکاران و سیاسەتمەدارانی کورد، زیاتر بە دەستەواژەگەلێک وەک کۆمەڵگای کوردی، کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، جەماوەری کوردستان و هتد، بەرەوڕووی کوردستان دەبۆوە و لە خودی مەکتەبە چەپەکاندا، ناوهێنانی بە تاکی مرۆڤی کورد، بە جۆرێک وایاندانابوو کە ئەمە تەعبیری بیری بورژوازی دەکا، هەر بۆیە تا ڕادەیەکی زۆر و قووڵ نەبوونەوەی ئەو گوتارانە ئێمەی تووشی نەهامەتی زیاتر و وەدرەنگ کەوتنی کاتی ئازادی و هەموو بەشەکانی کوردستان کردووە.

هەر لەو سەدەیەدا، لە دوای سەرهەڵدانی شۆڕشی هزری مرۆڤناسی، زانستی کۆمەڵناسی تووشی گیر و گرفت دەبێت و تاک وەکوو، دەورگێڕ و کاراکتری بزۆز و نەسرەوتوو، ڕۆڵی خۆی دیاری دەکات و تاکی ناکارامە لە تاکی بەهێز بە جێدەمێنێت. لەو دۆخە نوێیەدا، ئەو تاکانەی کۆمەڵگا تووشی دارمان دەکەن دیارن و هەروەها ئەو تاکانە هۆکاری پێشکەوتنی کۆمەڵگا، دیسان ڕۆڵیان لە بەرچاوە.کەوابوو بە پێچەوانەی فۆرمولیتە کۆنەکە، لێرەدا تەڕ و وشک پێکەوە ناسووتێ.

لەم زانستە نوێیە کە مرۆڤناسی کوردی بێت، تاکی خاوەن کردار و بەهێز، تێچووی زەمان و پێڕاگەییشتن بۆ سەرکەوتن لە سەر شانی

بزووتنەوە کەم دەکاتەوە و خێرایی زیاتر بە مکانیزمی بەرەو ئازادی دەبەخشێت.

ئەوەی ئێستا گرینگە، چۆن دەکرێت تاکی کورد بە پێی هێز و پتانسییەلی خۆی قازانج بکرێت کەلە خۆیەوە، هەتا کۆمەڵگا و تەنانەت داهاتووش سوودی لێ وەرگرن؟

ئایا ئەو جۆرە تاکانە بوونیان هەیە یا خود دەبێ درووست بکرێن؟

وەڵامی ئەو پرسیارانە وەک سەرەتایەک، ئەوەمان پێ دەسەلمێنێ، کە لە هەر دوو جۆرە مرۆڤەکە لە کۆمەڵگای کوردیدا، هەن. تاکی بەهێز هەیە و دەبێ ئاکادمی بکرێتەوە و دووهەمیان کە بێ کارایە، دەبێ درووست بکرێت.(درووستکردن و داتاشین جیاوازە، بۆ نموونە حیزبی کوردی هەیە، بە ناوی ژنی ئازاد، لە ژن پیاوی داتاشیوە، کە ئەمە پەروەردە ناگرێتەوە).

لە ڕابردوودا بە هۆی چاولێکردنی کۆمەڵگا وەک پانتایی کۆمەڵناسی، ئێمە نەماندەتوانی تەڕ و وشک لێک بکەینەوە، هەر بۆیە مرۆڤی کارا و ناکارامە پێکەوە تێکەڵ دەبوون. هەر بۆیە لێک جیانەکردنەوەیان تێچووی زۆری دەخستە سەر شانی حیزبێک، یان پێشڕەوێک یان تاقمێکی ڕۆشنبیری و پلان و بەرنامەکە زیاتر لە ڕادەی چاوەڕوان نەکراو خاو دەبۆوە.

لە کۆتاییدا،ئەوەیکە لێرەدا گرینگە، ئەوەیە کە مرۆڤناسی کوردی دەتوانێ، بە ناسینی تاکەکەسی بەهێز و کارامە و قازانجکردنی ئەوان بۆ ڕێگەی پیرۆزی ئازادی نەتەوایەتی، بە جۆرێک لە هەر لقێک و پیشەیەکدا تووشی بەرپرسیارەتی نەتەوەیی و ویژدانیان بکات و

هاوکات هەمان کەس، لە کۆڕ و بازنەی بچووک بچووکدا، دەتوانن تاکەکانی دەوروبەریان وشیار بکەنەوە و هاوکات لە گەڵ قازانج کردنی ئەوان، هەم کاتی و زەمەنی ڕزگاری یەکجارەکی نزیک ببێتەوە و هەمیش لە هەمووی گرینگتر، تێچووی ماددی و مرۆیی بۆ شۆڕش و بزووتنەوە کەم بکاتەوە، کە لە دینامیک و درێژخایەندا تووشی کۆمەڵگایەکی بەرپرسیار و خاوەن وزە و خاوەن هزری ئازادی و ئاشتی دەبین.

Tishk 47

گۆڤاری  تیشک لەسەر ئینتێرنێت

http://www.kurdistanmedia.com

E- mail:
tishk_mag@yahoo.com
tishkmagg@gmail.com

کۆمیسیۆنی پەروەردەی
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەریدەکا